# کارەکەر

گەلاوێژ

# کارەکەر

نووسینی: گەلاوێژ

| |
| --- |
| کارەکەر |
| نووسینی: گەلاوێژ |
| بابەت: نۆڤلێت |
| چاپ: چاپی نوێ / سلێمانی/ ٢٠١٨ |
| تیراژ: ١٠٠٠ دانە |

هەستە دایکەکەم دەی، درەنگە:

گوڵە جووڵایەوە و خۆی هەڵگێڕایەوە سەر لایەکەی تری، پێخەوەکەی بە چاکی لە خۆی ئاڵاندەوە و خۆی گرمۆڵە کرد، بە تایبەتی کە دونیا زۆر سارد بوو و خەوەکەی زۆر خۆش بوو، لەبەر ئەوە هەر گورج نوستەوە، وای زانی ئەو دەنگ و قسەیە خەوە.

ئەوەندەی پێ نەچوو مەلیحە خان لە دەموچاوشتن هاتەوە، هێشتا بە تەواوی خۆی کۆ نەکردبووەوە و خەریکی قۆڵ و فەقیانەکانی بوو کە کردی بە ژوورەکدا و ئەم جارە بە دەنگێکی بەرزتر گوتی: ئەیەڕۆ ئەوە هێشتا هەڵنەستاوی؟ هەستە کچم هەستە، ئێستە منداڵەکان هەڵدەستن دەچن بۆ مەکتەب، دەبێ شتیان بۆ حازر بکەین و ئاگرەکەیان بۆ بکەینەوە، چونکە دونیا زۆر ساردە. دەستێکی برد بۆ پەتووەکەی سەر گوڵە، لای برد و گوتی: دەی دەی درەنگە، هەستە. گوڵەی نەگبەت چاوی کردەوە و دیسانەوە چاوی لێک نایەوە، بەڵام مەلیحە خان ماوەی نەدایەوە و چەند جارێکی تر بانگی کردەوە، ئەم جارە تۆزێ بە تووڕەبوونەوە گوتی حەی، خەوی چەند قورسە، ئەوە لەکەیەوە بانگی دەکەم!

گوڵە هەڵسا، دانیشت و دەستی برد بۆ دەموچاوی، بەڵام خەو هەر بەری نەدەدا. بە دانیشتنەوە دوو سێ باوێشکی دا و وردەوردە چاوی کرایەوە، چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا و تاوەکو بەینێک بیری

نەکەوتەوە کە ئەمە کوێیە و ئەو چی دەکات لێرە و بۆچی لێ ناگەڕێن بۆ خۆی بنوێت، منالّی چی و ئاگرکردنەوەی چی! ئەی ئەم ژنە کێیە؟ ژنی ساحێب مالّیش هەر دەهات و دەچوو، لەپڕ پەلاماریکی دەدا.

گولّە هاتە هۆش خۆی و بیری کەوتەوە ئەمە ئەو مالّەیە ئەمشەو لەگەل باوکی هاتن بۆ ئێرە، ئەوەندە کفتی ڕێگە بوو، لە ناو ئوتومبێلدا ئەوەندە دلّی تێک چووبوو و ڕشابووەوە، هەر زوو ئاگای لە خۆی نەمابوو و نوستبوو، ئەی باوکی کوا؟

ژنەکە گەیشتەوە سەری و گوتی: دەی دایکەکەم، نوێنەکانت بپێچەرەوە، لەو پەنایە دایان بنێ و بڕۆ زۆپاکان پڕ بکەرەوە، دەی گیانە دەی، درەنگە. پێشی کەوت و بردیە ئەوپەڕی ئەو حەوشە گەورەیە و بەرمیلە نەوتەکەی پیشان دا و گوتی: دەی تاوەکو دێمەوە، ئەم دوو زۆپایە پڕ بکە و بیهێنەوە ئەو ژوورە. ژنەکە شووشەی شیری بە دەستەوە بوو، دیار بوو کە دەیبرد بۆ منالّە شیرەخۆرەکەی.

گولّە بە دیار تەنەکە و بەرمیل و گالۆن و زۆپاکانەوە دانیشت و هەردوو دەستی خستبووە بن هەنگلّی و چۆقەی ددانی دەهات، هەرچەند دەیکرد، گالۆنە نەوتەکەی بۆ هەلّنەدەگیرا و سەرقاپی جێی تێکردنی نەوتی زۆپاکانی بۆ نەدەکرایەوە، چونکە زۆر سارد بوو توانای پێ نەدەشکا، دوایی بە هەر حالّێک بوو، زۆپایەکی پڕ کرد و خەریکی ئەوی تر بوو، ئەویشی بە هەزار قوڕبەسەری پڕ کردەوە و لە دەستی دەرچوو و هەندێ نەوتیشی ڕشت.

هەستایە سەر پێ و دەستی دایە زۆپا عەلادینەکە و هەولّی دا کە هەلّی بگرێت و بیباتە ئەو ژوورەی کە ژنەکە پێی گوتبوو. گولّە گوڕی دایە خۆی، زۆپاکەی هەلّبڕی و دەستی بەرز کردەوە تاکو زۆپاکە بەرز بکاتەوە و بەر ئەرز نەکەوێت، چونکە بالآی خۆشی ئەوەندە و نیوێکی عەلادینەکە دەبوو، هەرچۆنێک بوو، لە دوای ئەوەی چەند جارێک کێشای بە قاچ و قولیدا و چەند جاریش قەراغی زۆپا چەقییە

ورگ و کەلەکەی، ئاخری گەیشتە ژوورەکە و دای نا. مەلیحە خان هات و دای گیرساند و گوتی: ئەیەڕۆ ئەمە بۆ پەڕۆیەکت پیادا نەهێناوە، هەمووی هەر نەوتە، پەڕۆیەکی دایە دەستی و گوتی: لەمەودوا کە پڕت کردن، ئاوەها بیانسڕەوە تاکو بۆنی نەوتیان لێ نەیەت و فەرشەکان پیس نەبن.

گوڵە گوتی باشە و چۆنی پێ وتبوو وای کرد.

مەلیحە خان وتی دە بڕۆ ئەوی تریش بێنەوە، دەی گیانە دەی. ئەویش چوو. دیسان وەکو ئەوی تری بەسەر هات و بردیە ئەو شوێنەی کە پێی گوت. بەڵام زۆر داماو بوو، یەکەم ڕۆژی بوو ئەم ماڵە ببینێ و هەر چاوی دەگێڕا بۆ باوکی و نەیدەوێرا قسە بکات و بپرسێت.

ژنی ساحێب ماڵ لێی پرسی: ئەوە چیتە وا دەلەرزی، سەرماتە؟ قەیناکا با منداڵەکان خواحافیزیان بێت بچن بۆ مەکتەب، ئێستە جلی گەرمت دەدەمێ، جلەکانت زۆر تەنکن.

گوڵە دەیویست بچێتە سەرئاو و تۆزێ دەموچاوی تەڕ بکات بەشکم خەوەکە بەری بدات، بەڵام هەرچەندە کردی، نەیوێرا بڵێت بچم بۆ کوێ و جێی سەرئاو و تەوالێت لە کوێیە.

منداڵ یەک لە دوای یەک لە خەو هەستان، کوڕ و کچێک چواردە و شانزە ساڵ بوون، کچێکیشی هەر بەقەد گوڵە دە ساڵە و کوڕێکیشی حەوت ساڵە بوو، هەستان و کردیان بە گرموهوڕ، ئەمیان دەیقیژاند و ئەوی تر تووڕە بوو و شەقی لە جانتا و شت هەڵدەدا، کچە گەورەکە دەیوت هیچ ناخۆم، براکەی شەڕی دەکرد و دەیوت هێلکەکەم زۆر کوڵاوە، دایکیان بەساقەی ئەم و بە حەیرانی ئەو دەبوو و باوکیان بە پەلە هەستا و ئەویش خەریکی خۆی بوو، خەریکی گەراج و ئۆتۆمبیلەکەی بوو کە منداڵەکان ببات بۆ مەکتەبەکانیان و خۆشی بچێتە سەر ئیشەکەی.

گوڵەی داماویش چاوی زەق بوو، خۆی کزۆڵە کردبوو و لە پەنا دەرگاکە ڕاوەستابوو، ئەمیان دەهات بەری دەکەوت، ئەویان دەچوو

دەرگاکەی پیادا دەکێشا، ئەویان تووڕە دەبوو و دەیگوت لە سەر ڕێگەکەمان لاچۆ، بۆ چاوت نابینیٚ؟ دە لاچۆ لە ڕێگەکەمان، چاوت نابینیٚ؟

هەرچۆنێک بوو، منالٚ حازر بوون، شوێن باوکیان کەوتن، سواری ئۆتۆمبیل بوون و ڕۆیشتن.

مەلیحە خان هاتەوە ژووریٚ و دانیشت و خەریکی نان و بەرچایی بوو، بەشی گوڵەشی دا و گوتی دەی گیانە، نانەکەت بخۆ ئینجا با بکەوینە سەر ئیشەکەمان.

گوڵە هەر دەلەرزی، ئەویش بانگی کردە لای ئاگرەکە و گوتی لێرە نانەکەت بخۆ. دیارە گوڵە زۆری بۆ هاتبوو، چاری نەما و بە کەساسییەکەوە ڕووی کردە مەلیحە خان و گوتی ئاودەست لە کوێیە؟ ئەویش ئیشارەتی بۆ کرد و گوتی لەوێیە، بەڵام پیسی نەکەیت، ئاوت لە لایە، جوان خۆت پاک بکەیتەوە و ئاودەستەکەش ئاوی پیادا بکەیت و دەستت پاک بشۆ، ئینجا وەرەوە.

گوڵە بە هەڵەداوان چوو ئیشی خۆی جێبەجیٚ کرد و دەستوپلی شت، گەڕایەوە و چووە لای ئاگرەکە، چاوێکی گێڕا و بە ساویلکەییەکی زۆر منالانە وتی باوکم هێشتا نوستووە؟ لە کویٚ نوستووە؟

مەلیحە خان گازێکی لە پارووەکەی گرت و بە گوپی پڕەوە گوتی باوکت؟ باوکت ڕۆیشت، گەڕایەوە بۆ خانەقین، تۆ ئیتر لێرە دەبیت و دەبی بە کچی ئێمە، ئیتر لەم ماڵە خۆشە دەبیت و جلی جوانت بۆ دەکەم.

گوڵە پیاڵە چایەکەی تێک دا و قوڕگی پڕ بوو لە گریان، گوتی ئەی باوکم کەی دێتەوە؟ ئەویش لێرە دەبێت؟

ژنەکە وتی دوایی دێت سەرت لیٚ دەدا، پێم گوتووە زوو زوو بێت بۆ لات. مەلیحە خان هەستی کرد گوڵە خەریکە بگری، دڵی پڕ بووە بۆ باوکی و ناڕەحەتە بۆی، بۆیە ڕووی تیٚ کرد و گوتی ئێرە ئەوەندە

خۆشە ئینجا بە ئۆتۆمبیل دەچین بۆ گەڕان و شتی جوانت بۆ دەکڕم، ئێرە زۆر خۆشە و شارێکی گەورەیە.

گوڵە دەستی دایە پارچە نانەکەی بەردەمی و چاویشی پڕ ببوو لە فرمێسک، شەرمی دەکرد کە نەوەکو بداتە هاڕەی گریان، دەیویست لە بیری خۆی بەرێتەوە، بۆیە هەر گورج دەستی برد بۆ چاوی و فرمێسکەکانی سڕییەوە و گوتی دەزانم ئێرە پێی دەڵێن بەغدا.

مەلیحە خان ویستی تۆزێک دڵی بداتەوە و بە قسەی خۆش باوکی لە بیر بەرێتەوە، گوتی: هەی ئافەرین کچی باش، هەر ئێستە هەڵدەستم و جلی جوانت بۆ دەهێنم. هەستایە سەر پێ و چوو لە ناو کەنتۆری منداڵەکان کراسێکی بازەی ئەستوور و بلوز و چاکەتێکی بۆ هێنا، کردیە بەری و گوتی: ها سەیری خۆت کە لە ئاوێنەکەدا، بزانە چەند جوان بوویت، ئەمە چییە، هیی جوانتریشت بۆ دەهێنم. کچەکەش تۆزێک دڵی خۆش بوو بوو هەر دەستی بۆ سەروپرچی دەبرد.

نیوەڕۆ منالان لە مەکتەب گەڕانەوە، هەریەکەیان چووە ژوورێک و شتەکانی بە لایەکدا هەڵدەدا و هاتن بۆ نانخواردن، ئەمیش دەهات و دەچوو، دایکی منالەکان شتی پێ دەهێنا و دەیبرد، ئەویش لەژێرەوە سەیری منالەکانی دەکرد و زەردەخەنە دەیگرت، بە تایبەتی لەگەڵ کچەکەی کە هاوعومری بوو، ئەوەندەی پێ نەچوو کەوتنە قسە و پێکەنین لەگەڵ یەک، وردەوردە گوڵە خەریک دەبوو ڕابێت.

بۆ بەیانیی داهاتوو زۆر باشتر بوو، ئەگەرچی دیسان خەو هەر بەری نەدەدا، چونکە پێش منالەکان بە سەعاتێک هەڵیان دەساند تاکو ئاگر و نان و شتیان بۆ حازر بکات. ئێوارانیش دەبوو دوای نوستنی منالەکان بە دوو سەعاتێک بنوێت. ئەو بەیانییەش دیسان منالان چوونەوە بۆ مەکتەب و دایکیان دانیشت و بانگی گوڵەی کرد کە هەندێ ئسوڵ و مەعریفەتی فێر بکات و ناوی منالەکانی پێ بڵێت کە چۆنیان بانگ بکات و کە بە کچە گەورەکەی بڵێت (چرا خان)، بە کچە هاوعومرەکەی خۆی بڵێت (چیمەن خان)، بە کوڕە چواردە ساڵەکەی

که ناوی بەختیارە بڵێت (کاکە پاشا)، بە کوڕە حەوت ساڵەکەی کە ناوی ڕزگارە بڵێت (کاکە ئاغا)، بە خۆی بڵێت خانم، بە مێردەکەی بڵێت (ئاغای گەورە) و بە دایکی بڵێت (دایە خان).

هەرچۆنێک بوو، گوڵەی قوڕبەسەر زۆر شڵەژا و هەر لە ژێر لێوەوە دەیگوت و لەپی دەستی پان کردبووەوە و بە دەستەکەی تری پەنجە بچکۆلەکانی دەنوشتاندەوە و دەیگوت (چرا خان)، (کاکە پاشا) نە نە... نە نە، گەورەکە کاکە پاشایە، ئەوی تر کاکە ئاغایە و دایە خان، نە وانییە، دیسانەوە سەرلەنوێ دەستی پێ دەکردەوە و دەستە زەعیفە بچکۆلەکەی پان دەکردەوە و پەنجەکانی دەنوشتاندەوە و کاکە پاشا و کاکە ئاغا و خانم و ئاغای گەورە و چیمەن و چرا و لۆکس و گڵۆپی دەژمارد، بەڵام دیار بوو هەر لێی تێک دەچوو و دەگەڕایەوە سەری و لێی بوو بە قۆرتێکی گەورە.

تاکو بوو بە ئێوارە و شەو. خانم چەندین جار هەر پێی دەگوت ئیتر تۆ بووی بە کچی ئێمە، بە شان و باڵە کزۆڵەکانیدا هەڵی دەدا و هانی دەدا کە زیاتر پەلاماری ئیشەکان بدات و بەو سەرمایە بەو دەست و پەنجە سیس و بێهێزانەی بەر دەرگا و پشت دەرگا و ئاودەست و حەوشە پاک بکاتەوە و زبڵ و پیسییەکانی بۆ کۆ بکاتەوە.

کە شەویش دادەهات، هەتا درەنگیش ئەم بانگی دەکرد و ئەو ڕای دەکێشا و جار دەبوو بچێت مناڵە شیرەخۆرەکەشی ڕاژەنێت و بە دیاریەوە بێت بۆ ئەوەی دایکی بچێت بۆ حەمام یا خۆی بگۆڕێت یا نان بخوات یا سەیری تەلەفزیۆن کات. زۆر جار بە دیار جۆلانە و بێشکەکەشەوە خەوی لێ دەکەوت و هەندێ جاریش لە گەرمەی ناوچەوانی دادەچڵەکی و خەبەری دەبووەوە کە لەپڕ جۆلانەکە لە وەختی ڕاژەندندا کە خەو دەیبردەوە، بەر دەموچاوی دەکەوت. ئیتر هەرچۆنێک بوو، ئاخری دەیاننارد کە بنوێت و بەیانیانیش وا شەوەکی هەڵیان دەساند.

شەوێک چووە ناو جێگەکەیەوە بنوێت، خۆشی نەیزانی کە چۆن بوو ماوەی هەبوو بیرێک بکاتەوە، چونکە شەوانی تر ئەوەندە خەوی

دەهـات، هەتـا تـاقەتی نەدەبـوو نوێنەکانیشـی ڕابخـات. یەک دوو شـەو هەروا وەکو گێژ کەوتبـوو و نیوەشـەو لە سـەرمادا خەبەری ببـووەوە کە وا بە ڕووتی نوستووە و ئەوەندەی خەو هـاتووە، پێی نەکراوە کە جێگـەکەی چـاک بکـاتەوە و بچێـتە نـاوی. بەڵام ئەوە شـەوە مـاوەی هەبوو کە پێش نوستن بیرێک بکاتەوە.

ئەم ژنە دەڵێت ئیتر بوویت بە کچمـان؟ ئەی کوا، بـۆچی وەکو کچـی ئەو لەو ژووره و لە سـەر ئەو جێگـە بـاش و خۆشـە نـانووم؟ ئەی بۆچی منیش نانێرن بۆ مەکتەب؟ ئەگەر وەکو کچی ئەوم، ئەی بۆچی نـانە باشـەکە دەدات بە مناڵەکـانی و بـۆچی پاشـماوەکەیان دەدات بە من؟ وەڵڵا تێ ناگەم.

گـوڵە بەو منـاڵییـەی خـۆیەوە تـێ گەیشـتبوو کە وا نییە وەکو ئەم ژنە دەڵێت و ئەم و منـاڵەکانی ئەو ئەرز و ئاسمانیان فەرقە.

***

شـەو دوای نـانخواردن و هەمـوو شـتێک، منـاڵەکـان بـڵاو بـوونەوە، هەندێکیان زوو نوستن و ئەوانی تـر خەریکی دەرس بـوون. (خـانم) و (ئاغـای گەورە) وەکـو گـوڵە پێـی دەگـوتن، لە هـۆڵە گەرموگـوڕە خۆشەکەیان دانیشـتبوون و سـەیری تەلەفزیۆنیـان دەکرد. زۆر نەبـوو خـانم منـاڵە بچکـۆلەکەی نوانـدبوو و گـوڵەی بە دیـار جـۆلانەکەوە دانـــابوو کە ڕای بژەنێـــت تـــاکو بە باشـــی خەوی لـــێ بکەوێـــت. مێردەکەشـی لە سـەر قەنەفەیەکـی نەرم و خـۆش پـاڵی دابـووەوە و پێکێکـی بچکۆلەشـی لە بەردەمیـدا دانـابوو، باسـی خـۆی بـۆ ژنەکەی دەکرد کە ئەمڕۆ چەند هیلاک بووە، چۆن هەمـوو لەشـی تێک شـکاوە و لە دائیرەکان هەموو سەرقاڵ بووبوون، چونکە میوانی بێگانەیان بـۆ هاتووە، وەفدێکی چەند کەسین و سبەی شەو درەنگ دێتەوە، چـونکە لە ئوتێل بەغدا دەعوەتیان بۆ کردوون. ئەوانیش دەعوەتیان کـردین کە چوار مانگی تر وەفدێکی ئێمەش بچێ بۆ لایان، کابرا ڕاست بووەوە و دانیشـت و گـوتی سـەفەرێکی خـۆش دەبێـت، ژنەکەی بە شـەوقێکەوە

ڕاپەڕی و گوتی بە خوا بەبێ من ناچی، مێردەکەی قومێکی لە پەرداخەکەی دا و پێکەنیی و گوتی: کچێ تۆی چی؟ وەفدی ڕەسمییە و هیی حکومەتە و هەموو پیاون.
ژنەکەی بە مستەکۆڵەی ئەسپایی بەربووە مێردەکەی و گوتی (نەیخۆی تاڵە). ئێستە من هیچ ناکەم دەهێڵم بە تەنیا بچی بۆ (ڕۆما)؟ مێردەکەی قاقای بەرز بووەوە و گوتی خۆ بە کەیفی تۆ نییە، ناچارم دەبێ بڕۆم. دیسانەوە پاڵی دایەوە بە سەر سەرینەکەدا و گوتی لەجیاتیی هاتن، قۆندەرە و جانتای جوانت بۆ دەهێنم.
لەو مشتومڕەدا بوون، مێردەکەی لەپڕ ئەو باسەی گۆڕی و گوتی تۆ جارێ لەوە گەڕێ، خوا گەورەیە تاکو چوار مانگی تر، تۆ جارێ باسی ئەو کچەکەم بۆ بکە، چۆنە؟ هیچ بە کەڵکت هاتووە؟
ژنەکەی پرتەقاڵێکی بە دەستەوە بوو پاکی دەکرد و گوتی وەڵڵا بڵێم چی؟ وا نەبوو وەکو باوکەکەی باسی کردبوو. کوڕە هەموو شتێک دەبێت بەدەم پێی بڵێم. زۆر جار پێی دەڵێم ئەم ژوورە گسک بدە و فێری دەکەم، تاکو ئاوڕ دەدەمەوە، سەیری دەکەم دانیشتووە لەگەڵ منداڵەکان یاری دەکات، یا شتێکی گرتووە بە دەستیەوە و خەریکیەتی و گسکەکەش لەوێدا کەوتووە. مێردەکەی قاقایەکی لێ دا و گوتی کچێ ئاخر قوڕبەسەرە زۆر منداڵە، خوا باوکی بگرێت. کابرا دەستی دایە پێکەکەی و گوتی لە سەرێکەوە باوکی ژنەکەی مردووە و ئەم کچە هەر بە منداڵی بەسەریدا بەجێ ماوە و تاکو گەیاندوویەتیە ئەم عومرە، هەر ڕۆژە لە ماڵی خزمێکی بووە، ئێستە ئیتر کچەکە گەورە بووە و خزمەکانیشی قبوڵیان نەدەکرد و گوتبوویان دەچێتە ئەملاوئەولا و ئێمە مەسئولی نابین و هەقمان نییە، ئەی باوکی چی بکات؟ خۆ نەیدەتوانی بە دیاریەوە دانیشێت، ئەی چیی بخواردایە؟ خۆ دەبوو بچێت کاسبییەک ئیشێک بکات. فەقیرە و دەبێ ڕۆژبەڕۆژ نان پەیدا بکات. منیش ئەوەندەم خەڵک ڕاسپاردبوو بۆ کەسێک، ئیتر کە (غەفور)ی مامم چووبوو بۆ (خانەقین) و هەر زوو لە فەڕاشەکەیەوە

هەواڵی ئەم پیاوە و کچەکەی زانیبوو و ئیتر بەرۆکی بەرنەدان تاکو هێنانی.
ئاغا دەنکەبستەیەکی خستە دەمیەوە و گوتی ئەمە وەڕوێڵکەیە، بۆ بەردەستت باشە. ژنەکەی تریشم هەر واز لێ نەهێناوە و سەری شەفەم کون کردووە ئەوەندە پێی دەڵێم کوا ژنەکە، نەتهێنا، ئەویش دەڵێت بە خوا ئەگەر بە زۆر لەو ماڵەم دەرهێناوە، هەر دەیهێنم بۆتان، جارێ پێشەکی پارەی چەند مانگی وەرگرتووە.
- مەلیحە خان بە نازێکەوە گوتی باشە پارەکە چەندە، ئێمە دەیدەینەوە بە ماڵەکە.
مێردەکەی گوتی: تۆ دەڵێیت چی؟ بۆچی من وام پێ نەگوتووە؟ بەڵام شەفە دەڵێت عەیبە، ماڵەکەش ئاشناین، دوایی نەوەکو بزانن. کابرا پێکەنیی و گوتی ئەوە قسەی پێ ناوێت، هەروا بزانە لە ماڵە. بە خوا شەفە بۆ چەند فلسێک دایکیشی لە باوکی هەڵدەگێڕێتەوە، ئینجا وەرە من قەولی دەستێ جلی چاک و پەنجا دینارم دابێتێ.

***

دوای هەفتەیەک گوڵە خەریک بوو خۆی نەدەناسییەوە، پرچی کوڕانە بڕابوو، جووتێ گوارەی یەکی بەقەد دەنکە نیسکێک کرابووە گوێی، کراسی پاک و تەمیز و چاکەتی خوریی ئەستوور بە شانیدا هاتبووە خوارێ، وەکو مشک تێی کەوتبوو، دیارە چاکەتەکۆنی خانم بووە و قۆڵی هەڵماڵرابوون، وەکو تۆپ بە دەستی ئەهلی ماڵەکەوە بوو ئەم دەیهێنا و ئەو دەیبرد و ئەو دەیقیڕاند بەسەریدا و ئەو دەیشیڕاند.
بەیانییەکیان دوای چوونی منالان بۆ مەکتەب، خانم بانگی گوڵەی کرد و دیسان هەندێ بێگاریی پێ ڕاسپارد، جارێکی تریش بە گیانە و هەی ئافەرین گوڵەی نەگبەتی هان دا و ناردی ئیشەکەی بۆ جێبەجێ بکات.
گوڵە بەهەڵەداوان چوو ڕاسپاردەکانی خانمی بەجێ هێنا و گەڕایەوە نان و چایەکەی بخوات، هێشتا خانم لێ نەببووەوە، مەجەلەیەکی

عەرەبیی گرتبوو بە دەستیەوە لاپەڕەکانی هەڵدەگێڕایەوە و جارجار قومێکی لە چایەکەی دەدا.
گوڵە گەیشتە لای خانم و گوتی:
- خانم لێ بوومەوە.
گوڵە لە سەرمادا دەستوپلی شین و سوور هەڵگەڕابوون، زووزووش لوتی هەڵدەلوشی و دەیسڕییەوە. لە دوای ئەوەی خانم دەسڕێکی دابوویە و پێی گوتبوو کە نابێ لووتی بە قۆڵی کراسەکەی بسڕێت.
خانم بێ ئەوەی چاوی لەسەر مەجەلەکە لابدات، گوتی:
- لێ بوویتەوە؟ هەی ئافەرین، دە وەرە لای زۆپاکەوە، خانم کە هەستی کرد گوڵە زۆر هەڵدەلەرزی و سەرمایەتی، چونکە زۆر لە دەرێ بوو کاتێ بەو سەرمایە بەر دەرگاکەی گسک دەدا و پاکی دەکردەوە، گوتی:
- وەی دایە، چەند سەرمابردەڵەیە.
گوڵە هاتە نزیک زۆپاکەوە، دەستەکانی پان کردەوە و خۆی گەرم کردەوە.
خانم مەجەلەکەی دەستی فڕێ دا و ڕووی کردە گوڵە و گوتی:
- ئەمڕۆ دەچم بۆ (قبوڵ). دەزانی (قبوڵ) چییە؟
گوڵە بە ساویلکەیی منالانەوە پێکەنیی و دەستی خستە سەر دەمی خۆی و دیسان پێکەنییەوە، ئەم جارە هەندێ بە بەرزی گوتی: نازانم چییە و چی بووە.
خانم لەبەر پێکەنین بە گوڵە کە نەیزانیوە (قبوڵ) چییە، هەر دەکولا. سەیرێکی گوڵەی کرد و گوتی: (قبوڵ) ناوی گەڕانێکە هەموو ڕۆژێک دەچنە ماڵێک، وەکو ئێستە من ئەمڕۆ دەچمە ماڵی یەکێک و سبەینێ دەچمە ماڵی یەکێکی تر و ڕۆژێکی تر ماڵێکی تر، دوایی ئەوانیش هەموو کۆ دەبنەوە و ڕۆژێک هەموویان دێنە ماڵی من.
گوڵە گوتی وەڵا باشە، ئەوە خۆشە، ئەگەرچی لە دڵدا زۆرباش تێ دەگەیشت کە چۆن دەبێت، بەڵام هەر زانیی کە ئەمە گەڕان و چوونەماڵانە.

ئەو ڕۆژە خانمی هەر خەریکی حەمام و خەریکی سەر و پرچی بوو، پێش ئەوەش، بە دیار مووکێش و ئاوێنەوە دانیشتبوو. لای سەعات پێنجی ئێوارە خانم خۆیدا لە تەل و جلی کوردیی تروسکوهووڕی لە بەر کرد و ئاڵتوونی زۆری بە خۆیەوە کرد، نەسیحەتی مناڵەکانی کرد و کچە گەورەکەی، کە شانزە ساڵ دەبوو، ڕاسپارد و مێردەکەشی هەڕەشەی دەرس و دەوری لێ کردن کە ئاقڵ بن، ئەگینا وا و وایان لێ دەکات. ئەویش خۆی حازر کرد و لێی دا چوو سواری ئۆتۆمبیل بوو، خانم لە تەنیشتیەوە و بەرەو (بغداد الجدیدة) کەوتنە ڕێ. لەگەڵ مێردەکەی پێکەنیی و کەوتنە قسە و باس و مێردەکەی دەیگوت بیرت نەچێت ڕووت زۆر خۆش بێت لەگەڵ دایکی (باسل)، ئەگەر کرا دەعوەتی بکە بۆ ڕۆژی جومعە و بڵێ ئەبووباسلیش تەشریف بێنێت، بەشکەم ئەمە خوایە ئەو ژنە لێت نزیک بێتەوە. ئینجا زۆر بە شەوق و گەرمییەوە قسەکەی تەواو کرد و گوتی دەزانی ئەگەر ڕای بکێشیت بە لای خۆتدا چی دەبێت؟ یەعنی باوکی باسل دەچێتە گیرفانمانەوە. تۆ نازانیت ئەو ژنە چەند زاڵە بەسەر مێردەکەیدا. دەستی کرد بە قاقالێدان و گوتی زۆر سەیرە، کەس نییە لە دائیرەکەدا کە ئەوە نەزانێت، ئەگەر تەنانەت یەکێک داوای ئیجازەش بکات، هەر ئەوەندەی دیارییەکی باش ببات بۆ (ئوم باسل)، ئیتر تەواو. ئەم جارە سەری بادا و گوتی بە دەتوانێت خوا تەرفیعیشی پێ بکات. ژنەکەش خۆی بەناز دەفرۆشێت و دەیگوت ئەوە لەسەر من، بەڵام چیی لێ سەندم پێت دەبژێرم. مێردەکەشی دەیگوت ئاخر ئەقڵەکەت وایە، باشە من بۆ کێمە بۆ تۆ نەبێت، هەردووکیان دەستیان کرد بە پێکەنین و قسە و باسی تریشیان کرد. گەیشتنە بەر ماڵی ساحێب (قبوڵ)، خانم کردی بە ژووردا، ژووری میوانەکەیان جمەی دەهات لەوانەی جلی کوردی و جلی مۆدەیان لە بەردا بوو. قاوقریشکی ژنە میوانەکان دەگەیشتە سەری کۆڵانەکە ئەوەندە بە بەرزی قسەیان دەکرد و پێدەکەنین. سووراو و سپیاوی دنیایان کردبوو، هیی وا هەبوو هەر ئەودەمە لە

دەلاک و حەلاق و ڕێکخستنی سەروپرچ هاتبووەوە و خواش دەیزانی کە هەقی ئەو خۆناشرینکردنانە چەند لەسەری کەوتبوو، چونکە خۆی زۆر جوانتر دەبوو ئەگەر ئەو پرچەی خۆی وا نەکردایە بە کەپر و یا ئەوی تر ئەگەر نەیکردایە بە قاڵبەکێک. مەلیحە خان سەلامی کرد و ئەوانیش بە گەرمی جوابیان دایەوە، چوو دانیشت و کەوتە دابەشکردنی زەردەخەنە و کەوتە قسە و باس. قسەی جەماعەتیش یەکێ بە چاکی گوێی لێ بگرتایە، هەمووی پڕ بوو لە قسەی هیچوپووچ و خۆهەڵکێشان و مەرایی و درۆ و دووڕوویی لەگەڵ یەک و خۆپیشاندان.

مەلیحە خان هەرچەندە چاوی دەگێڕا، دایکی (باسل) دیار نەبوو و دوو سێ جار لە ژنی خاوەن ماڵەکەی پرسی، ئەویش گوتی وەڵڵا دەبوو بێت، بەڵام هەر دەرنەکەوت. هەرچۆنێک بوو، ئەویش لەگەڵ جەماعەتێک تێکەڵ بوو، هەرچەند ژنێک پێکەوە قسەیان دەکرد و چایان دەخواردەوە و شیرینی و کولیچە و پارووی شفتە و کەبابیان تێ دەگلاند و ئەنواعی میوە و چەرەز و هەموو شتێک لە بەردەمیاندا بوو. هەندێ لە ژنەکان باسی ئیشکەر و کارەکەری خۆیان دەکرد و هەریەکەیان باسێکی حاڵی خۆیان دەگێڕایەوە، باسی ئیشی ماڵ و مناڵ و سەرقاڵی. ئەمیش هاتە جواب و باسی گوڵەی بەسەزمانی بۆ کردن کەوا دە ڕۆژێک دەبێت بۆیان هێناوە، ئەگەرچی باش نازانێت ئیش بکات، بەڵام هەر باشە بۆ بەردەست و باسی چەند کەتنێکی بۆ گێڕانەوە و چۆن هەموو ڕۆژێک قاپێک و پەرداخێکی لە دەست دەکەوێتە خوارێ و زۆر دەستی شڕە و گوێگرەکانیش قاقایان دەنگی دەدایەوە و دەکەوتن بە گازی پشتدا، هەندێکیان ئاگریشیان لە دەستی گوڵە نەگبەت بەردەدا.

مناڵەکان دوای ڕۆیشتنی دایک و باوکیان، کە هێشتا تازە سواری ئۆتۆمبیل ببوون، کەوتنە خۆیان و هەرزوو چیمەن چرپاندی بە گوێی گوڵەدا و دەستەکاغەزی قومارەکەی کە لە پەنا نوێنەکانیەوە

شاردبوویەوە، چوو دەری هێنا دوای ئەوەی (چیمەن)ی هاوعومری دیسانەوە چرپاندی بە گوێیدا، دووبەدوو چوون لە ژوورێک دانیشتن و کەوتنە یاری و دابەشکردنی کاغەز و پێدەکەنین.
نە چیمەن دەرز و کتێبەکانی لە بیر ما و نە گوڵەش ئامۆژگارییەکانی خانم. هێشتا تازە دەستیان پێ کردبوو و ئەوەندەی پێ نەچوو کە کوڕە حەوت ساڵەکە گەیشتە سەریان و گوتی منیش دەیکەم. خوشکی پاڵێکی پێوە نا و گوتی لاچۆ بڕۆ، کوڕەکە پڕی کرد بە کاغەزەکانیدا و خوشکی بە چەپۆک تێی بەربوو، ئەویش پەلاماری دەموچاوی گوڵەی فەقیری دا، باش بوو گوڵە پرچی کورت بوو، ئەگینا پرچی لە بنەوە دەردەهێنا. دەستیان کرد بە قاووقریشک، کوڕەکە گریا و گوڵە گریا و خوشک دەیشیڕاند، کچە گەورەکەش کە هێشتا دایک و باوکی لە ماڵ بوون ئەو تەلەفونی بە دەستەوە بوو و لەگەڵ کچێکی ڕەفیقی قسەی دەکرد و کە کاکە پاشای برای قیڕاندی بەسەریدا و گوتی چرا ئەوە چییە دەنگی مناڵەکان دێت، وا بزانم یەکتریان کوشت ئا بزانە چییە. خوشکی دەستی خستە سەر دەمی تەلەفونەکە و گوتی: بۆ خۆت ناچیت ئیشت چییە؟ کوڕەکەش توورە بوو و قیڕاندی بەسەریدا، گوتی: ئاخر من سەعی دەکەم. تۆ ئەمە سەعاتێکە قسە دەکەیت. خوشکەکەشی گوێی نەدایە و هەر بەین بەین دەستی دەخستە سەر دەمی تەلەفون دەیگوت بچۆ. ئەوە چییە ئەو دەنگەدەنگە، ئاخری کاکە پاشا کە ناوی بەختیار بوو، لە ڕقاندا کتێبەکانی فڕێ دا و بە توورەبوونێکەوە، دوای ئەوەی دوو سێ جنێوی چاکی بە چرا خانی خوشکی دا، ڕای کرد.
بەختیار گەیشتە سەریان، پەلاماری دان لەیەکی کردنەوە، قیڕاندی و گوتی ئەمە چییە؟ ئەمە بۆ وا دەکەن؟ ئەم کاغەزی قومارە چییە؟ ئەمەتان لە کوێ بوو؟ چیمەنی خوشکی گوتی: لای گوڵە بوو هیی من و ئەوە.
گوڵەش لای پەنجەرەی ژوورەکە ڕاوەستابوو، دەگریا و چی چرنووکی کاکە ئاغای حەوت ساڵە بوو بە لێویەوە بوو، هەر بە

پەلکی کراسەکەی دەیسڕی و کە چاوی بە خوێن دەکەوت، زیاتر دەیدایە هاڕەی گریان و هاواری لێ هەڵدەسا، هەرچۆنێک بوو، کوڕەکە برا و خوشکەکەی بردە ژووری لای خۆی و چرا خانیش هێشتا هەر تەلەفونی دەکرد. بەختیاریش بە تووڕەبوونێکەوە چوو تەلەفونەکەی لە دەست سەند و گوتی ئەمە چی بوو دە بەسە. ئەویش تا خوا هێزی دابوویە، چەپۆکێکی پیادا کێشا. ئینجا ئەمان بەربوونە یەک و لە قڕە و دەنگەدەنگ منداڵەکەش خەبەری بوویەوە، ئینجا چرا خان براکەی بەڕەڵا کرد و چوو بۆ گوڵەی قوڕبەسەر، تێروپڕی لێ دا و گوتی هەی عەمرت نەمێنێ، ئەوە گوێت لێ نییە؟ گوڵەش بە پەلەپڕوزێ فرمێسکەکانی سڕییەوە و ڕای کرد بۆ لای منداڵەکە.
دەوری سەعات دوانزەی شەو دایک و باوک گەڕانەوە ماڵێ و چوونە ژوورەوە. ماڵ پەرشوبڵاو، دەفتەر و کتێب و کاغەزی یاری و مەمەی شیر و پەڕۆی منداڵەکە و کوپ و پەرداخ و یەک دوو قاپە چێشت هەمووی لەو ناوە کەوتبوو.، (چیمەن) کە هاوعومری گوڵە بوو و لەگەڵ برا حەوت ساڵەکەی کە لەیەکیان دابوو، بۆ خۆیان خەویان لێ کەوتبوو، گوڵەش بە دیار جۆلانەی منداڵەکەوە لەگەڵ منداڵەکە هەردووکیان نوستبوون.
دوو گەورەکەش سەیری تەلەفزیۆنیان دەکرد کە دایک و باوکیان بە ڕووی خۆشەوە و بە ئەسپایی کردیان بە ژووردا.
ژنەکە چاوێکی گێڕا و حەپەسا، دەستی کرد بە بۆڵەبۆڵ، هێشتا لە ڕێوە بوو گوتی ئای ئای ئەمە چییە! ئەوە چیتان لە ماڵەکە کردووە؟ ئەی ئەوە کوا گوڵەی داوەشاو؟ ئەیەڕۆ سەیری ماڵەکە بکەن چۆن سەروژێر کراوە، چووە ژووری تەلەفزیۆن و ڕووی کردە کچ و کوڕە گەورەکەی و گوتی هەی ماشەڵڵا، چاک بە قسەتان کردم، ئەوە کوا گوڵەی عەمرکورت.
کچەکەی چاوی نووسابوو، خەوی دەهات و وازیشی لە سەیرکردنی فیلمەکە نەدەهێنا و براکەشی هەر وەنەوزی دەدا.

دایکیان لە ترسی کوڕە بچکۆلەکەی کە نوستووە و تا هەڵنەستێت، تۆزێک دەنگی خۆی نزم کردەوە، ڕووی کردە مێردەکەی و گوتی چاوت لێیەتی؟ ئاخر ئەمە حاڵە؟ دەبێت من حەپس بم و نەچمە هیچ کوێ یا ئەگەر بڕۆم ماڵەکە وا کاول دەکەن. مێردەکەی دەستی ڕاکێشا و گوتی خۆت سەغڵەت مەکە، بە خوا سبەینێ ئەم حەلە ژنەکە لە لاتە.

ژنەکەی گوتی ژنی چی؟ تۆ ناڵێیت پێشەکی هەقی شەش حەوت مانگی وەرگرتووە؟ مێردەکەی گوتی حەقت چییە؟ تۆ ئەوەت لەسەر منە کە سبەینێ ژنەکەت بۆ بهێنین. ژنەکەی گوتی یاخوا وابێت، تا ئاوڕی دایەوە، کوڕ و کچەکەشیان چووبوون بنوون، ئەوەندە خەویان دەهات هەر تاقەتی قسەشیان نەبوو.

ژنەکە چوو پەلی گوڵەی ڕاکێشا و بە ئەسپایی گوتی هەستە هەستە، بڕۆ لە ژوورەکەت بتۆپە، ئەوە بۆ ماڵەکە وا شپرزەیە، ئەی پێم نەگوتی ئاگات لە ماڵەکەت بێت؟ بەڵام گوڵەی چی و حاڵی چی؟ هەر ئاگاشی لە دونیا نەبوو، وەکو بێهۆش لە حەوت خەوا بوو، هەرچۆنێک بوو، بە پاڵەپەستۆ گوڵە برایە ژوورەکەی و تۆزێک هاتەوە هۆش و ژنەکە پێی گوت دەی جێگەکەت داخە و برۆ بنوو، گوڵەش ئەوەندە خەوی دەهات و سەرمای بوو، هەر بە دەستێک و بە چاوی نیوەنوستوو نوێنەکانی ڕاکێشا و هەروا بە نیوەکراوەیی خۆی بەردایە سەری، خۆی گرمۆڵە کرد و سەری خستە ژێر پەتووەکەیەوە و هەر زوو لێی نوستەوە.

ژنەکە چوو جلەکانی بگۆڕێت و مێردەکەی چووە نزیکی و گوتی گوێ مەدەرێ، با ماڵەکە وا بێت، بەیانی پاک دەکرێتەوە و خۆت نارەحەت مەکە. تۆ جارێ وەرە قسەم بۆ بکە و باسی قبوڵەکەم بۆ بگێڕەوە. مەلیحە خان گوتی تازە تاقەتم نییە و درەنگە، لەوێ زۆرم قسە کردووە، گێژم و دەمەوێت بنوم. دیسانەوە ملی خوار کردەوە و سەیرێکی هۆڵ و ژووری پەرشوبڵاوی کرد. مێردەکەی دەستی

ڕاکێشـایەوە و گـوتی بە سـەری بەختیـار و منداڵەکـان نـاهێڵم بنوویـت تاکو قسەم بۆ نەکەیت، منیش دوایی قسەیەکی خۆشت بۆ دەگێڕمەوە، زۆر دڵت خۆش دەبێت.

هەرچۆنێک بوو، لە دوای نازونەوازێکی زۆر مەلیحە خان گوتی باشـە بـا بچـین بـۆ ژووری دانیشـتن، لەبەر ئاسـۆ گیـان، نـەوەک لە دەنگـی پێکەنـین خەبەری بێـتەوە. مێـردەکەی دەسـتی هەڵگلۆفـت و گـوتی وا دیارە قسـەی خۆشـت پێیە، دەسـتی یەکتریـان گـرت و چـوون سـەری منداڵەکانیان دا، دایان پۆشین و گەڕانەوە ژووری دانیشتن.

مەلـیحە خـان چـوو لە سـەر قەنەفەیەک پـاڵ کەوت و مێـردەکەی لە لایەوە دانیشـت. دوو سـێ مـاچی کـرد و گـوتی دە بـزانم جـارێ (ئـوم باسل) چیی کرد؟ مەلیحە خـان پێکەنیـی و گـوتی وەڵـڵا هەر بە تەمـای نەمـاین، چـونکە بە نیـو سـەعات پـێش ئەوەی هەسـتین، ئینجـا هـات و زۆری جەمـاعەت لەبەر ئەو دانیشـتنەوە، عـوزری هێنـایەوە و گـوتی ئیشـــێکی زۆرم هەبـــوو، خزمەکانمـــان لە (حـــلە)وە کتـــوپڕ هـــاتن، نەخۆشێکیان پێ بوو هەر خەریک بوو نەیەم، بەڵام بـاش بـوو ئـاخری توانیم.

مێردەکەی دەستی خسـتە سـەر سـەری و دەسـتی بە سـەر و پرچیـدا هێنا و گوتی ئەی باشە تۆ چیت کرد. ئەویش هەسـتا و دانیشـتەوە و گوتی منیش زۆر بە پەرۆشـەوە هەواڵـی منداڵەکـانیم پرسـی و ئەویـش زۆر ڕووی لەگەڵم خۆش بوو، چاوم لـێ بـوو لە بەدری خـانی پرسـی و گــوتی ئەمە کێــیە؟ ئەوەیــش پێــی گــوت ئەمە ژنــی موهەندیســی ئیشـغالە، خـۆی و مێـردەکەی، (ابـو باسـل) و تۆیـان خـۆش دەوێـت. مێــردەکەی کە نــاوی عوســمان بــوو، قاقــایەکی بە ئەســپایی لــێ دا، ژنەکەی دەمـی گـرت و گـوتی کـوڕە (ئاسـۆ گیـان) خەبەر دەکەیـتەوە. کابرا دەسـتی ژنەکەی کە لە سـەر دەمـی بـوو، مـاچ کـرد و گـوتی ئـێ، هەی شەیتان بەدری خانت لێ هان دا کەوا نزیکتان بخـاتەوە؟ مەلیحـە خان گوتی ئەی چۆن، چونکە ئەوان زۆر لەگەڵ یەک تێکەڵن. عوسمان

ئاغا گوتی دەی دەی، توخوا ئێ. مەلیحە خان باوێشکێکی دا و گوتی ئینجا (ئوم باسل) بانگی کردمە نزیک خۆی و هەر چاوی بڕیبووە جلەکانم و شتەکانم، ئینجا منیش دوای ئەوەی زۆرمان قسە کرد و باسی جلی کوردیی کرد، پێم گوت دە ڕۆژێک تەشریف بێنە بۆ ماڵمان و هەموو جلەکانمت دەخەمە بەردەست، وەرە سەیری بکە و کامەت بە دڵ بوو موبارەکت بێت. ئەویش گوتی وەڵڵا حەز دەکەم، بەڵام جارێ ئیشم هەیە، با خزمەکانم بڕۆنەوە دوایی تەلەفون دەکەین لەگەڵ یەک. مەلیحە خان پێکەنیی و گوتی منیش جلە جوانەکانم، ئەوانەی خۆشم ئەوێن، هەڵدەگرم و ئەوانی تری دەخەمە بەردەست. مێردەکەی گوتی ئاخر چۆن دەبێت؟ ژنەکەی گوتی کورە ئەو لە کوێ دەزانێت جلی کوردی چییە و کامە باشە و کامە خراپە، هەر بریقەی بێت ئیتر بەسە. مێردەکەی ویستی قسە بکات، ژنەکەی گوتی هیچ عیلم و مەعریفەتم فێر مەکە، خۆم دەزانم چی دەکەم، مێردەکەی دڵی خۆش ببوو، گوتی بە خوا ئیتر تەواو، ئیشمان دەڕوات بە ڕێوە. بزانە لە پارەوە پێت دەڵێم. خانم گوتی ئاخر چی بکەم، دەبوو وردەوردە بێت. قابیل بوو لە خۆمەوە نەدیو و نەناسیو هەڵم بکوتایەتە سەری. ژنەکەی پێکەنیی و گوتی خۆشی زۆر تڕزل و مڕومۆچە، هیی ئەوە نییە زۆر لەگەڵ خەڵک بکرێتەوە. مێردەکەی وتی ئێ، کێی تری لێ بوو، ژنەکەی خەریک بوو هەستێ و گوتی ئۆهۆو، زۆر زۆر بوون، لە کوردیش و لە عەرەبیش. ئینجا ڕووی کردە مێردەکەی و دەستی گرت و گوتی کوڕە تۆ وەرە باسی ژنی بابەکری حەسەن ئاغات بۆ بکەم، بەو خوایە تا بەینێک نەمناسییەوە تاکو خۆی چاکوچۆنیی لەگەڵ کردم. ژنەکە خۆی قیت کرد و گوتی دەزانی چیی لێ هاتووە وەی پەنا بە خوا. مێردەکەی گوتی چیی لێ هاتبوو؟ بۆ ئەویش دێتە ئەو شوێنانە؟ ژنەکەی دەستی ڕاوەشاند و گوتی حەی حەی، بە خوا هەموویان وا تێی ئالابوون، دەتگوت هەزار ساڵە دەیناسن. ژنەکە دەمی خۆی گرت و پێکەنیی و گوتی عەرەبییشی چاک دەزانی، کوڕە

هەر سەرم سوورِ ما لە کاری خوا، هەموو لەشی چریسکوهوورِ بوو، هەموو جلەکانی قوماشی گران گران، هەمووی سورمەی فەرەنسی بوون، ئاڵتوون و مرواری و هەیاسە ئەوە هەر باس مەکە . مەلیحە خان سەری ڕاوەشاند و گوتی ئیتر نازانم باسی چیی ترت بۆ بکەم، هەر ئەوەم پێ کرا کە بڵێم سوبحانەڵا. ئەمە کوێرا و بە چی و چۆن وای لێ هات.
مێردەکەی گوتی وەڵڵا منیش بەینێک لەمەوپێش بیستم و گوتیان کە زۆر دەوڵەمەند بوون، منیش هەندێک سەرم سوورِ ما. ژنەکەی گوتی دە باشە فەرموو ئەمە بە چی وایان لێ هات، خۆ سێ چوار ساڵ لەمەوپێش هەر گەڕ دەبوون و ماڵەکەیانت دی کە چوویتە لایان. دوو سێ کورسی نایلۆنی سەوز و سوور، نیوەی ماڵەکەیان کومبار بوو، ئەشـــهەدوبیلا بەس دیوەخانەکەیــان فەرشـــێکی تۆزێـک باشـــی تێـدا ڕاخرابـــوو، تـــاوەکو هەســـتاین، هەر باســـی بێپـــارەیی و قەرزارییـــان دەکرد، وام لێ هات خەریک بوو چاکەشیان نەخۆمەوە ئەوەندە باسی لاتی و بێپارەییان دەکرد، مێردەکەی گوتی ئیتر دونیایە، خۆ خەڵک گا نین لە پێستێکدا بمێننەوە.
ژنەکەی ڕاپەڕی و گوتی باشە ئەی بۆچی قوڕبەسەری وا هەیە ساڵ دوانزەی مانگ خەریکە، کەچی نانیان نییە بیخۆن، مەئموری واش هەیە چەنـد سـاڵە هەر عەینـی خۆیـانن هیچیـان زیـاد نەکـردووە و مـەعاشـەکەیان هەر بەشیان ناکات، ئەی ئەمانە بۆ وان؟ بۆ هەر لە پێستێکدان؟
ژنەکە دەنگی نزمتر کردەوە، پەنـجەی هەڵبڕی و گوتی بە سـەری پێغەمبەر (د.خ) ئەوانەی وان، کەین و بەینیان هەیە. ئەگەر مەئمور بن (دزی دەکەن) و ئەگەریـش کاسـب بـن، هەزار فێـڵ و قـاچوقوچ و دەستبڕین و قاچاخچێتی دەکەن، بە چ مەعلوم تیجارەتی شتی قاچاخ و چەک و شتی وا ناکەن.

مێردەکەی گوتی بەتەماع مەبە، چوار ساڵ لەمەوپێش تۆش بەقەد ئێستە ئاڵتوون و ناوماڵت هەبوو؟ شوکری خوا بکە، شەرت لەشساغییە، ئێمەش بەشی خۆمانمان بە زیادەوە هەیە.

ژنەکەی سوور هەڵگەڕا و خەریک بوو تووڕە دەبوو، گوتی ئاڵتوونی چی؟ نیوەی هەر هیی خۆمن هیی کۆن و نیوەی هیی دایکمن لە قەدیمەوە هەر هەیبوو، هەموو عالەم دەزانێت کە وەختی خۆی چەندی ئاڵتوون هەبووە و چەند موڵک و دێیان هەبووە.

مێردەکەی سەری ڕاوەشاند و لە دڵی خۆیدا گوتی بڵێم چی، خۆ ناوێرم قسە بکەم، ئاڵتوون و دێهات و موڵکەکانی باوکیشت هەمووی هیی ڕەشوڕووت و جووتیاری لادێیی قوڕبەسەر بوون کە بە زۆر و بە فێڵ لێی داگیر کردوون. هەستایە سەر پێ و گوتی گوێ مەدەرێ، ئیتر شەو درەنگە، هەستە با بنووین، دەستی یەکتریان گرت و چوون بەرەو ژووری نوستنیان.

لە ڕێگە مێردەکەی دەمی خستە پەنا گوێی و بە ئەسپایی گوتی توو قەبری باوکت ئەگەر باسی ژنی مودیری پۆلیسەکەم بۆ نەکەیت و دایە هاڕەی پێکەنین. ژنەکەی بە ئەسپایی گوتی ئەوە دووروودرێژە، بیهێڵە بۆ بەیانی. مێردەکەی گوتی ئاخر سوێندم دایت، هەر تۆزێکی بڵێ، ئەویش دەمی خۆی گرت و پێکەنیی و گوتی دیسان هەر عەینی جارانی تر هەر باسی عەمەلیات و نەخۆشیی خۆی دەکرد کە چۆن تاکو لە خەستەخانە هاتووەتە دەرێ، مێردەکەی سکی کارەکەرەکەی پڕ کردووە.

مێردەکەی گوتی چەند بێشەرەفە، تۆ بڵێی خەڵکی وا بێناموس هەبن؟ ژنەکەی گوتی ئەی چۆن نییە، خوا دەزانێت. ئینجا گوتی ژنەکانیش دەیاندواند و بۆ خۆیان پێیان ڕادەبوارد، هەر ئاخ و ئۆفیان بۆ دەکرد و گاڵتەیان بە ئەقڵی دەکرد، ئەویش سوور و شین هەڵگەڕابوو، ئارەق بەم سەرمایە بە دەموچاویدا دەهاتە خوارەوە و بە قایمی دەیقیڕاند و دەیگوت (عەینی نەسرین) عەینی (ئوم بەختیار)، ئەم کافرە وای کرد و

بۆی باس دەکردین و تووڕە بوو، تەقەڵەکانی سکی پیشانی ژنەکان دەدا کە چۆن مێردەکەی دوایی پەشیمان بووەتەوە و چووە خۆی فڕێ داوەتە سەر دەستوقاچی، ئەمیش چۆن دەری کردووە و ئەویش لە تاواندا چووە کارەکەرەکەی دەرکردووە، ئینجا ژنەکان دەیانپرسی ئەی سکەکەی چۆن؟ ئەو مناڵە بێگوناهە چۆن؟

ژنەکەش دەیگوت ڕۆیشت، مناڵەکە نەما، بە دزییەوە لەباریان برد.

***

بۆ ڕۆژی دوایی لای ئێوارە لە زەنگی دەرگایان دا، گوڵە بە ڕاکردن چوو کردیەوە و ژن و پیاوێک کردیان بە ژووردا. مەلیحە خان لە دوورەوە ڕاپەڕی و گوتی یاخوا بەخێر بێیت کاکە شەفە، بە شەوقێکەوە ڕووی کردە ژنەکە، بەخێرهاتنی کرد و چاکوچۆنیی لەگەڵ کردن.

شەفە پێکەنیی و گوتی ئەمشەو ئیتر دەنووم، دە ئیتر بەرۆکم بەربدەن ئەوە خۆت و شوکریە. چاوێکی گێڕا و گوتی ئەوە کوا (کاک عوسمان) لە ماڵ نییە؟ مەلیحە خان گوتی وەڵڵا ئیشی هەبوو، چووە دەرەوە و زۆریش چاوەڕێی کردی، کەچی وا دوا کەوتی. شەفە گوتی کەواتە با بڕۆم، سبەینێ دەچمە لای لە دائیرە. ڕووی کردە گوڵە و گوتی ئا کچەکەم ئاوێکم بدەرێ، با بڕۆم پەلەمە، خانم گوتی بە خوا ناڕۆیت چایەک دەخۆیتەوە.

شوکریەش دانیشتبوو، عەباکەی خستە سەر شانی و چاوێکی بە ماڵەکەدا گێڕا، سەیرێکی خانمی کرد و بە زەردەخەنەوە گوتی ئۆخەی، ئەمان بە کوردی قسە دەکەن و کوردن، وەی، لەو ماڵە عەرەبە دڵم شەقی بردبوو، گوڵەش بە قایمی پێکەنیی و گوتی ماڵەعەرەب خۆش نییە. خانم چاوێکی لێ سوور کردەوە، یەعنی بێدەنگ بە و زۆر قسە مەکە. شەفە چایەکەی خواردەوە، خواحافیزیی کرد و ڕۆیشت.

مەلیحە خانیش هەستایە سەر پێ و بە کچەکەی گوت کە عەباکەی داگرێت، ڕووی کردە گوڵە و گوتی لەگەڵی بچۆ و بیبەرە ژووری

خۆتان. گوڵە دڵی خۆش بوو، پەلاماری توورەکەکەی دەستی دا و ئەویش جانتاکەی خۆی هەڵگرت و بردیە ژووریێ. عەباکەی داگرت و تۆزێک سەروپۆتەڵاکی چاک کردەوە، گوڵە ڕووی تێ کرد و شوکریەی گرت و گوتی ئەوە ئیتر لەم ژوورە دەبیت؟ وەی چەند خۆشە ئیتر لای من دەنوویت، بە خێرایی دەستی کرد بە قسەکردن و هەر بەو تۆزە هاتنەژوورەوە هەندێ قسەی بۆ گێڕایەوە و گوتی ئەوەتا نوێنەکانم، سەیرکە خانم گوارەی بۆ کڕیوم و دەستی برد بۆ گوێ و گوارەی پیشان دا و دەستی دایە کیسەیەک لای نوێنەکانی، گوتی ها ئەمەش کراسی خانمی بچووکە و ئەمیش خانمی گەورە بۆی کڕیم، دەستی برد کە هێشتا شت دەربێنێت، شوکریە پێکەنیی و گوتی باشە باشە، جارێ هەڵی بگرە، دوایی بە شەو کە هاتین بنووین باسی دەکەین. با جارێ بچین بۆ لای خانم.

شوکریە و گوڵە پێکەوە هاتن بەرەو ژوور، گوڵە چاوساغی بوو. خانم دڵی خۆش بوو، بەڵام لە دڵیشدا لە قەد و قیافەی کچەکە تۆزێ سڵەمییەوە، بە تایبەتی کە سەرتاپا ڕەشی لە بەردا بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی وا دیارە ئەم ژنە فەقیرە قەزاوبەڵا کەسێکی مردووە، وەی دایە دڵم گیرا، سەرپۆشەکەشی ڕەشە، ئەمە چی بوو.

کچەکەش هات و سەلامی کرد، خانم پێی گوت کە دانیشێت، لە دوای تۆزێک خانم وەکو بۆی ناڕەحەت بێت، گوتی ئەوە دوور بێ کەسێکت ئەمری خوای کردووە وا جلی ڕەشت لە بەردایە، یاخوا خۆت خۆش بی و عەزیزت خۆش بێت، ئیتر دونیایە، هەموومان هەر ئەمرین. شوکریە قاقایەکی لێ دا و خانمی داچڵەکاند، گوتی وەڵڵا شکور کەس نەمردووە، بەڵام خۆم حەز لە ڕەش دەکەم، هەمیشە هەموو جلەکانم ڕەشە، خانم بە سەرسووڕمانێکەوە گوتی بۆچی؟ تۆ جوانی و هێشتا گەنجی، بۆ لە ئێستەوە وات لە خۆت کردووە. دیسان شوکریە پێکەنیی و گوتی وەڵڵا هەر حەز لەم جلانە دەکەم. خانم شانێکی هەڵتەکاند و گوتی باشە هیچ نەبێت با سەرپۆشەکەت ڕەش نەبێت،

شـوكريه دەسـتێکی دایه و به چـاکی دایەوه به سـەریدا و پێکەنیـی و گوتی هەر وام پێ خۆشه.
شوکریه سیوپێنج ساڵ دەبوو، سپیکەلانێکی نه قەڵەوی وا که ناشـرین بێت، بەڵام له پڕ زیاتر بوو، دەموچاوێکی قوڵپنی سپیی جوانی هەبوو، چـاوی ڕەش و سـەروپرچی خـاو و ڕەش، بەڵام خەنەش جـوانتری کردبوو، وەکو ڕەنگێکی باینجانیی لێ هـاتبوو، تێکڕا زۆر ڕەزاسـووک و خۆشەویست بـوو. خـانم لێی پرسـی و گـوتی ئەی مێردەکەت؟ خۆ شووت کردووه؟
شوکریه دیسان پێکەنیی و گوتی ئۆ عەمری نەمێنێت، خـوا شـکور که له کۆڵم بووەوه و تەڵاقی دام.
خانم گوتی ئەیەڕۆ بۆچی؟ ئەی منالّت نەبوو لێی؟
شوکریه دەسـتی دا له سـەرپۆش و چاکی کردەوه و گوتی وەڵڵا خـانم، مێردەکەم عەسکەر بوو، منیش لەگەڵ دایکی دەژیام، ئیتر که کوڕەکەی دەهـاتەوه، ئێـواران هەر باسـی منـی بـۆ دەکـرد که وام کـردووه و وا ڕۆیشـتووم و وا پێکەنیوم. شـوکریه تـۆزێ مـات بـوو، گـوتی ئـاخر خـانم خـانووەکه کرێچیـی زۆری تیـادا بـوو، ئـێمەش ژوور و هەیوانێکمـان هەبوو و دوو مـاڵی دیکەشـی تیـابوو، ئەوانیش عەسـکەر بـوون. مـاڵێکی تـریش پیـاوەکەی شـاگرد نـانەوا بـوو، ژوور و هەیـوانێکیش پیـرەژنەکەی ساحێبی خانووەکه و کوڕەکەی تیادا بوو، کوڕەکەش دوکـانی سـەوزەی هەبـوو، هەمـوو ئێوارەیـەک سـەوزەی زۆری دەهێنـایەوه بـۆ دایکـی و ئەویـش دابەشـی دەکـرد بەسـەرماندا. کەچـی خەسـووەکەم به کـوڕەکەی دەگـوت شـوکریه چـاوبڕکێ لەگەڵ ئەم کـوڕ و پیـاوانه دەکـات، ئەویـش پشـتێنه عەسـکەرییەکەی دادەکەنـد و هەمـوو لەشـمی ڕەش و شـین دەکـردەوه. دوایـش تەڵاقـی دام. ئەوچـاتر و دیسـان دووعـایەکی لـێ کـرد. گوتی باش بوو شوکر منالّیشم لێی نەبوو.
خـانمیش هەر وەک دلّـی بـداتەوه، گـوتی ئەیەڕۆ ئەو پیـرەژنه له خـوا نەترسا ئەو بوختانەی بۆ کردی. باشـه کوڕەکەی بێ ئەوەی بپرسـێت

و بزانێت ئاخر ئەمە ڕاستە درۆیە یا خەیاڵی دایکیەتی، چۆن وای دەکرد؟ ئیتر دونیا لە هەزاران چەشنی تیایە. قەیناکا لەشت ساغ بێت و خوا ئەجرت بداتەوە، گوێ مەدەرێ و ناڕەحەت مەبە.
شوکریە گوتی نەوەڵڵا خانم، سەری تۆ خۆش بێت ئێستەم زۆر خۆشترە.

***

ئێوارە ئاغای گەورە هاتەوە و هەر لە دوورەوە بە ڕوویەکی خۆش پرسی و گوتی ئەلحەمدولیلا ژنەکەت بۆ هات. ژنەکەی گوتی ئەرێ وەڵڵا شوکر، ئیتر ئیشەڵڵا دەحەسێمەوە، کچێکی شان و بازوو ئەستوور دیارە، ئیتر لەسەر خوا، مێردەش چوو بەخێرهاتنی کرد و گوتی ئەمە ماڵی کاکی خۆتە و مەلیحەش خوشکی خۆتە و ئیشەڵڵا بە دڵت دەبێت. کچەکەش سوپاسی کرد و چوو بە لای ئیشیەوە. گوڵەش لە خۆشیاندا هەر بەدوایەوە بوو، هەر قسەی بۆ دەکرد و مناڵانی پێ دەناساند و ناوەکانیانی فێر دەکرد ئەمە کاکە ئاغایە و ئەوی تریان کاکە پاشایە و خانمی بچووک و هیی گەورەی هەمووی فێر کرد. شوکریەش وەکو شتێ دڵی بە گوڵە سووتا و بەزەیی پیایدا هاتەوە، زانی کە ئەمی بە کەس و پەنای خۆی داناوە و دڵە بچکۆلەکەی خۆی بۆ خاڵی دەکاتەوە، دیارە زۆری لە دڵدایە.
پیاوەکە دەستی ژنەکەی ڕاکێشا و بردیە ژوورێ و گوتی چۆنە، سەروسەکوتیت بە دڵە؟ ژنەکەی گوتی وەڵڵا زۆر باشە، بەڵام ئەم جلانەی دڵم تەنگ دەکات، هەر کە چاوم پێی کەوت، دڵم گیرا. مێردەکەی گوتی قوڕبەسەرە ئاخۆ کێی مردووە. ژنەکەی بە ئەسپایی و بە زەردەخەنەوە گوتی کوڕە مردنی چی، دەڵێت خۆی حەز لە ڕەش دەکات، ڕەشی واش، دە بڵێ ماڵ کاول گوڵێک خەتێک، وا سەرتاپا ڕەشی سادە. سەیرێکی مێردەکەی کرد و گوتی نازانم، وا هاتە بەرچاوم کە تۆزێک شێتۆکە بێت، مێردەکەی دەستی دا بەیەکدا و گوتی یاخوا وابێت، باشترە وەک لە زۆرزان و لەسەرخۆ، ئەمە دەتوانی بە کەیفی خۆت بیهێنی و بیبەیت بێ ئەوەی بڵێت بۆ.

مەلیحە خان بە جارێک گەشایەوە و ئیتر پەرژایە سەر خۆی و هەر خەریکی خۆی بوو، چوونە گەڕان و خەڵکیش هاتنە لای و خەریکی دەعوەت و دەعوەتکاری و (قبولّ) بوو.
چەند ڕۆژێکی پێ چوو، زەنگی تەلەفون لێی دا، خانم هەڵی گرت و هەلاو هەلاوی کرد و لەپڕ بە عەرەبی قیڕاندی و گوتی یاخوا بەخێر بێن، بە خوا گەورەمان دەکەن. پێ خۆشحالّ بووین. تەلەفونی دانایەوە و بە پەلە چووە بەر دەرکی حەمام کە مێردەکەی خۆی دەشت و گوتی کوڕە باوکی چرا، (ئوم باسل) بوو، گوتی دوو سبەیشەو دێین بۆ لاتان. مێردەکەشی قیڕاندی و گوتی بۆ شەو، دەترسم نیوەڕۆی گوتبێ، ئەمیش بە شەوق و خۆشیەوە گوتی کوڕە خۆ کەڕ نیم بابە گوتی (عەشا)، (عەشا) دەخۆین.
مێردە لە حەمام هاتە دەرێ. ئەو شەوە هەر خەریکی تەگبیر و قسە بوون کە چی بکرن و چەند شت لێ بنێن. ژنەکە پێکەنیی و گوتی چەند خۆش دەیگوت حەز لە (قەبولّی) دەکەم، (قەبولّی مال سلیمانیە). مێردەکەشی دەیگوت بتگوتایە وەی بە سەر چاو. شوکریە دەهات و گوڵە دەچوو، لە یەکتریان دەپرسی کە ئەمە چی بووە وا خانم و ئاغا دڵیان خۆش بووە، گوڵە دوو سێ (ڕەنگەی) پێ گوت کە ڕەنگە باوکیان بێت یا دایکیان بێت، بەلّام شوکریە خۆی پێ ڕانەگیرا و هەڵی کوتایە سەریان و گوتی خانم ئەمە چی بووە وا شکور دڵتان خۆش بووە، تەلەفونەکە چی بوو. خانم چاوی خۆی خومار کرد و بە دڵخۆشییەوە گوتی کەوا میوانی زۆر گەورە و خۆشەویست دێن بۆ لایان. خانم سەیری شوکریەی کرد و گوتی سبەینێ دەبێ ماڵەکە بکەین بە گوڵ. شوکریە گوتی بە سەر چاو، بنمیچەکانیش هەموو پاک دەکەمەوە، گەڕایەوە و گوتی توخوا ئەمانە کێن؟ خانم گوتی ماڵی وەزیری ئیشغالّن، ئاخر ئاغات لەو دائیرەیە ئیش دەکات و ئەندازیارە. شوکریە دڵی خۆش بوو (وەکو دەڵێن ئەویش لە مەکری قازی)، بێ ئەوەی بزانێت مەسەلە چییە، بەلّام لەبەر ئەوان دڵی خۆێ خۆش کرد.

بۆ سبەینێ ماڵ سەروژێر کرا و بنمیچ و پەنجەرە پاک کرانەوە و کارتۆنە میوە و سەوزە و مریشک و عەلیشیش و گۆشت لەوێدا کۆمەڵ بوون. بۆ ڕۆژی دوایی خانم نوقمی کزە و کەباب و ئەنواعی خواردن بوو، ئیتر هەر بە جارێک خۆیان خنکاند.
بۆ وەختی هاتنیان خانم جلی جوانی لە بەر کرد و خۆی ڕازاندەوە، منداڵەکانیشی هەموو گۆڕی و ئیشکەرەکانیشی ئامادە و حازری ئەمر بوون. مێردە بەینێکی زۆر هەر خەریک بوو کە چ بۆینباغێک لەم قاتەی دێت هەتا پرسی بە کچە هاوعومرەکەی گوڵەشی کرد. ئاخری ژنەکەی لێی توورە بوو و گوتی دە یەکێک ببەستە و تەواو، خێراکە هاکا هاتن، ئەو وای گوت و زەنگی دەرگا لێ درا، ژن و مێرد بەپەلە ڕایان کرد و چوون بە پیریانەوە ئەوانیش دوو سێ ئاشنای خۆیان هێنابوو. بەدری خان و مێردەکەشی کە ئەو ئەم نزیکبوونەوەی ڕێک خست و کچێکی هەژدە ساڵەش یا زیاتریان لەگەڵ بوو، ئەویش لە ئیشکەریان دەچوو. بەرەو ژووور هاتن، کابرای ساحێب ماڵ خەریک بوو ببوورێتەوە ئەوەندە خۆی چەماندەوە و بەخێرهاتنی کردن و دەستی دەخستە سەر سەری و لە خۆشیاندا دەمی گۆی نەدەکرد، دوو سێ ئۆتۆمبیل لە بەر دەرگا ڕیز بوون و دراوسێ کەوتنە چرپەچرپ.
شوکریەیان بانگ کرد هەر وەک ئەوەی پیشانیان بدەن کە ئەمان جووتێک کارەکەریان هەیە. کارەکەری ماڵەکەیان دایە دەست و گوتیان بیبەنە لای خۆتان. شوکریە سەیرێکی جەماعەتی کرد و بە زۆربەدەورهاتندا زانیی کە ئەو ژنەی ئەوسەرە ژنی وەزیرەکەیە و ئەو پیاوەش مێردەکەیەتی. هەر دەستبەجێ شوکریە لچێکی هەڵقورتاند و لەبەر خۆیەوە گوتی ئەیەڕۆ سێ ڕۆژە ئەم ماڵە خۆیان کوشت بۆ ئەم (ورچە دێزەی دەڵێی کەرتە دێوە) دەمی خۆی گرت و کچە میوانەکەی دایە پێش خۆی. لەگەڵ گوڵە بردیانە لای خۆیان و دایان نا. شوکریە چوو لەو هەموو شتەی کە ڕیز کرابوو، لە سەر

مێزی هۆڵەکە پەرداخێ شەربەتی بۆ کچە برد و دانیشتن، هەموو شتێکیان حازر و ڕێک خستبوو وا ئەوەندە نەجووڵێنەوە و نەیەن و نەچن، تەنها بۆ وەختی شیوتێکردن هەستن، بۆیە شوکریە دانیشت بە دیار کچە ئیشکەرەکەی میوان و گوڵەش جار دەهاتە لایان و جار سەرێکی جۆلانەی منداڵەکەی دەدا و لەگەڵ کچەی ڕەفیقی خەریک بوو. منداڵە گەورەکانیش لە ژووری سەرەوە خۆیان قایم کردبوو، هەرچەند دایک و باوکیان پێشوەخت پاڕابوونەوە کە وەرن و بە خزمەت وەزیر و ژنی بگەن، بەڵام ئەوان قبوڵیان نەکرد. هەر وەک منداڵی کەللەڕەقی ئەو عومرەی خۆیان کە گاڵتەیان بەم نەوعە میوان و خەڵکانە دێت.

شوکریە و میوانەکە لەگەڵ یەک کرانەوە، بە تایبەتی کە شوکریە هەندێ عەرەبییشی دەزانی. دەیتوانی (وەکو دەڵێن، بەرەی خۆی لە ئاو دەربێنێت). شوکریە باسی خۆی بۆ کچە دەکرد کەوا مێردەکەی زۆر خراپ بووە لەگەڵی و جیا بوونەتەوە، باسی ماڵەکانی بۆ دەکرد کە تاکو ئێستە چەند ماڵ چووە، بەڵام ئەمان زۆر ماڵی باشن. شوکریە هەستا و چوو قاپێ چەرەز و بستەشی بۆ هێنا و پاکەتێ جگەرەشی خستە بەردەست.

ئیشکەرە میوانەکە پێکەنیی و گوتی ئەمە چۆن دەتوانی ئەم شتانە بێنێت؟ خانم تووڕە نابێت؟ شوکریە قاقایەکی لێ دا و دوایی وەکو بیری بکەوێتەوە، کێشای بە خۆیدا و گوتی ئای میوانەکانم بیر چوو و ڕووی کردە کچەکە و گوتی بۆ؟ پرسی خانمی چی؟ وەڵڵا بە کەیفی خۆم دەیهێنم و دەبەم و دەخۆم و چۆنیشم ویست وای لێ دەکەم.

کچە میوانەکە کێشای بە سەری خۆیدا و گوتی وای ئەگەر خانمی من دەبوو، هەر حەیای دەبردم، ئینجا کچە وەکو لە خوای ویستبێ کە داخی دڵی خۆی هەڵڕێژێت، گوتی ئەو هەموو ماڵەشیان هەیە کەچی ڕۆحی دەردەچێت ئەگەر جارێک پەرداخە شەربەتێک بخۆمەوە، هەر پەرداخێ بشکێنم، لە مانگانەکەمی دەبڕێت. کچەکەش هەناسەیەکی

هەڵکێشا و گوتی هەموو شەوێک بۆ ئاشناکانیان دەعوەت دەکەن و کەباب و گۆشت دەبرژێنن، ئەو باوکە پیرە قوڕبەسەرەم هەمووی ئەو چاکی دەکات بۆیان، ئەویش شیش بە شیش دەیژمێرێت و یەک پلمان ناداتێ.

شوکریە ناڕەحەت بوو، گوتێ ئینجا بۆچی ناڕۆن؟ چی دەکەن لەوێ، هەزار شوێن هەیە، کچە میوانەکە گوتی ئاخر لە باخەکەیاندا دەژین، لەوێ خانوویەکی بچووکیان داوە بە باوکم تیایدا دەژین. باوکم باخەوانی و ئیشی بازاڕ و هەموو شتێکیان بۆ دەکات، دایکیشم هەر ئیشی بۆ دەکردن، بەڵام ئێستە نەخۆشە و بە باوکمیان گوتبوو کەوا دەبێ (حلوە) لەجیاتیی دایکی بێت، ئەگینا بڕۆن و خانووەکە چۆڵ بکەن. شوکریە توورە بوو لە دڵی خۆیدا دووعای لێ کردن و جنێوی پێ دان. کچەکە گوتی ئاخر لە خانووەکەدا بەبێ پارە دانیشتوون. کچەکە قومێکی لە شەربەتەکەی دا و گوتی ئەمە چەند کەس هاتن داواشم دەکەن، کەچی خانم لەبەر ئیشی خۆی دەریان دەپەڕێنێ، کچەکە سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی هەمووی خەتای براکەمە، باوکم تاکو ئێستە چەند جار گوتوویەتی دەڕۆم و ئیتر لێرە نابم، براکەم کە لە پارەوە لە عەسکەری هاتووەتەوە، خانم پێی گوتووە دات دەمەزرێنم، ئەویش ناهێڵێ ورتەمان لە دەم بێتە دەرەوە و هەر دەڵێت قسە مەکەن.

بەینێکی تریش شوکریە و کچە میوانەکە هەر بۆ خۆیان قسە و گلەییان لە بەختی خۆیان دەکرد کە لە دەنگی خانم ڕاپەڕی و چوو بزانێ چیی ئەوێت. مەلیحە خان پێش (ئوم باسل) کەوت و بردیە ژووری نوستن و کەنتۆری خستە سەر پشت، دوای ئەوەی ڕۆژێ لەوەوپێش بژاری جلەکانی کردبوو، ئەوانەی مابوون، هەمووی بۆ ژنەکە هەڵڕشت و ئەویش بە ئەڵڵا ئەڵڵا کەوتە ناوی. مەلیحە خان خۆی کەڵەگەتێکی شیرینی خوێنگەرم و سەوزەیەکی چاو و برۆ مەست بوو، لەبەر ئەوە جلەکانی زۆر لێ دەهات و لە ژنە

بەزەوقەکان بوو، جاربەجار سەرێکی بچووکی دەبەست و لاگیرە و گوڵونگەی تێکەڵ دەکرد، زۆر زۆر جوان بوو پێوەی. لەبەر ئەوە (ئوم باسل) وای دەزانی کە ئەگەر ئەویش ئەم جلانەی لە بەر کرد وا لەویش دێت. هەرچەند مەلیحە خان شەیتان بوو دەیزانی و لە دڵی خۆیدا گاڵتەی لێ دەهات و دەیگوت نەگبەت، تۆ دەڵێی کوپەی بێ سەروبنی، تۆ چی لەمانە دەکەیت، بەڵام بە شەیتانی و بۆ خۆبردنەپێشەوە هەر بە شان و باڵیدا هەڵدەدا و دەیگوت ئەم کراسە باشە و دەیگرێ بە بەر ژنەکەوە، ئینجا ئەوی فڕێ دەدا پەلاماری یەکێکی تری دەدا و دەیگوت ئەڵڵا، وا بزانم ئەمەت زۆر لێ دێت. دەیکردە گاڵتە و دەیگوت تۆ ئەوە لە بەر بکەیت، سبەینێ (ابو باسل) وەزارەتی پێ ناکرێت و هەر بە دیارتەوە دادەنیشێت. ئەویش خۆی بە سەر جلەکاندا دەخست و خۆی دەبوراندەوە لەبەر پێکەنین و دەستە کورتە قەڵەوەکانی کە پڕی کردبوو لە ئەنواعی بازنی گران گران و پەنجەکانی لە چەند چەشنێ ئەموستیلەی (ئەڵماس) ڕادەوەشاند و لەوێوە بانگی مێردەکەی دەکرد و دەیگوت (ئەبوو باسل) گوێت لە (ئوم چرایە) چی دەڵێت؟ بۆی دەگێڕایەوە. ئەویش لەوێوە دەیدایە قاقای پێکەنین و دەیگوت کەواتە دەستم دامێنت، لە بەری مەکە، چونکە هەر دەبێت بچم، ئەگەرچی جومعەشە، بەڵام کۆبوونەوەی تایبەتیمان هەیە لەگەڵ سەرۆک وەزیران. کابرا لە دڵی خۆشیدا دەیگوت ڕاست دەکەیت، بە خوا کراسی مرواری لە بەر بکەیت، فایدەی نییە و لە ژێرەوە سەیری ژنەکانی تری دەکرد و دەیگوت خوایە بۆچی چیم کردبوو یەکێکی وەک ئەمانەت نەکرد بە تووشمەوە. بە گەنجییش هەر جوان نەبووی، بەڵام ژنەکە وای لە خۆی کردبوو کە یەک ڕۆژ ئەو پیاوە ئۆقرە نەگرێت بەبێ ئەو. وای فێر کردبوو کە لە هیچ کوێ و لەگەڵ هیچ ژنێکی تر کە ئەگەر وەکو پەری و حۆرییش بوایە، هەڵنەکات، چونکە ئەوەندەی بە دەوردا دەهات و وەکو منداڵێکی زۆر نازدار نازی دەکێشا، جێگە و ڕێگە و جلوبەرگ

هەتـا سـەریشـی وەک منـاڵ دەشـت، هەرچـی خـواردنی خۆشـی دنیـا هەبوو دەیزانی و بۆی دروست دەکرد و دەیخستە بەردەمی میوانی و سـفرە و سـینی بە نرخێکـی زۆر کەم بـۆی جێبەجـێ دەکـرد و وای دەکـرد کە لە نـاو خەڵـک و ئاشـنایدا نـاو دەربکـات، دەمێکـیش بـوو کردبـووی بە خـاوەن مـاڵ و خـانوو کە کـاتێکی زۆر سـادە بـوو و مـەعـاش چەنـد دینارێـک بـوو چ جـای ئێسـتە بووبـوو بە وەزیـر. پیاوەکەشی کوێرانە لە قسەی دەرنەدەچوو و هەمـوو شـتێکی بە قسـە دەکرد، ئیتر ژنەکەشی زاڵ ببوو بەسەریدا.

دەسـتەجل هەڵبژێررا و نـان تـێ کـرا و سـفرە ڕازایەوە و حـازر بـوو، مەتحی ژنی ساحێب ماڵ و سفرە و نانی کرا، (قەبوڵی) و (پلاو) خـورا و لەگەڵ هەر پـاروویەکی سـەربادان و ئـۆف ئـۆف بـوو، شـوکریەش بەشی کچە میوانەکەی برد و باقییش هەر وا بە جوانی و پاکی خـرایە مەنـجەڵەوە و خـرایە پشـتی ئۆتـۆمبیلەکەی (ئـوم باسـل)ەوە کە کـچە کـارەکەرەی چـاوی لـێ بـوو کەوا مەنـجەڵ بـران بـۆ نـاو ئۆتۆمبیـل، سـەیرێکی شـوکریەی کـرد و پێکەنیی و گوتی بە خـوا ئەمە دوو سـێ دەعوەتی پێ دەکات و خۆی پێ هەڵدەکێشێت.

(سەهۆڵبەند) بکەرەوە هەمووی یاپراخ و کەباب و چێشتی خەڵکە، لەم و لەو دەکێشێتەوە بەوەی چەند خۆشـە بەشـی باسـل تۆزێک دانێن و ماڵەکەشـی هەمـووی بـۆ دەخەنە مەنـجەڵەوە و بـۆی دەنێـرن، ئەویـش دای دەنێـت و بە تەرازوو و مسـقاڵ دەری دەهێنـێ و ئەوانەی ئـیش دەکەن لە لای، بمرن لە برسـاندا نایانداتێ.

بەیانی هەموو کفت و هـیلاک بوون و لە چـاو ڕۆژانـی تـردا هەندێ درەنگ هەستان لە خەو، بە تـایبەتی کە ڕۆژی جومعە بـوو. مەلـیحە خـان زووتـر لە هەموویان هەستا، ئەویش لەبەر شـیردان بە مناڵە بچکۆلەکەی، دوایـی چـوو سەرێکی کێشا و گوتی شوکریە و گوڵە ئیتر هەستن درەنگە.

شــوکریە هەســتا و خــۆی کــۆ کــردەوە، هــاتە دەرەوە و بە ڕێگــەی حەمـامەوە سەرپۆشـەکەی چـاک لە ملـی ئالاند، شـایەتمانێکی هێنـا و

چــووه ژووریَ، دوایـــی گەڕایەوە و چـــووە هـــۆڵەکە و ســـەیرێکی دەوروپشــتی خــۆی کــرد و گــوتی وەی پەنــا بە خــوا لە ئەمشـــەو و میوانی ئەمشەو، نازانم لە کوێیەوە دەست پێ بکەم؟ تۆزیَ ڕاوەستا و گوتی با جاریَ بچم بە لای چێشتخانەکەوە.
خـانم هـاتە لای و گوتی ئەی گوڵە کوا؟ شـوکریە گوتی وەڵـڵا خـانم گوتم بـا تـۆزێکی تـر بنوێت گونـاحە، هێشـتا سـەعات حەوت و نیوە، چـونکە جـومعەیە و مەکـتەب نیـیە، پێکەنیـی و گـوتی جـاریَ وا مـن خەریـک دەبـم، ئێسـتە چـی دەفەرمـووی؟ جـاریَ چـی بکەم خەریکی چایەکە بم؟
خـانم گـوتی ئەریَ وەڵـڵا بـا جـاریَ نانەکەمـان بخـۆین ئینجـا خەریـک دەبـین، شـوکریە گـوتی بەڵـیَ باشــە. خـانم چـوو بـۆ ژووری خـۆی و مێردەکەی خەریـک دەبـوو هەڵدەسـتا و بەدەم باوێشـکەوە گوتی ئەوە گوتم بەیانی تۆزێـک درەنـگ هەڵدەسـتم ئـەمڕۆ جومعەیە، بزانە چـۆن خەبەرم بــووەوە، هەرچەنــد دەکەم خەوم لـــیَ نـــاکەوێتەوە، کەچـــی ڕۆژانی تریش چونکە دائیرەم هەیە و دەبیَ زوو هەسـتم و منـاڵ بەرم بۆ مەکتەب، خەو هەر بەرم نادات.
ژنەکەی هاتە لایەوە و گوتی هەستە هەستە، بە خوا کارەکەری چاکت بۆ پەیدا کردووم ماشەڵڵا. مێردەکەی بە پەرۆشـەوە گوتی چۆن، چی دەڵێیت؟ هەستا و دانیشت و چاوی بڕییە دەمی ژنەکەی.
ژنەکەی بە مـاتییەکەوە لە سـەر قەراغـی جێگـەکەی دانیشـت و گـوتی خـانم هـاتووە کچەتیوەکەشـمان لـیَ هەڵـدەگێڕێتەوە، مێـردەکەی گـوتی باسی کیَ دەکەیت؟ ژنەکەی گوتی باسی شـوکریە خـانم دەکەم، دەڵـێم بۆچی گوڵەی ئاگرتێبەربوو هەڵنەستاوە، دەڵێت توخـوا گونـاحە هێشـتا زووە بـا بنوێـت، وەڵـڵا هەر ئەمەمـان کەم بـوو. مێـردەکەی دەسـتی هەڵگلۆفـت و تـۆزیَ منگەمنگـی کـرد و گـوتی ئینجـا گیـانە قەی چـی دەکات، ڕاستە خۆ جومعەیە. پیاوەکە گورج گەڕایەوە و گوتی ئینجا حەز دەکەیـــت بـــڕۆم خەبەری بـــکەمەوە و هەر شـــێتی دەکەم لە

خەوەکەیدا، بەم بەیانییە زووە بۆ وا خۆت نارەحەت دەکەیت و ڕۆژەکە لە خۆت تێک دەدەیت؟ گوڵە و باوکی گوڵە هەڵسێت و هەڵنەسێت چاوی دەردەهات. هەستایە سەر پێ و ڕۆبەکەی لە بەر کرد، چووە نزیک خانم و دەستی کردە ملی، گوتی دەی هەستە و پێبکەنە، تاقەتم نییە زووزوو بە عاجزی و لچشۆڕی بتبینم. ژنەکەشی پێکەنیی و بە نازەوە پاڵێکی پێوە نا و گوتی ئۆی، هێشتا بۆنی ویسکی و ئارەقت لێ دێت. مێردەکەی جارێکی تر خۆی بەردایە سەر جێگەکەی و بە زەردەخەنە و ڕوویەکی خۆشەوە هەر وەک بیر لە ڕووداوێکی زۆر خۆش بکاتەوە یا وەکو پاڵەوانێکی زۆر ئینسانی و پیاوەتیی کردبێ یا هونەرێکی زۆر ڕەنگینی لێ وەشابێتەوە، دەستی خستە سەر ناوچەوانی و گوتی ئاخر تۆ دەزانی ئەم چەند کەسە چەند قاپمان تەواو کرد، دیسانەوە تۆزێ ڕاوەستا و بیری کردەوە و گوتی ڕاوەستە توخوا، هەمووومان بە منەوە پێنج پیاو بووین دوو بوتڵ ویسکیمان تەواو کرد، وا بزانم بوتڵە ئارەق و شەرابەکەش نیوە بوو، کابرا هەستایەوە، گوتی بڕوات بێت بە تەواوی نازانم چەندمان خواردووەتەوە، کابرا پێکەنیی و گوتی بەڵام زۆر حەشرمان پێ کرد. دەستی خستە ناو گیرفانی ڕۆبەکەیەوە و دوو هەنگاو ڕۆیشت بە لای دەرگای ژوورەکەدا، لەپڕ وەرگەڕایەوە بۆ لای ژنەکەی و گوتی ئای باوکە گیان لە مێردەکەی بەدری خان،ماڵی کاول بێت خۆ بوتڵێک ویسکی تەواو بەسەر ئەودا ساغ بوویەوە، بە ڕاست ئەمە چی بوو ئەو کابرایە، هەر دەتگوت مەشکەی پیسە. ژنەکەشی پێکەنیی و گوتی بڵێم چی، هەندێک کەس کە دەچنە دەعوەتی وا، وا دەزانن ماڵی بەلاشیان دەست کەوتووە، هەر پیای دەکەن. مێردەکەی دەستی ڕاوەشاند و دەموچاوی کرابووەوە، سوورەسووری ڕوومەتی بوو و گوتی بلێ ماڵ کاول دەردی دەلێن قەیناکا ئەوا کا هیی خۆت نییە بەڵام کادان هیی خۆتە، ئەوە چۆن شەقی نەبرد. دەستی یەکتریان گرت و لە ژوورەکە چوونە دەرێ.

ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارەکەی لە دەرگایان دا، گوڵە بە هەڵەداوان ڕای کرد و دەرگاکەی کردەوە، شوکریەش بەدوایدا چوو کە بزانن کێ بوو، شوکریە مایەوە و گوڵە گەڕایەوە ژووری و گوتی خانم خانم، قەمەرەیە و میوانە، تاکو خانم خەریک بوو هەستێت و گوتی میوان کێیە، دوو ژن بە جل کوردی و پیاوێک بە ڕانک و چۆغەوە بە ماڵدا. خانم بە پەلەپڕوزی ڕای کرد و گوتی وەی، خۆ ئەمە مام و ئامۆژنمن، وەی پوورێشیان لەگەڵە. ئەوە لە کوێوە، یاخوا بەخێر بێن. دەستیان کردە ملی یەک و بوو بە قاوقریشک، مناڵەوردە هاتن و ماچومووچ و بەقوربان و بەساقە دەستی پێ کرد.
شوکریە جانتا و باوەڵی هێنایە ژوور و گوڵەش هەر هەڵدەبەزییەوە و دڵی خۆش بوو، ئەویش چوو شتەکانی لەگەڵ شوکریە هەڵگرت و هێنای. خانم گوتی دەی دەی شوکریە، شتەکان بەرە ئەو ژوورە گەورەیە، دەی خێرا عەلادینێک داگیرسێنە و بیبە دای بنێ.
مام و ئامۆژن و پوور توورەکە و کیسە و عەباکانیان دانا و دانیشتن. گوڵە بە پەلە خۆی گەیاندە چیمەنی ڕەفیقی و چرپاندی بە گوێیدا و گوتی ئەمانە کێن؟ ئەویش دەستی ڕاکێشایە ئەولایەوە و گوتی ئەمانە دایەگەورە و بابەگەورەی منن و ئەوی تریش خوشکی بابەگەورەیە، بەڵام گوڵە هیچ جوابێکی نەبوو بڵێت باش یا خراپ، لەبەر ئەوە کچەکە زانیی کە گوڵە کەوتە خەیاڵەوە، دیارە زۆر تێ نەگەیشت، کچەکە پێکەنیی و گوتی ئەمانە دایک و باوکی باوکمن. ئینجا گوڵە تێ گەیشت و ئەمیش دڵی خۆش بوو، بە ئەسپایی چەپڵەیەکی لێ دا و گوتی بابەگەورە و دایەگەورە.
گوڵە چووە لای شوکریە و دۆزییەوە، چونکە شوکریە سەری قاڵ ببوو و کەوتبووە ناو نوێن و جێگەڕێزکردن و سەرجێگە و متیل و پەتووی کۆمەڵ کردبوو، ئەمی هەڵدەگرت و ئەوی دادەنا، خۆشی تۆزێ خاووخلیچک بوو. گوڵە چوو سەری خستە پەنا گوێی و گوتی ئەمانە (دایەگەورە و بابەگەورەن)، دایک و باوکی ئاغای گەورەن،

شوكریە چاوێكی گێڕا هیچ كەس دیار نەبوو، زەردەخەنە گرتی و و لەسەرخۆ گوتی ئەی ئەو (سەر سەبەتەیە) كێیە؟ گوڵە قاقایەكی بە بەرزی لێ دا، شوكریە چەپۆكێكی پیادا كێشا و گوتی كچێ بێدەنگ بە. هەردووكیان بە ئەسپایی و بە دڵ دەستیان كرد بە پێكەنین.
دوای دوو سەعاتێك (ئاغای گەورە) هاتەوە و گوڵە هەر زوو مژدەی دایە و گوتی (ئاغا) دایەگەورە و باوەگەورە هاتوون. ئەویش بە پەلە چوو لە دوورەوە باوەشی بۆ كردنەوە و ماچوموچیان لەگەڵ ئەویش دەست پێ كرد، بە خۆشی و پەرۆشەوە دانیشتن، گوتی یاخوا بەخێر بێن، ئەمە چۆن بوو هەروا لەپڕ بێخەبەر و بێجواب. كوڕەكەیان نەیدەزانی چی بكات و جارجاریش سەیرێكی ژنەكەی دەكرد و دوایی گوتی خێرە خۆ كەس نەخۆش نییە شوكور. باوكی دەستی برد بۆ پیاڵە چایەكەی بەردەمی و گوتی شكور خێرە، بەڵام دایكت دەموددانی زۆر نارەحەتی كردبوو، پووریشت خۆت دەزانی دوو ساڵە هەموو ددانی كێشاوە و بەسەزمانە ئەوە دوو هاوین بوو دەهات بۆ شار كە ددان بكات، ئیتر بۆی ڕێك نەدەكەوت. ئێستە بەم سەرمایە هاتووە، ئێمەش لەسەر سەفەر بووین، ئیتر ئەویشمان هێنا و گوتمان گوناحە، لێرە هیی باشتری بۆ دەكەن وەک لە سلێمانی، بیریشی دەكردی. كوڕەكەیان تۆزێ دانیشت و هەستایەوە و گوتی یاخوا بەخێر بێن. بە خوا زۆر چاكتان كرد. بە سەر چاو، سبەینێ سۆراخی دكتۆری چاكیان بۆ دەكەم و جارێكی تریش چوو دەستی كردە ملی دایک و پووری. مەلیحە خان یان خانم چووبووە چێشتخانەكە و لەگەڵ ئیشكەرەكانی خەریكی حازركردنی نان و خواردن بوون بۆیان.
شوكریە بەدەم ئیشەوە گوتی ئەرێ خانم گیان ئەوە بۆچی ئەم پوورە جلوبەرگی لە هیی لادێی دەچێت، وەكو دایەگەورە نییە و سەر و سەرپێچی زۆر گەورەیە، ئەم چەند تەسبیحە چییە لە ملیدا؟ خانم سەری ڕاوەشاند و بە ئەسپایی لچی هەڵقورتاند بێ ئەوەی كەس

هەستی پێی بکات، گوتی ئەمە لە لادێ دەژی، هەر لە زووەوە دابوویان بە شوو بە پیاوێکی لادێیی. ئیتر هەر لەوساوە لەوێ دەژی و جاربەجار دێت بۆ سەردان. بەڵام ئەمە یەک بێت بۆ بەغدا. شوکریە پێکەنینی دەهات، بەڵام هەر خۆی دەگرت و گوتی ئەی خانم ئەم هەموو تەسبیحە چییە لە ملیدا؟ خانم بە بێزارییەکەوە گوتی ئەمە دەروێشی تەریقەتە، خۆی زۆر ژنێکی بەدینە و زۆر فەقیر و ساویلکەیە، بەڵام جلوبەرگی هەر وایە. خانم تۆزێ تووڕە دیار بوو، بەڵام هەر دەیویست وا پیشان بدات کە زۆر زۆری پێ خۆش بووە.

شەو شوکریە و گوڵە و خانمیش لەبەر حەمام و مناڵ و جلوبەرگ بۆ بەیانیی مەکتەب سەریان قاڵ بوو. هەرچۆنێک بوو، هەموو ئیشێک تەواو، هەر کەسە چووە ژووری خۆی بنوێت.

خانم و مێردەکەشی لە ژووری خۆیان بە ئەسپایی و بە چرپە کەوتنە قسە. ژنەکە گوتی یارەبی بەخێر بێن، خۆ ناڵێم خوانەکردە شتێک، بەڵام دەترسم پووری دیسان حاڵی لێ بێت و مناڵەکان بترسن یا میوانێکمان بیبینێت سەری بابدا. گوتی بڵێم چی، لە سەرێکی تریشەوە دەڵێم دەبوو خێری پێوە بوایە و نەیانهێنایە. بۆ قابیلە سلێمانی ددانسازی لێ نەبێت؟ مێردەکەی گوتی گیانەکەم تازە هاتووە و بەخێر بێت، گوناحە، خۆ حاڵلێهاتن عەیب و عار نییە قەی چی دەکات، بەڵام ئینشەڵڵا حاڵی لێ نایەت.

ژنەکە گوتی سەرەکەشی و پێچەکەشی زۆر گەورەیە، دەبوو ئامۆژنم پێی بڵێت کەوا ئێرە بەغدایە. مێردەکەی پێکەنیی و گوتی ئێرە بەغدایە و دەبێ سەرت بچووک بکەیتەوە، بە جووتە دەستیان کرد بە پێکەنین و چوونە ناو جێگەکانیانەوە.

شوکریە و گوڵەش چووبوونە ژوورەکەیان، لە دوای ئەوەی چەند جارێک بانگ کرانەوە لە لایەن ئەهلی ماڵەکە، هەر کەسە ئیشێکی پێ دەکردن و ڕای دەسپاردن. شوکریە دەرگای ژوورەکەیانی پێوە دا و گوتی ماڵتان ئاوا بێت چیتان کرد، دە ئیتر لێمان گەڕێن بۆ خۆمان

تۆزێ ئیسراحەت بکەین، لە سەعات حەوت و نیوەوە من و ئەم منداڵە داماوە بە پێوەین، وا ئێستە نزیکی دوانزەیە. شوکریە جێگەکەی لەگەڵ گوڵە دانا. گوڵەی فێر کردبوو کە چۆن جێگەکەی بە جوانی ڕابخات و چۆن خۆی دابپۆشێت. جاری وا هەبوو یەک دوو جاریش شوکریە خەبەری دەبووەوە و گوڵە نوێنەکانی لە سەر لادەچوو و ئەم دای دەپۆشییەوە. بەو ماوە کەمەی کە پێکەوە بوون، هەر وەک دایک و کچ و خوشکیان لێ هاتبوو. گوڵە هەر بە جارێک بووژابووەوە، چونکە شوکریە زۆر یارمەتیی دەدا و ئیشە قورسەکان هەمووی خۆی دەیکرد، دڵی نەدەهات و بەزەیی پیایدا دەهاتەوە.
هەموو شەوێک پێش نوستن بۆ خۆیان قسەیان دەکرد و گاڵتەیان بە هەندێ ڕەوشت و خووی خانم و ئاغاکەیان دەکرد و ئیتر پێدەکەنین. ئینجا وا ئەمشەو میوانەکانیشی هاتبوونە سەر، شوکریە بە پووری زۆر پێدەکەنیی و دەیگوت فەقیرە شکڵی چەند پێکەنیناوییە، زوو زووش دەیگوت ئۆ خوایە تۆبە لێم نەگری، دەمی قوپاوە و یەک ددانی تیادا نییە و ئەو سەرە گەورەیە. شوکریە بە بێدەنگی پێدەکەنیی و دەستی دەکێشا بە سنگیدا، لە تاواندا دەیگوت دەڵێن حاڵی لێ دێت و زۆر ئەهلی دینە، بەقوربانی دین بم، ئەی ئەم هەموو بازن و ئەنگوستیلە و تیلتیلە و بیلبیلەی زیوە چییە کردوویەتی بە خۆیدا. ئینجا شتەکانی دەژمارد و دەیگوت گۆبەرۆکی زیو و لاگیرەی زیو، هەر دەستەی دوانزە بازن. شوکریە چاوی خۆی لە فرمێسکی پێکەنین دەسڕییەوە و دەیگوت ڕەنگە کە حاڵی لێ بێت، زرموهوڕی خشڵەکانی ڕۆژەڕێیەک بڕوات.
گوڵەش دەچووە ناو جێگەکەیەوە و لەپڕ دەیدایە پڕمەی پێکەنین و هەڵدەستایە سەر پێ و هەردوو دەستی دەکردەوە و گوپی پڕ دەکرد لە هەوا و ورگی دەردەپەڕاند لاسایی (ئاغای) دەکردەوە کە لە دوورەوە چۆن چووە بۆ دایک و باوکی و گوتوویەتی یاخوا بەخێر بێن یاخوا بەخێر بێن. شوکریەش لەبەر پێکەنین هەناسەی سوار ببوو، تۆزێ هاتبووە سەر

خـۆی و بە گـوڵەی دەگـوت کچـێ (ئاغـا) کـوا یەکجـار وا قەڵەوە و ورگـی دەرپەڕیـوە. بێـدەنگ دەبـوونەوە و خۆیـان دەکـرد بە ژێـر جێگـەوە، لەپـڕ یەکێکیان قسەیەکی دەکرد و ئەوی دیکە دەیگوت بەسە با بنوین.
بۆ بەیـانی مـاڵەکە قەرەبـاڵغ ببوو، هـەر بەیەکدا دەهـاتن و منـاڵ حـازر دەکران بۆ مەکتەب. باوکیان بە پەلە جار ڕای دەکرد بۆ ئەوەی کۆیان بکاتەوە، جـار دەبوو بچێت سـەری بـاوک و دایکـی بدات و دوو سـێ قسـەیان لەگەڵ بکات و باسـی ددانساز و دکتۆری پووک و ددان بکـات کە وا پیشـانی بدات و دڵنیایان بکات کە ئەم زۆر خەمـی هەڵگرتـووە و بیری نەچووە. هەروەهـا سـەرێک بکێشـێتە لای پـووری کە بە تەنیـا لە ژووره بچکـۆلەکە نوسـتبوو، چـونکە زۆری شـــەو هەر شـــەونوێژی دەکرد و بەیانیان شەوەکی هەڵدەستا، بۆیە بە تەنیا دایـان نـابوو تـاکو نە ئەو نارەحەت بێت و نە ئەو خەڵکەی لەگەڵین.
مەلیحە خان بە چرپە بۆڵەیەکی کرد و ڕووی کردە مێردەکەی کـە بـۆ کلیلـی ئۆتـۆمبیلەکەی دەگەڕا و هـەر دەسـتی لە گیرفانەکـانی دەدا، بە پەلە جەریـدە و کـاغەز و شـخارتە و کەلوپەلەکـانی لە سـەر مێـزەکە لادەدا و دەگەڕایەوە سـەر گیرفـانی. مەلـیحە خـان گـوتی باشـە ئـەمڕۆ قبوڵی مـاڵی حـاکم عەبدوڵلایە، چۆن نەچـم؟ جاری پێشـووش دیسـان شتێک و تەگەرەیەک هاتە پێشەوە و نەچووم. ئێسـتە ناڵێت ئەمە چـی بـوو هەر بـۆ نـۆرە قبـوڵی ئـێمە بیـانوو دەگرێت. مێـردەکەی کلـیلەکەی دۆزییـەوە و هەناسـەیەکی هەڵکێشـا و بە پەلە گـوتی ڕاسـت دەکەیـت، جـاری پێشـوویش نەچـووی. بیـرم کەوتەوە لەگەڵ کـوڕەکەی خـاڵە عەبەم دەبوو بچین بۆ فڕۆکەخانە کە سەفەری کرد و هەموویان لێره بوون. ژنەکەی گوتی ئەی چی بکەم؟
مێردەکەی گوتی ئینجا من دەڵێم بڕۆ، دایـک و بـاوکم غەریـب نـین مـن زوو دێمەوە بۆ لایان، تۆ بڕۆ خوات لەگەڵ بێ.
پیاوەکە گورج ئاوڕی لە ژنەکەی دایەوە و گوتی تەلەفون بـۆ تاکسـیی شەریکە دەکەم بتبات و بتهێنێتەوە.

ژنەکەش دوابەدوای ئەو هـاتە دەرەوە و تـۆزێ مـات بـوو. ئەویـش وەیش وەی گیـان وەی گیانی بـۆ دەکـردن و چەنـد ڕۆژێکـی خۆشـە، چونکە ئێوە لێرەن و ئاوڕێکی دایەوە و پووریش بە خڕنگوهووڕ هات و سەرپۆشەکەی لە سەر و دەمی ئالآندبوو بۆ ئەوەی دەمودانەکەی دیار نەبێت، دەستی خستە سـەر سـەری منـاڵەکە و دووعـای بەسـەردا خوێند و دەستیدا لە پشتی و گوتی خوایە بە حاکم بیت. دەست کرا بە نانوچـاخواردن و قسـە و بـاس و پـرس و پرسـیار. مەلـیحە خـان دەیویسـت هەلێـک بـدۆزێتەوە تـاکو باسـی گەڕانەکەی ئـەمڕۆیان بـۆ بکات، لەبەر ئەوەی کە پـووری بە کـوڕەکەی گـوت ئیشـەڵڵا بە حـاکم دەبیـت، قسـەکەی قۆسـتەوە و بە زەردەخەنەوە گـوتی وەی چەنـد سـەیرە، ئەوە پـووری باسـی حـاکمی کـرد، کەچـی شـەوێ مـاڵی حـاکم عەبدوڵڵا تەلەفونیان کرد و گوتیان دەبێ ئـەمڕۆ بێیت بۆ لامـان، حەز دەکەیـن و میوانمـان هەیە، منـیش گـوتم ئەیەڕۆ چـۆن دێـم، مـامم و ئامۆژنم و پووری باوکی چرا هاتوون.
خەسـووەکەی هەڵـی دایە و دەسـتی دا لە سـەر و دەسـماڵی و گـوتی ئەیەڕۆ بە مەرقەدی پێغەمبەر (د.خ) هەر دەبێ بڕۆیت، بۆچی ناچیت؟ خۆ ئێمە بێگانە نین، مـاڵی خۆمـانە و مناڵەکان لە مـاڵ دەبن. مەلـیحە خـان گـوتی وەی، ئـاخر چـۆن دڵـم دێـت، چـۆن بەجێتـان دەهـێڵم، خەزووری گـوتی بە زاتـی خـوا هەر دەبێـت بچـی، خـۆ منـاڵ نـین. خەسووەکەی گوتی بڕۆ، هیچ خۆت دوا مەخە، بـڕۆ خـۆت حـازر بکە، چی دەکەیت بیکە. بووکەکەی گوتی جارێ زووە، ئەگەر بچم دەبێ دەوری پێـنج و شەشـی ئێـوارە بچـم. خەزووری گـوتی بـڕۆ کچـم، خواحـافیزت بێت. خەسـوو و خەزووری مەلـیحە خـان زۆر ئینسـانی باش بوون، یەک لە یەک باشتر بوون، زۆر دڵپاک و بێپێچوپەنا بوون، چەند حەزیان لە خۆشیی خۆیان و کوڕ و مناڵیـان دەکرد، ئەوەندەش حەزیان لە خێری خەڵک دەکرد. خەسـووی ژنێکی زۆر بەحـورمەت و خوانـاس بـوو، ئەگەرچـی زۆر دەوڵەمەنـد نەبـوون، بەڵام تێروتەسـەل

بوون، بەپێی حاڵی خۆی دایم چاکەی لەگەڵ خەڵک دەکرد و هەمیشە بە دزییەوە خێری بە لێقەوماو دەکرد، دەستی زۆر بێوەژنی ناسیاوی دەگرت، لەگەڵ مێردەکەی زۆری ڕەوشتیان لەیەک دەچوو، هەروەها بەبێ یەکتریش قەت هەڵیان نەدەکرد، وەکو دەڵێن پێکەوە پیروخەڕۆ ببوون، ئەگەرچی زۆر پیری واش نەبوون و هێشتا قنجوقیت بوون، خەسووەکەی زۆر ژنێکی لێوەشاوە و ڕێکوپێک بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەیانزانی ڕەنگە پووری بەو سەر و جل و هەیکەلەوە تۆزێ نارەحەتییان بۆ پەیدا بکات، چونکە ئەو لە سلێمانی کە دەردەکەوت، یا جارێک بچوایە بۆ بازاڕ، منداڵەورتکە و هەروەها خەڵکی تریش ناووناتۆرەیان لێ دەنا، یەکێک دەیگوت (خۆتان لادەن وا هات)، ئەوی تر (تەنزیلاتی قوڵینەیە). ئینجا وەرە لە بەغدا و لە ناو ئەم عەرەبانە دەبێ چی بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا دڵیان نەهاتبوو کە نەیهێنن یا پێی بڵێن سەر و قیافەت بگۆڕە نەوەکو تەریق ببوایەتەوە.

مەلیحە خان خۆی حازر کرد و خۆی ڕازاندەوە. خەسوو و خەزووری دڵیان خۆش بوو کە چاویان بە بووکەکەیان کەوت کە شۆخ و شەنگ و شلومله و خوێنشیرینە و جلی لێ دێت، هەر سەیریان دەکرد و دڵیان ڕوون دەبووەوە، دەتگوت تازە دیویانە.

مەلیحە خان و ژنە دراوسێکەیان و شوکریە گەیشتنە قبوڵەکە، دیسان قەرەباڵغییەکی زۆر بوو، ماڵی حاکمەکە کورد بوون، بەڵام ئاشنای عەرەبیان زۆر بوو، دیسان حیلە و پێکەنین و دەنگی پیاڵە و قرتەقرتی چەرەز و دەنگی قاپ و کەوچک بە ئاسانی دەبیسترا. (ئوم باسل) هەر زوو مەلیحە خانی بانگ کردە لای خۆی و جێی بۆ کردەوە، مەتحی کرد و باسی چێشتەکانی ئەو ڕۆژەی کرد، زۆری هەڵدا و ڕووی لەگەڵ خۆش بوو. ئەمیش جوابی دەدایەوە و دەیگوت ئەوە لوتفی خۆتە و خۆت ژنی و خانمی، کێ حەدی هەیە کە وەک تۆ بزانێت نان و چێشت بکات، پێکەنینی جەماعەتەکە دەگەیشتە کەشکەڵانی فەلەک.

شـوکریەش بـرایە ژووری کارەکەرەکـان و لەوێـش دوو سـێ کەسـی تـری لـێ بـوون کە بە میـوانی لەگەڵ خانمەکانیـان هـاتبوون، ئەوانە عەرەب بـــوون و کچێکـــی جـــوانکیلەش خـــۆی کـــزۆڵە کردبـــوو و حەپەسـابوو. کـوردی بـادینی بـوو یەک کەلـیمە عەرەبیـی نەدەزانـی و ئیشـــکەری مـــاڵی حـــاکمەکەش هەرە عەرەب بـــوو. شـــوکریە چـــووە ژووری و سەلامی کرد، بە سەر و جلوبەرگی کچە کزۆڵەکەدا زانیی کە کـوردە، شـوکریە لێـی چـووە پێشـەوە و هەواڵـی پرسـی و گـوتی دایکـم تـۆ کـوردی؟ کـچەکە بە چـاوێکی زۆر مەلـوول و دامـاوەوە سـەیری کـرد و گـوتی بەڵـێ مـن کـوردم. شـوکریە بە زەردەخەنەوە گوتی وەی گیـان، هەر گوتم ئەم کچە جوانە ناسکە دەبێ کورد بێ. خەڵکی کوێی؟ کچەکە بە شێوەی بادینی و بە دەنگێکی نزم و لەرزۆک گـوتی خەڵکـی لای دهـۆکم. شـوکریە عەبـاکەی لە خـۆی کـردەوە و بە جـوانی دانیشـت و بە ڕوویەکـی خۆشـەوە سـەیرێکی ئەوانـی تریشـی کرد، چاکوچۆنی و قسەی لەگەڵ کردن، بەڵام بـاش بـوو، ئەوانـیش بـۆ خۆیـان قسـەیان دەکرد. ئەوان بە عـومر تـۆزێ گەورە بوون و باسـی کوڕ و بووک و شەڕ و بەزمی خۆیـان دەکرد. لەبەر ئەوە شـوکریە لە خوای ویست کە ناچار نەبێت لەگەڵ ئەوانیش خەریک بێت، بـۆ ئەوەی لەگەڵ کچە کوردەکە قسە بکات.

شـــوکریە دوای ئەوەی پەرداخە شـــەربەتەکەی لە ئیشـــکەری مـــاڵەکە وەرگـرت و یەکێکیشـــی خســـتە بەردەمـــی کـــچە کـــوردەکە، سوپاســـی ئیشکەری ماڵەکەی کرد، ئیتر بە تەواوی ڕووی کردە کچە کوردەکە و هەموو خەیـاڵی دایە و کەوتە قسـە، لە دوای تـۆزێ قسـە خـۆی لە بیر چووەوە و وای زانی کە هەر خۆی و ئەو کچە لەوێن، شوکریە کەوتە قسـە، بەڵام لە دڵـەوە هەسـتی بە نـاڕەحەتی و نائـارامیی کچە کرد کە دڵـــی کـــچە زۆر پـــڕە و هەرزوو هەســـتی کـــرد کە ئەم کزۆڵـــی و خەمبارییەی بە دەموچاوی ئەم کچە فەقیرەوە دیارە، لە خـۆڕایی نییە. کچـەی بەسـەزمان هەر شـانزە حەڤدە سـاڵ دەبوو، ئەگەرچـی خەم و

خەفەت ژاکاندبووی، بەڵام شیرینی و جوانیی هەر تیادا مابوو، پرچە جوانە زەردەکەشی هەروا بە شێواوی و نارێکی لەژێر لەچکێکی کۆنی بێڕەنگدا شاردبووەوە، دەست و پەنجە بێتین و لەرزۆکەکەشی هەر زوو دەئاخنییە بن هەنگڵیەوە وەک ترسابێت لەوەی ئەم جوانییەی بخاتە ڕوو نەوەکا هەندێ دڕندە و گورگی چاوبرسی و بێهەست و بێشعور پەلاماری بدەن و پڕی پیادا بکەن.
شوکریە لە دیمەنی کچەکە زۆر شڵەژا و ناڕەحەت بوو، گوتی کەی هاتووی و لە ماڵی کێی؟ دایک و باوکیشت لێرەن؟ هەر ئەوەندەی زانی فرمێسک لە چاوی کچە وەک بارانی پەڵە هاتە خوارەوە و هەرچەند کردی و عەبای هێنا و فەقیانەکانی کردەوە و سەری بردە ئەولا و هەرچییەکی کرد، فایدەی نەبوو، فرمێسک ئاشکرا بوون و هاتنە خوارەوە. شوکریە بە پەرۆشەوە پەلاماری دا و گوتی قوربانت بم خوشک و دایکم، بۆچی دەگریت، ئەوە چیتە؟ دە پێم بڵێ چیتە؟ من خوشکی تۆم و دایکی تۆم، بە خوا هەرچییەکم لە دەست بێت بۆت دەکەم. کچەکە چاوی سڕییەوە و سەیرێکی ئەملا و ئەولای کرد و گوتی ئاخر دەترسم، شوکریە گوتی مەترسە، تۆ قسەم بۆ بکە، با بزانم چیتە. کچەکە بە ترسێک و شەرمێکەوە گوتی من لە دێیەکەی خۆمان بووم لەگەڵ دایک و باوک و خوشک و برا و هەموو خزمەکانم بووم، بۆ خۆمان وەکو خەڵکی تر هەموو جارێک خەڵک و مشتەری و لۆری دەهاتن سەوزە و میوە و تەماتەی زۆری دێیەکەمانیان کۆ دەکردەوە و دەیانبرد بۆ موسڵ بۆ فرۆشتن.
کچەکە دیسان چاوی سڕییەوە و گوتی پیاوێک لۆرییەکی پێ بوو، دایم دەهات و چاکوچۆنیی لەگەڵ باوکم دەکرد، باوکم کرێکار بوو و لەو ناوە ئیشی دەکرد و لۆریی بۆ بار دەکردن.
ڕۆژێک پیاوەکە بە باوکمی گوتبوو بۆچی ئەم کچە نادەی بە من و شووم پێ بکات؟ من حاڵم باشە، دوکان و لۆریم هەیە و لە موسڵ ئیشی باشم هەیە. شوکریە چاوی زەق ببوو و هەر گوێی بۆ کچەکە

دەگرت. دیسان قوڕگی پڕ بوو لە گریان و گوتی پیاوەکە کورد بوو، دوایی گوتی نازانم، بەڵام بە کوردی قسەی دەکرد، کوردییەکی شکاو، دەیگوت دایک و باوکم کوردن و من کوردم، بەڵام لە موسڵ گەورە بووم. هەرچۆنێک بوو، دوای چەند جار هاتوچۆ و دەست و دیاری، باوکم ڕازی بوو و منی دایە، بەڵام دایکم ڕازی نەبوو، شەڕی زۆری کرد و گریا و خۆی کوشت، دەیگوت کچەکەم نادەم بەم پیاوە، لە سەروسەکوتی دەترسم، زۆر زۆر لە فێڵباز و درۆزن دەچێت. لێرە کچەکەم دەدەم بە شوو، با لای خۆم بێت، بەڵام فایدەی نەبوو، نە فرمێسکی خۆم و نە هیی دایکم کاریان نەکرد و پیاوەکە منی هێنایە موسڵ دوای ئەوەی چەند دینارێکی دایە باوکم.

شوکریە چاوی پڕ بوو لە فرمێسک و هەموو هۆش و حەواسی لای کچەکە بوو، نە چای بیر مابوو نە ئەو شتانەی لە بەردەمیان دانرابوون. شوکریە بە سەرپۆشە ڕەشەکەی چاوی سڕییەوە و گوتی پیاوەکە چۆن بوو، گەنج بوو پیر بوو. کچەکە گوتی وەڵڵا خراپ نەبوو، چلوپێنج ساڵ دەبوو، شکڵیشی خراپ نەبوو، ئینجا منی هێنایە موسڵ. دوای ئەوەی لە موسڵ ماین و منی لە خانوویەک دانا و گوتی ئەمە ماڵی منە، بەڵام هەر دڵم تەنگ و هەر ترسم لێ نیشتبوو. دەمزانی ئەم ئیشە ڕاست نییە و زۆر جار هەر دەگریام.

ڕۆژێک هاتەوە و گوتی (فەیروز) هەستە با بڕۆین بۆ بەغدا، دەبێ لۆری و شت ببەم و تۆش دەبەم. بەغدا وایە و وایە، منیش هەستام لەگەڵی هاتم و شەو لە ژوورێک نوستین و بەیانی خۆی چووە دەرێ و لای نیوەڕۆ هاتەوە. گوتی هەستە بتبەمە لای ژنێک، چونکە من ئەمشەو دەبێ بڕۆم بۆ شوێنێک و بارم پێیە، تۆش نابێ لێرە بە تەنیا بیت، دەبێت بتبەم بۆ ماڵی ئاشنایەکم، منیش لەگەڵی چووم بۆ لای ژنێک و پیاوێک و چەند کچ و ژنی تریش لەوێ بوون، لای ئێوارە هەندێ خەڵک دەهاتن و دەچوون. ئەو ژن و کچانە دەچوون لەگەڵیان. دوایی سەیر دەکەم پیاوێکی بە جلی سەربازییەوە هات و ئەم ژنەی

لەگەڵ بوو کەوا ئەمڕۆ لەگەڵی هاتووم بۆ ئێرە. ژنەکەی کە هاتبووم بۆ لای، پەلی منی گرت و بە عەرەبی قسەی کرد و منی دایە دەستیان. ئەمانیش منیان سواری ئۆتۆمبیل کرد. هەرچەند گوتم ئەمە چییە و بۆ کوێ دەچین، بەڵام گوێیان نەدامێ، بە عەرەبی و بە ئیشارەت گوتیان سوار بە و منیان بردە ماڵی خۆیان. ئیتر هەر چاوەڕێم کرد کەس دیار نەبوو. ژنەکە بانگی دەکردم و ئیشی پێ ڕادەسپاردم، بە ئیشارەت مناڵەکانی پێ هەڵدەگرتم، تاکو چەند ڕۆژێک. بە شەویش ژورێکیان دابوومێ کە لەوێ بنووم. کچەکە بە عەباکەی دەموچاوی شاردەوە و دایە هاڕەی گریان و بە ئەسپایی گوتی شەویش نوستبووم، سەیر دەکەم یەکێک هاتووەتە سەر جێگەکەم، ڕاپەڕیم و خەریک بوو بقیژێنم، بەڵام فایدەی نەبوو، دەرەقەت نەهاتم، بە حەپەساوی بە چڕنووک و بە لەقە پەلاماریم دا، هەموو لەشمی تێک شکاند ئەوەندەی لێ دام. ئیتر لەو شەوەوە هەموو شەوێک ئەم پیاوە زابتەی مێردی ئەم ژنە وام بەسەر دەهێنێت. نازانم قسە بکەم. نە کەس دەناسم. نازانم بچم بۆ کوێ. بە کێ بڵێم و بەیانیان هەڵدەستم بە چاوی فرمێسکاوییەوە ئیشیان بۆ دەکەم، ژنی پیاوەکەش هەر قسەم پێ دەڵێت، نازانم چی دەڵێت، بەڵام تێ دەگەم کە باسی من دەکات و لەگەڵ مێردی شەڕ دەکات. شوکریە ڕاپەڕی و گوتی باشە ماڵەکەیان لە کوێیە؟ کچەکە بە فرمێسکەوە گوتی ئەگەر ناوی گەڕەک و ماڵەکەیانم دەزانی بۆ وام لێ دەهات. کچەکە ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی ڕۆژێک خەریک بوو ڕابکەم و تا سەری ئەولایەش چووم، بەڵام سەیرم کرد هەر خەریک بوون بمخۆن، دوو سێ هەتیو و مەتیو لێم ئالان، چونکە لای ماڵەکەیان هەمووی باخی خورمایە و زۆر چۆڵە، منیش ترسام و گەڕامەوە و گوتم خوا دەزانێ دوایی ئەمانیش چیم بەسەر دەهێنن.

شوکریە گوتی باشە ئەی ئەو مێردە سەگبابەت نەهاتەوە بە لاتدا، کچەکە گوتی با، جارێک هات، لای نیوەڕۆ بوو. من زۆر گریام و

گوتم بمبەرەوە، ئەم پیاوە وام لێ دەکات، گوتی باشە ئێستە دێمەوە، پیاوە زابتەکەی لەگەڵ بوو، قسەی لەگەڵ دەکرد، وا بزانم پارەی دایە و ئەویش خۆی لێم دزییەوە و ڕۆیشت.

شوکریە هەر شێت بوو، ئارامی نەما و گوتی هەستە وەرە لەگەڵم، کچەکە گوتی خۆزگە، دەستت و قاچت ماچ دەکەم نەجاتم بدە توخوا. شوکریە بیرێکی کردەوە و شڵەژا، لێوی خۆی دەگەست و بە ئەسپایی و لەسەرخۆ گوتی تۆ هەر لێرە دانیشە. شوکریە هەستایە سەر پێ و چوو سەیرێکی خانمەکانی کرد لە دوورەوە کە لە چ کەیف و حیلکە و بەزمێکـدان، خەڵکـی وا قوڕبەسـەریش هەیە کە مـردن بە ئـاوات دەخوازن.

شـوکریە بە حەپەسـاوی و بە زەردەخەنەی دەسـتکردەوە چـووە نـاو ژنەکان و ڕووی کردە لای خانمی. خانمیش بە زەردەخەنەی خۆشییەوە ڕووی کردە دوو سێ ژنی دەوروبەری و گوتی ئەمەیە شوکریەی من. ئا دایکم بزانن چەند ڕێکوپێکە. ڕووی کردە شوکریە و گوتی خێرە. شوکریە گوتی خانم زۆری ماوە بڕۆین؟ خانم گوتی بۆ؟ پێکەنیی و سەیرێکی ژنەکانی کرد، دیار بوو کە پێی گوتبوون کە شوکریە زۆر تەواو نییە و تۆزێ شێتۆکەیە و ئاخۆ چیی تریشی پێ گوتبن.

مەلیحە خان گوتی بۆ شوکریە، تاقەتت چوو؟ شوکریە دەمی خستە پەنا گوێی خانم و گوتی بە خوا تۆزێک سکم دێشێ، ئەگەر من بتوانم بڕۆمەوە، ئێستە میوانەکان و مناڵەکانیش بە تەنیان.

خانم گوتی ئینجا چۆن دەڕۆی؟ زۆر دوورین کچێ، دەزانی ئێرە چەند دوورە لە ماڵەکەمانەوە؟ شوکریە گوتی خەمت نەبێت، مەترسە گوم نابم، هەموو کونی بەغدا شارەزام. خانم گوتی باشە ژمارەی تەلەفونت پێیە نەوەکو گوم بیت. شوکریە گوتی هەموویم لەبەرە، هەتا هیی دائیرەکەی ئاغام دەزانم. خانمی گوتی ئەی پارە؟ دەستی دایە جانتاکەی، لە بەر چاوی خەڵک پێنج دیناریيەکی دەرهێنا و خستیە دەستی شوکریەوە. ئەویش سوپاسی کرد و ڕۆیشت.

شـوکریە چـووە ژووریێ و دانیشـتەوە و بە کـچەکەی گـوت بـڕۆ بـۆ تەوالێـت و هەنـدێ لەوێ بمێـنەوە. ئەگەرچـی سـاردە، بەڵام قەیناکـا، ڕووی کردە ئیشکەری ماڵەکە و گوتی ئەم کچە دەیەوێت بچێت بۆ تەوالێت. کـچەکەی سـاحێب مـاڵیش گـوتی وا بـزانم عەرەبـی نازانێـت. شـوکریە گوتی ئەرێ وەڵـڵا بەسـەزمانە هـیچ نازانێت. کچە کـوردەکە چـوو بـۆ تەوالێـت. دوای ئەوەی شـوکریە پێـی گوتبـوو کە هەر لەوێ بمێنێــت. کــچەکە چــوو و شــوکریە دانیشــتەوە لەگەڵ جەمــاعەتی ئیشـکەرەکان و شـتی خـوارد و قسـەی لەگەڵ کـردن و دوای بەینێک ئەویش خۆی دزییەوە و چووە دەرێ، لە بـاخی پشـتەوە هەردووکیـان چــوونە کــۆڵان و خۆیــان پێچــایەوە، بە خێرایــی خۆیــان گەیانــدە ســەرجادە و ڕاوەســتان. شــوکریە دەســتی لــە تاکســییەک ڕاگــرت، ئەدرەسـەکەی پـێ گـوت و لێیـان دا ڕۆیشـتن. لە نزیـک ماڵەکەیـانەوە پـارەی تەکسـییان دا و دابەزیـن. ئەو مـاوەیەش بە پـێ ڕۆیشـتن و چوونە ژوورەوە. هەمـوو ڕاپەڕیـن، ئەرێ شـوکریە بـۆ خانمـت بەجـێ هێشت؟ ئەویش وتی وەڵڵا بێتاقەت بووم. هەموویان چاویان تێ بڕی ئەی ئەم کـچە کێـیە؟ شـوکریە گـوتی ئەمە وەختـی خـۆی پـێکەوە لە ماڵێک بووین و زۆرم خۆش دەویست، وا هێنـاومە کە ئەمشـەو لە لام بێـت. ئەوانـیش بەخێرهاتنیـان کـرد. شـوکریە پـێش کـچەکە کەوت و کچەی بـردە ژووری خـۆی، جێگـەی بـۆ دانـا و زۆپـای بـۆ داگیرسـاند، دەستی کردە ملی و گوتی ڕاوەسـتە، بە خـوا سـەریان دەخەمە قەبری باوکیـان. کـچەکە دەسـتوقاچی شـوکریەی مـاچ کـرد و گـوتی بەڕەڵام مەکە. ئەویــش دەســتی لە ســنگی دا و گــوتی حەی، شــوکریە شــێت نـاناسی.

هێشتا چیت دیوە، دەرگاکەی لەسەر پێوە دا و هـاتە لای ئاغـا و دایک و بـاوکی و منـاڵان و جـارێکی تـریش سـەلامی لـێ کـردن و هەواڵـی پرسین، چوو تۆزێ خواردن و چایەکی بۆ کچەکە برد. دەست و قۆڵی هەڵمـاڵی و پەلامـاری ئیشــەکانی دا و بە پەلە چـوو خەریکـی نـان و

خواردن بوو بۆ جەماعەت، بەڵام هەر شڵەژابوو، مێشکی شێواو بوو، ئەمە چۆن وای کرد. بۆچی ئەوانەی لەوێ بوون کەرن، هەر ئێستە دەپرسن و دەزانن کە ئەم کچە لەگەڵ ئەو ڕۆیشتووە، چونکە پێکەوە دیار نەمان، ئەی لەناکاو گەڕانەوەی ئەم لە بەر چاوی ئەو هەموو خەڵکە، هەر ئێستە زابتەکە پۆلیسی بۆ دەهێنێتە بەر دەرگا. ئەی چی بەمان بڵێت؟ تاقەتی ئەم بەڵایەیان هەبێت؟ ڕەنگە ئەویش دەربکەن. ئینجا خەم، لێرە هەزار کەس دەستی ماچ دەکەن، وەڵڵا هیچ وانییە، ئەمە لە دزی و فڕاندن دەچێت و کێ ئیتر هەر دەهێڵێت بچمە ماڵی ئەگەر ناوم بکەوێتە ناو ناوان و پۆلیس؟ حەی، ئەی چۆن ئێستە من دانیشتمایە و گوێم لەم کچە قوڕبەسەرە بگرتایە و بمگوتایە وەیش فەقیری خوا، ئەوە بۆ وات بەسەر هات، دوو سێ قسەی دڵدانەوەی درۆم بکردایە و ئەو کچە داماوە بێزمانەم بەجێ بهێشتایە بڕواتەوە ناو چنگی ئەو گورگە بێشەرەفە و جارێکی تریش ئەو مێردە بێناموسە بێویژدانەی بهاتایە و بیبردایە بۆ خەڵکی تر و تیجارەتی بەسەرەوە بکردایە و بە کەیفی خۆی هەموو ڕۆژێک ناموس و شەرەفی ئەم نەگبەتەی بخستایەتە بەردەمی ئەم و ئەو و ئەویش پارەکەی بخستایەتە تەنگەی گیرفانی کە نرخی ئابڕوو و ئازاردانی کچە بوو، منیش بۆ خۆم بهاتمایەوە ماڵێ لەگەڵ خانمەکەم و بۆ خۆم ئیشم بکردایە و نانم بخواردایە و بنوستمایە. کەواتە فەرقی ئینسان و حەیوان چییە؟ ئەی بۆچی دەڵێن بەشەر؟ ئەی ویژدان و دین و بڕوا و ئیمان یەعنی چی؟ ئەی بۆچی قانوون و حکومەت گوایە هەیە و دانراوە، ئەی ناڵێن بۆ ئەوەی تەعەدا نەکرێت و زۆر و زۆرداری نەبێت، حەقی خەڵکی بپارێزن و ناموس و ئابڕووی بپارێزن، دە ئەگەر وابێت، کەواتە نابێ شتی وا بقەومێت، یاخود ئەمانە هەمووی درۆن و پەردەیەکن بە ڕووی خەڵکدا تاکو بڵێن وەڵڵا دونیا پێش کەوتووە و مەدەنیەت هەیە و قانوون فەرقی فەقیر و دەوڵەمەند ناکات.

کەواتە هەی ئەم مەدەنیەتەم بە قوڕ گرت و کاولم کرد. ئینجا ڕەنگە ئێستە مێردە بێشەرەفەکەی بێت وەرەقەی مارەییەکەی دەربێنێت و لەگەڵ پۆلیس پەلاماری نەگبەتەکە بدەن و بیدەنە دەستی بەخێری. قانوون دەڵێت هەقی هەیە، چونکە مێردیەتی. بیدەنەوە دەستی و خوا بزانێت کە چیی بەسەر بێنێت. شوکریە لەپڕ مستەکۆڵەیەکی بە خۆیدا کێشا، وەکو لە بیردا بووبێت، لە خەیاڵەکانی ڕاپەڕی و گوتی بە خوا یا من دەبم یا ئەم کچە بەڕەڵڵا ناکەم، قیروسیا با حەپسم بکەن. شانی هەڵتەکاند و گوتی چش با بمخەنە غەزەتەکانەوە، بە خوا خۆمی لەسەر دادەنێم. شوکریە لەپڕ وەکو شێت قاقایەکی لێ دا و لە دڵی خۆیدا گوتی وەی بە قوربانی خوا بم، بیرم کەوتەوە، ئەوەم بۆ بیر نەبوو، بە خوا ئەوەندە شڵەژام هەر هیچم بیر نەما. لە داخاندا مێشکم بە تەواوی وەستا. دڵی خۆش بوو و تۆزێ ترس و شڵەژاندنەکەی ڕەوییەوە و گوتی ئەمانیش قبوڵیان نەکرد، ئێستە دەیبەمە لای باجی (فەهیمە). دیسان پێکەنییەوە وەک ئەوەی گەنجینەیەکی دۆزیبێتەوە، گوتی هەی داوەشێی شوکریە، ئەوە بۆ سەری دونیات لێ هاتووەتە یەک. ئەوە بۆ باجی فەهیمە گیانت لە بیر چوو؟ ئەوە بۆ ئەو ژنە باشە خێرخوازە مەردەت لە بیر چوو یاخوا هەزاری وەکو ئەو خەڵکە بێشەرەف و سەگە هارانە بە قوربانی بن.

شوکریە دڵی خۆش بوو و بە ڕوویەکی خۆشەوە نان و سفرەکەی حازر کرد، چوو بە لایانەوە و بە دەوریاندا هات و چوو و گوڵە بەردەستیی دەکرد، لە دڵی خۆیدا گوتی دە وەرە توخوا من لۆمەی ئەمانم دەکرد کە گوڵە مناڵە و ئیشی قورسی پێ دەکەن و ئەمانم بە بێڕەحم زانی، کەچی وای قوڕ بە سەرم، لەم دونیایە نامەردی چۆن هەیە. ئەیەڕۆ تۆبە خوایە، وەی بە قوربانی خەڵکی وەکو ئەمان بم، بەس نییە بەحورمەت و نەجیبن، چەپۆکێکی بە گوڵەدا کێشا و گوتی خێرا ڕاکە، زوو ئەو قاپانە بەرە. لە دڵی خۆیدا گوتی وەی چەند بەختیاری کە لێرەیت لە چاو ئەو قوڕبەسەرەی تردا.

شوکریە بیرێکی کردەوە و گوتی دەڵێی چی پرسێک بە ئاغام بکەم؟ بە خوا پیاوێکی بەڕەحم دیارە، بە خوا پرسی پێ دەکەم پێش ئەوەی خانم بێتەوە، بزانم چی دەڵێت. خۆ هەر قسەیەک دەکات، یا تووڕە دەبێت یا ڕێگەیەکم پیشان دەدات. شوکریە دڵی خۆی قایم کرد و بە بیانووی منداڵەکانەوە (ئاغاکەی) بانگ کردە ئەو ژوورە، پیاوەکەش تۆزێ سڵەمییەوە کە چوو هیچ منداڵی نەدی و هەر شوکریەی دی، ترسا و گوتی چییە شوکریە چیت دەوێ، تۆزێ دەمی تێکەڵوپێکەڵ بوو. شوکریە نەیهێشت زۆر خەیاڵی بڕوات و هەر زوو پەلاماری هەردوو دەستی دا و ماچی کرد و چاوی پڕ بوو لە فرمێسک. پیاوەکە خۆی ڕاپسکاند لە دەستی و ئەستەغفیروڵڵا ئەستەغفیروڵڵا خوشکم کچمی پێ گوت و شڵەژا، شوکریە بە گریانەوە باسی کچەکەی بۆ گێڕایەوە و هەمووی بۆ باس کرد و گوتی ئێستە ئەم ئیشە بۆ ویژدان و پیاوەتیی تۆ بەجێ دەهێڵم، بزانم چی دەفەرمووی. پیاوەکە شڵەژا و ناڕەحەت بوو، دەستی هەڵگڵۆفت و چەند جنێوێکی دا، چووە دەرەوە و هاتەوە ژوورێ و ڕووی کردە شوکریە و گوتی بە ڕاستی ئەمە شتێکی زۆر گوناح و ناخۆشە، بەڵام ئەی چۆن ئێستە هەر دەزانن و لەوانەیە پۆلیس بێنن و لەوانەیە ماڵەکەمان بگەڕێن و ڕەنگە شتی خراپتریش بکەن. پیاوەکە بە پەلە قسەی دەکرد و نەیدەزانی چی بکات، ناوزڕان و قسە و قسەڵۆک و پۆلیس و گوناح و بەزەیی و بە تایبەتی کە کچەکەش کوردە و غیرەتی ئەوەش، ئیتر مێشکی کابرا وەک شارەزەردەواڵەی لێ هات لە خەیاڵ و هەستی تێکەڵوپێکەڵ و ڕەنگی تێک چوو. چووە حەوشە، چووە حەمام، سەرباقیی هەمووشی، ئێستە ژنەکەی دێتەوە، ئینجا ئاخۆ ئەو چی بکات؟ هەرچەندە دەیناسێت کە لە وەختی وادا زۆر بەغیرەت و ژنی چاکە، بەڵام دەترسێت لەوەی تووڕە ببێت و بیکات بە هەرا و هەر شوکریەش بکاتە کۆڵان، چونکە ئەویش زۆر جار دڵی ڕەقە و

تووڕەیە، هەندێ جاریش وانییە. پیاوەکە حەزی دەکرد زوو چارەیەک بدۆزێتەوە پێش ئەوەی ژنەکەی بێتەوە.

شوکریە کە چاوی لێ بوو کابرا ئارامی نەما و نازانێت چی بڵێت. شوکریە باش سەرپۆشەکەی لە ملی ئالاندەوە و تۆزێ دەمولێوی پێ داپۆشی و قۆڵ و فەقیانەی هێنایە خوارەوە هەر وەک بچێتە بەردەمی مەحکەمە و چوو بەرەو ژووری منالان و ڕووی کردە ئاغاکەی و گوتی (ئاغا)، ئەگەر من شوێنێکی باش بدۆزمەوە بۆ ئەم کچە و لای ژنێکی ناسیاوی زۆر ئەمین دای بنێم، جەنابت یارمەتیم دەدەیت و لەسەرم دەکەیتەوە کە ئەگەر هاتنە سەرم و بڵێم نەمدیوە؟ کابرا بە پەرۆشەوە گوتی ڕاست دەکەیت، شوێنی وات هەیە؟ شوکریە دڵی خۆش بوو و گوتی ئەرێ بە سەری تۆ شوێنێکم هەیە تاکو پەنجا ساڵی تر بۆی بگەڕێن نایدۆزنەوە، ئەو ژنە ئەوەندە خواناسە، دانانیشێت تاکو نەیداتە دەست دایک و باوکی. پیاوەکە گوتی ژنەکە چییە ژنی کێیە؟ شوکریە بە چاوێکی پڕ خۆشی و شەرمەوە گوتی ئۆ قوربان، بە خوا ئەوەندە ژنێکی باشە، ژنێکی فەقیرە، مێردەکەی کرێکارە، وەختی خۆی لە شەریکەی نەوت بوو، ئێستە پیر بووە منالیشیان نییە، بۆ خۆیان سەریان کز کردووە دوو ژوور و هەیوانێکی بچووکیان هەیە. شوکریە بە زەردەخەنەوە دەستی بەرز کردەوە و گوتی بە خوا قوربان تا ئێستا چەندین خێری وای کردووە و منیش هەرچەندە لێم دەقەومێت یا نەخۆش دەکەوم و ناتوانم ئیش بکەم، دەچمە لای. چاوی بڕیە ئەرز و سەری داخست و گوتی ئینجا ئەگەر جەنابت لەسەرم بکەیتەوە، ئەوا تا ماوم هەر دووعای خێرت بۆ دەکەم و لای خواش زۆر خێرێکی گەورەیە کەوا کچێکی فەقیری منالی ئێسکسووکی کوردی نەگبەت لەم غەدرە نەجات بدەیت. ئاغاکەی گوتی زۆر چاکە، ئەوە لەسەر من. شوکریە دیسان خۆی فڕێ دایە سەر دەستی و دیسان پیاوەکە خۆی ڕاپسکاند. شوکریە گوتی بڕۆم ئێستە بیبەم؟ ئێستە باشە و دونیا تاریکە. ئاغاکەی گوتی

باشـە بڕۆ، دوایـی گـورج گەڕایەوە و بە ئەسـپایی گـوتی دەزانـی چـی، دونیـایە هـاتن و پرسـییان، بڵـێ ڕاسـتە هـاتە بەر دەرگـا لەگەڵـم و خواحافیزیی لێ کردم، بەڵام ئیتر من هـاتم و بەجێم هێشـت. شـوکریە بەهەڵەداوان چوو، بەڵام ئاغا هەر شڵەژابوو. دیسـان بـانگی کـردەوە و گوتی کە هـاتیتە دەرێ کەس تۆی دی؟ شـوکریە گـوتی بە سـەری تۆ کەسـی لـێ نەبـوو، لە دەرکـی بـاخەکەوە چـووین، ئۆتۆمبیلەکـان کە ڕاوەسـتابوون، هیـی ژنە میوانەکـان بـوون، هەمـووی لە بەر دەرکـی حەوشە بوون و خۆم بە چاکی سەیرم کرد کەسی لێ نەبوو. پیـاوەکە گـوتی دە باشـە کەواتە زووکە و بـڕۆن. کەواتە مەڵـێ لەگەڵـم هـات تـا بەر دەرگا و بڵێ نەمدیوە.

ئەوەندەی پێ نەچـوو خـانم گەڕایەوە و هـاتە ژوورێ. هەر لە ڕێگەوە گوتی ئۆ پەنا بە خوا، بـوو بە چ بەزم و هەرایەک، مێـردەکەی چـوو بە پیریەوە و زانیی ئێستە چی دەڵێت، بەڵام خـۆی گێل کـرد و گـوتی هـا گیـانە بۆ وا درەنـگ؟ دڵـم کەوتە مەراقەوە ترسـام لەوێ شـتێکتان لـێ هـاتبێ. گەیشـتە لای خەسـوو و خەزووری و ئەوانـیش بە ڕوویەکـی خـۆش بەخێرهاتنیـان کـرد و منداڵەکـان تێـی بەربـوون. ئەویـش هەر دەیگـوت جـارێ ڕۆڵە وازم لـێ بێـنن، بـا باسـێکتان بـۆ بگێـڕمەوە. سـەرێکی کێشـا و گـوتی ئەوە کـوا شـوکریە؟ ڕانەوەسـتا تـاکو گـوێی لە وەڵام بێـت، قسـەکەی خـۆی تەواو کـرد و گـوتی ڕۆڵە ژنـی زابتێکـی گەورە، کە زۆر باش نایناسـم و ئەمە دوو سێ جارە بیبینم، لەوێ بوو و کـارەکەرێکی لەگەڵ خـۆی هێنـابوو. کە هەسـتا بـڕواتەوە، کـارەکەر دیـار نەمـا. دونیـای بـۆ گەڕان هەر نەبـوو. ژنەکە زۆر نـاڕەحەت بـوو دەیگـوت زمـان نازانێـت، ئـاخۆ چیـی بەسـەر بێـت. مێـردەکەی لە دڵـی خۆیدا گوتی چاکی بەسەر نایەت و یاخواماڵیان کاول بێت.

مەلیحە قسەکەی تەواو کرد و گوتی ژنەکە تەلەفونی بۆ مـاڵی خۆیـان کرد، مێردەکەی هات و خەبەریان دا بە پۆلیس و بە ئێسـتگەی ڕادیۆ. ژن و مێـردەکە خەریـک بـوو لە بەر چـاوی ئەو هەمـوو عـالەمە ببێـتە

شەڕیان. پیاوەکە دەیقیڕاند و دەیگوت ئاخر بۆ لەگەڵ خۆت دەیهێنیت بۆ گەڕان و سەیران. عەمرنەماوی وا چوزانێت گەڕان چییە. کابرا خەریک بوو لێوی خۆی بکرۆژێت لە تاواندا و لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئای بێشەرەف، هەی نامەرد، ڕەنگە خەڵکیش وا بزانن کە چەند بەڕەحمە و ئەوە بۆ کچەکە ناڕەحەت بووە کە نەوەکو گوم بووبێت.

نازانن لەبەر نامەردی و کەیفی لە کیسی چووە، بۆیە وا دەکات. مەلیحە چووە ژووری خۆی تاکو خۆی بگۆڕێت، بەڵام گەڕایەوە و دیسان گوتی ئەوە کوا شوکریە؟ مێردەکەی چوو لەگەڵی و تۆزێ قسەی بەسەردا هێنا و هەندێ قسە و باسی لێ پرسی و باسی دایکی باسلی کرد کە هاتبوو یا نەء، ئەویش بە گەرمیەوە بۆی باس دەکرد و تۆزێ پێکەنین. چوو منداڵەکەی لە جۆلانە دەرهێنا و دوو سێ جار بۆن و ماچی کرد. مێردەکەی پێی گوت کەوا لەگەڵ دایەگەورەی زۆر ڕێک بوو و لە باوەشی ئەویشدا خەوی لێ کەوت و لەم قسانە.

مەلیحە خان کوڕەکەی دا بە شانیدا و خەریک بوو بڕواتە دەرەوە، دیسان پرسی و گوتی شوکریە کوا؟ سکی چۆن بوو؟ وەڵڵا ڕەنگی زۆر زەرد بوو. تێک چووبوو بۆیە ناردمەوە. مێردەکەی دەستی گرت و گوتی جارێ دانیشە، دەمەوێت شتێکت بۆ بگێڕمەوە. ژنەکەی دانیشت، تۆزێ تێک چوو و گوتی خێرە چی بووە؟

مێردەکەی دەستی بە سەروگوێلاکی خۆیدا هێنا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی گیانەکەم ئێستە شتێکت بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام قسەکەم مەبڕە تاکو لێ دەبمەوە. ئەوسا تۆ چیت گوت، من وا دەکەم، هەر تۆ لەسەرخۆ و ناڕەحەت مەبە.

ژنەکەی ئارامی نەما و سست بوو، گوتی توخوا چی بووە بۆ پێم ناڵێن؟ مێردەکەی گوتی بە سەری تۆ شتێکی وانییە کە پێوەندیی بە ئێمەوە هەبێت، بەڵام تۆ گوێ بگرە. بە درێژی باسی کچەکە و شوکریەی بۆ کرد و هەمووی خستە بەردەست و گوتی ئێستەش شوکریە چووە و بردوویەتی بۆ لای ئەو ژنەی ئاشنای.

ژنەکە حەپەسا و هەستایە سەر پێ، گوتی وەڵڵا شتێکی باشە، هەر ئەوەمان کەم بوو ببین بە پیاوفڕێن و ڕێگر، ئینجا کێ ناڵێت ئەو کچە درۆ ناکات و وایە؟ ئەو کەسانە خۆیان زۆر بێناموسن. ئەگینا پیاوی ساحێب ژن و منداڵ و ماڵێکی گەورە چۆن وا دەکات. عەمری ئەو شوکریە شێتەش نەمێنێ هەر لە خۆیەوە خۆی کردووە بە پیاوچاک و مەکر لە خۆی دەردەهێنێت و خۆی کردووە بە لایەنگری فەقیر و سواڵکەر یا هەرچی دەست دەکەوێت دەیخاتە قاپی سواڵکەرەکانەوە. کوێرایی دایەت، ڕۆحی دەرچێت تازە نایەتەوە بەم ماڵەدا.

مێردەکەشی بێدەنگ ببوو، چونکە دەیناسی، جارێ ئیتر قسە دەکات و جنێوی پێ دەدات، سەیرێکی مێردەکەی کرد و بە تووڕەبوونێکەوە گوتی ئینجا تۆ چیت گوت؟

پیاوەکە گوتی منیش پێم گوت وەڵڵا تاقەتی بەزمی وامان نییە و دەردی تۆ دەڵێیت کێ دەڵێت ڕاست دەکات و گوتم بڕۆ جارێ لەوێ بە تاکو دایکی چرا دێتەوە، من هەقم نییە بەسەرەوە. نابێ دەقیقەیەک لێرە بێت. ژنەکە نارەحەت بوو و بۆڵاندی. مێردەکەی چووە لایەوە و گوتی گیانە شیرینەکەم، تووڕەبوونی ناوێت، وا هەردووکیان ڕۆیشتن و لێرە نین. دەتەوێت شوکریە دێتەوە، ناتەوێت با ئەویش بڕوات حەوت بەردی لە دواوە بێت. ئەو نە یەکێکی تر پەیدا دەکەین.

ژنەکە بە عاجزی و بە چرپە گوتی سەیری ئەم بەختەی من بکەن. ئێستە میوانم نەبوایە و ئامۆژنم و ئەوان لێرە نەبوونایە، قیروسیا، بەڵام ئێستە ئەو شێتەش لێرەیە و هێشتا سەری خۆمان لە قاچی خۆمان جیا ناکەینەوە، ئینجا ئەویش بڕوات.

مێردەکەی لەسەرخۆ گوتی گیانە؟ کە تۆ لەوێ بوویت، هیچ باسی ئەوەیان کرد کە لەگەڵ کەس ڕۆیشتبێ؟ یاخود کەسی لەگەڵ بووبێ؟
ژنەکە گوتی نە بابە، کەسی چی؟ سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسییەوە لە کوێ ئاگایان لە چی بووە؟ جارێ هەر لە ئیشکەرەکانیان دەپرسی و دەیانگوت لای ئێوە بووە، ئەوانیش دەیانگوت وەڵڵا ئاگامان لە کەس

نییە. ڕاستە دیمان خەڵکی تریش لێرە بوو، بەڵام هەرکەسە بە لایەکدا ڕۆیشت و ئیشکەری ماڵەکەش دەیگوت چوزانم، خۆ حەرەسی نابم، من ئەوەندە سەرم قاڵ بوو، باوکی خۆمم بیر نەبوو.
مەلیحە خان چووە لای خەسووی و جەماعەت و تۆزێ دانیشت، ئارامی نەبوو. هەستایەوە و چووە ژوورەکەی، مێردەکەی بانگ کرد و گوتی باشە ئێستە چوونەتە کوێ؟ ماڵەکەی بە تۆ گوت؟ ئەی چۆن ئێستە بیدۆزینەوە؟
کابرا سەرکەوتوانە و بە شەوقەوە گوتی ئینجا ئەگەر دەتەوێت ئاسانە و دەستی برد بۆ گیرفانی کراسەکەی و گوتی ها ئەها ئەوەتە ناوی ماڵەکە و گەڕەکەکەشم لێ سەندووە، پێی گوتم و منیش نووسیم، بۆ ئەوەی نەوەکا دونیایە لێپرسینەوەی ببێ. ژنەکەی تۆزێ ڕاوەستا و بێدەنگ بوو، ڕووی کردە مێردەکەی و گوتی حازری؟ با بڕۆین بزانین چییە؟
کابرا ئیشارەتی کرد کە حازر و ئامادەیە.
ژنەکە چوو عەباکەی گرت بە دەستیەوە و بە پەلە چوو بە خەسوو و خەزووری گوت کەوا دەچن تاکو ئەو ماڵە بۆ سەردانی نەخۆشێک و ئێستە دێنەوە.
خەسوو و خەزووریشی دوای ڕۆیشتنی ئەوان سەیری یەکتریان کرد و ژنەکە گوتی ئەوە چییە مەلیحە زۆر شپرزە بوو؟ بە خوا شتێک بووە. دڵی کەوتە مەراقەوە و مێردەکەی ئەگەرچی دڵی دەدایەوە، بەڵام خۆشی لە دڵەوە هەر زانیی کە شتێک هەیە.
ئۆتۆمبیلی مەلیحە خان و مێردەکەی گەیشتە بەر دەرگای ژنەکە کە شوکریە گوتبووی. کابرا ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت و دابەزین. لە دەرگایان دا و ماوەیەکی پێ چوو، دوایی ژنێک کردیەوە و گوتی بەڵێ فەرموون کێیە؟ مەلیحە گوتی ماڵی باجی فەهیمەیە؟ شوکریە لێرەیە؟ بلێ دایک و باوکی چرا هاتوون. ژنەکە گوتی بەڵێ بە سەر چاو، با بزانم. حەز دەکەن بفەرموون. وای گوت، بەڵام شڵەژا و

دەستەپاچە بوو، هەر لەوێوە ڕووی کردە حەوشەکە و بە دەنگێکی بەرز گوتی دایک و باوکی (چرا خانن). دەرویش ئەوە لە کوێی؟ ئا وەرە.

شوکریە و کچەکەش خۆیان مات دابوو و کە گوێیان لە دەنگی دەرگاکە بوو، لە ترساندا هەر زراویان چووبوو. وا هاتبووە خەیاڵیان کە ئەمە پۆلیسە، لەبەر ئەوە کە شوکریە گوێی لە ناوی چرا بوو، ڕاپەڕی و بە ڕاکردن چوو یەکسەر خۆی هەڵدا بۆ خانمی، باوەشی پیادا کرد و دەستی کردە ملی و بەقوربان بەساقەی بوو. بانگی کردنە ژوورەوە و باجی فەهیمە و مێردی بە پەرۆش و گەرمییەوە فەرموو فەرموویان بۆ کردن، ئەوانیش هاتنە ژووریٚ و دەرگایان داخستەوە، حەوشە بچکۆلەکەیان بڕی و چوونە ژوورەوە. ژوورێکی باش بوو، زۆر بچووک نەبوو و بەڕە و کومبار ڕاخرابوون، عەلادینێکی کۆنی تیا دەسووتا و لە سووچێکی ژوورەکە تەختەیەکی یەک نەفەری دانرابوو، دوو سێ کورسیی کۆنی لیٚ بوو و لە لایەکی تر هەندیٚ نوێن و دۆشەک ڕاخرابوون و قۆری و پیاڵە و سەبەتەنان و هەندیٚ قاپ و سینی لە تاقێکدا دانرابوون. ئەوانیش چوون دانیشتن. ئەگەرچی مەلیحە خان گوتی دانانیشین درەنگە و هەر ئەوەیە دەمەوێت بزانم ئەمە چییە. شوکریە ئیشارەتی کچەکەی کرد و گوتی خانم گیان، ئا ئەمە کچەکەیە. حەز دەکەیت با خۆی قسەتان بۆ بکات، قوربان بە دەست خۆم نەبوو، ئاگرم تیٚ بەربوو کە قسەی بۆ دەکردم، ئەو دەگریا. مەلیحە سەیرێکی کچەکەی کرد و هەروەها مێردەکەشی و لە چەشنی دانیشتنەکەی و کزۆڵی و تەریقی و ترسەکەی و ڕەنگی زەرد و ژاکاوی زۆر دڵیان پێی سووتا، شوکریە گوتی (فەیروزە گیان) ئەمەتا خانم، دە تۆ قسە بکە نەوەکو من بە باشی نەزانم. باجی فەهیمە و مێردی بۆ جاری چوارەم بەخێرهاتنیان کردن، ئەم لیٚ دەبووەوە و ئەوی تر دەستی پیٚ دەکردەوە. مێردی باجی فەهیمە هاتە پێشەوە و هەرچەند دەیکرد، چاوی نەدەکرایەوە، چونکە

بەسەزمانە چاوی کوتوکوێر بوو. مشکییەکی بەستبوو بە سەریەوە و جلی کوردیی لە بەردا بوو. زەعیفکەلانەیەکی کورت دیار بوو، یا ڕەنگە لەبەر پشتچەماوەیی وا دیار بووبێ، دەسڕێکی بە دەستەوە بوو و زووزوو دەیهێنا بە چاویدا. ڕووی کردە مەلیحە خان و مێردی و گوتی خانم بە زات و سیفەتی خوا ئەوەتەی ئەم زەعیفەیەم دیوە، لەوساوە چاوم وشک نەبووەتەوە. دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و گوتی خوایە قبوڵی نەکەیت.

مەلیحە خان گوتی هەرچۆنێک بێت، ئێمە دەبێ بڕۆینەوە و شوکریەش دەبێت بێتەوە، نەوەکو کەسێک هەواڵی بپرسێت یا بێن پرسیاری لێ بکەن. بۆ ئەوەی لە ماڵەوە بێت، شوکریە گورج هەستایە سەر پێ و خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو کە بڕوات لەگەڵیان. باجی فەهیمە گوتی کچەکەش لای ئێمە دەبێت و هیچ خەمتان نەبێت، جارێ بێدەنگ دادەنیشین تاکو خوا دەروویەک دەکاتەوە. مەلیحە خان دەستی دایە گیرفانی باخەڵی و ڕووی کردە شوکریە و گوتی ئاخۆ کچەکە پارە و شتێکی پێ بێت؟

باجی فەهیمە ڕاپەڕی و گوتی پارەی بۆ چییە؟ پاروویەکە لەگەڵمان دەیخوات، بە زەردەخەنەیەکی زۆر خۆشەوە گوتی خانم گیان، خوا ڕزق دەنێرێت. شوکریە چووە لای کچەکە و دەستی کردە ملی و گوتی ئیتر قەت مەترسە و دەستی دا لە پشتی باجی فەهیمە و گوتی ئا ئەمە دەبێتە دایکت. سەیرێکی دەروێشی مێردی کرد و گوتی بە خوا دڵم نایەت بڵێم ئەمیش دەبێتە باوکت، چونکە وا دیار بوو باوکت زۆر کافر و بێدین و پوولەکی بووە. بەڵام کاکە دەروێش زۆر پیاوە. شوکر واش دیارە کە خانم و ئاغاشم دەتخەنە ژێر سایەی خۆیان. دوایی خواحافیزییان کرد و ڕۆیشتن. لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا لەپڕ شوکریە بێدەنگییەکەی شکاند و گوتی خانم گیان، کە من هاتم پێم گوتی دەڕۆمەوە ماڵێ، ژنی زابتەکە چاوی لە من نەبوو، ئەوە کامیان بوو؟

مەلیحە خانیش بە دەستی بوایە دەستی دەنایە بینی، ئەوەندە تووڕە بوو، بەڵام قسەی نەکرد و بە بێزارییەوە ئۆفێکی هەڵڕشت و گوتی ئینجا چاویشی لێت بوایە لە کوێ دەیزانی بۆچی هاتووی و لە کوێ کوردی تێ دەگات. هەر چاویشی لێ بوایە، وای دەزانی هاتووی ئیشێکت پێمە.

شوکریە دڵی خۆش بوو و گوتی دە باشە وەی بە قوربانت بم.

گەیشتنە بەردەمی ماڵەکەیان و خەریک بوون دابەزن. شوکریە گوتی خانم گیان، کەواتە کەس باسی منی نەکرد کە بڵێن ڕەنگە لەگەڵ من هاتبێ، ئاغا بە پەلە چووە نزیکی و دەستێکی تێوە ژەند و گوتی: ماڵت کاول بێت، بێدەنگ بە، خۆ ئەگەر کەسێک بتبینێت و گوێی لەم سواڵ و شپرزەییەت بێت، هەر گورج تێ دەگات کە تۆ ئاگاداری ئیشەکەی. بێدەنگ بە و هیچ مەڵێ.

مەلیحە خان دابەزی و بە تووڕەبوونەوە کردی بە ماڵدا و گوتی دە وەرە توخوا، بەڵای چۆنمان بە تووشەوە دەبێت.

مێردەکەشی تاکو دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی داخست، ئیشارەتێکی بۆ شوکریە کرد و بە ئەسپایی گوتی تۆ ئەوەندە قسە مەکە و بێدەنگ بە. شوکریە بە چەپۆک کیشای بە سەری خۆیدا و گوتی تەواو ئاغا، بە خوا ئیتر هەر قەت قسە ناکەم، یارەبی ماڵتان ئاوا بێت.

تاکو درەنگەشەویش هیچ شتێکی دیکەیان بیر نەمابوو ئەوە نەبێت هەرچەند زەنگی تەلەفون یا دەرگا لێ دەدرا، مەلیحە خان دەیگوت کەس نەچێت، با باوکی چرا بچێت و بەوە دەکەوتنە دڵەخورپێ.

شوکریە هەوڵی دەدا کە دڵی خانم خۆش بکات و تووڕەبوونەکەی لە بیر بەرێتەوە. بە دەستێ پەلاماری منالی دەدا، بە دەستێ خەریکی ماڵ و منال بوو، لەگەڵ گوڵە وردەشەڕی دەکرد و هەر هانی دەدا کە وا بکات و وا بکات، ئاخری لە هەموو ئیشێک بووەوە و ئەوانی تریش بێدەنگ هەرکەسە چووە ژووری خۆی و ماڵەکە ئارام بوو. شوکریە گوڵەی ناردە سەر جێگەکەی و گوتی من تۆزێ دەچمە لای پووری، تۆ بڕۆ بنوو.

پووریش دانیشتبوو، دەرگاکەی پێوە دابوو، خەریکی دووعا و نوێژ و سڵاواتەکانی بوو. شوکریە سەلامی لێ کرد و گوتی پووریٚ گیان، دەمەوێت تۆزێ دووعام بۆ بکەیت. بە خوا شتێکم کردووە بزانە تۆ چی ئەفەرمووی؟ نازانم باشم کردووە یا خراپم کردووە. هەرچۆنێک بێت، دەردەسەریم بۆ خۆم و ئەمماڵە دروست کرد، شوکریە دانیشت و گوتی چی بکەم زۆر غەدر و گوناح بوو، بەڵام شوکر هیچ دەنگێک نەبوو. جارێ پووریٚ سەرپۆشەکەی لە دەمی ئاڵاند و گوتی خێرە؟ دیسانەوە لەسەرخۆ و بە دووروودرێژی بۆ ئەویشی گێڕایەوە و تۆزێ شتی تریشی خستە سەر، ئەگەرچی هەر هەندێ لە ڕاستییەکەی مووی لەشی خەڵکی گرژ دەکرد و ئینسان و کۆمەڵ و هەموو شتێکیشی لەبەرچاو دەکەوت و پێویستی بە هیچ خستنەسەر نەبوو، بەڵام شوکریە وای دەزانی کەوا باشترە.

پووریٚ هەر ئەستەغفیروڵڵای دەکرد و جار بە چەپۆک دەیدا لە سەری و جار دەیکێشا بە سنگیدا و خڕنگوهووڕی لاگیرە و متومورووەکانی لە ژوورەکەدا دەنگی دەدایەوە. شوکریە لێی پرسی توخوا پووریٚ گیان باشم کرد یا خراپ؟ پووریٚ دەستی خستە سەر دەمی و بە سەرپۆشەکەشی ڕازی نەبوو کە دەمی داپۆشیوە، سەیرێکی شوکریە کرد و گوتی بە خوا دایکەکەم، حەوت حەجت بۆ نووسراوە. ئای کە خێرێکی گەورەت کرد و ئەو بێزمانەت نەجات دا. ئەم جارە پووریٚ دەستی بۆ بەرۆکی کراسەکەی برد و گوتی ئۆ ڕۆڵە خوا فریات کەوێت وەکو فریای ئەم زەعیفە غەریبە کەوتی.

شوکری: توخوا پووریٚ گیان دووعام بەسەردا بخوێنە، چونکە بە ڕاستی لەگەڵ ئەوەشدا کە بە دڵ ئەم ئیشەم کرد و چاوم تاریک بوو و بیرم لە شتی تر نەکردەوە، ئێستە خەریکم دەترسم.

پووریٚ: نەوەڵڵا مەترسە، بڕۆ بۆ خۆت بنوو. دەستی خستە سەر سەری شوکریە و دوو سێ دووعای بەسەردا خوێند. ئەویش دەستی ماچ کرد و هەستا چووە ژوورەکەی خۆی و تا بەینێکیش هەر

خەیاڵی دەکردەوە و قسەکانی کچەکەی دەهاتەوە بیر. دیار بوو دوایی خەوی لێ کەوتبوو.

***

ئەو شەوە لە دوو ماڵەکەی تریش هەر ببوو بە ناخۆشی و پشێوی و دەنگەدەنگ. ماڵی ساحێب قبوڵەکە کە حاکم عەبدوڵڵا بوو، ئەوانیش ژنە و مێردە کردیان بە شەڕ. ئیشکەرە جرپنەکەیان لە ترساندا ڕای کرد بۆ ماڵی دراوسێ. حاکم دەیقیڕاند و لە ژنەکەی تووڕە ببوو و دەیگوت ئەم قبوڵ و مبوڵە چییە هەموو ڕۆژێک لە بەیانییەوە سەرت قاڵە تاکو دەچیت بۆ ماڵەکانیان، ماڵ و مناڵ بەجێ دەهێڵی بۆ ئەم کچە جرپنە. ڕۆژێک کەتنێکمان پێ دەکات. دیسانەوە باسی مناڵەکەی دەکرد کە خەریک بووە ببێ بە ژێر ئۆتۆمبیلەوە و چۆن هۆشی لای نەبووە، دەیگوت هەموو ماڵەکەت بۆ بەڕەڵڵا کردووە، پشتت بەو بەستووە، کەی ماڵداری وا دەبێت ژن هەر لە بەیانییەوە لەسەر تەلەفون بێت یا خەریکی خۆڕێکخستن بێت و ئێوارانیش بڕۆن لە ماڵێک کۆ ببنەوە و هەر خەریکی قسەی قۆڕ بن، کێ چیی لە بەر کردووە و کێ چیی تازەی کڕیوە. لە ئێوارەوە چەند تەلەفونم بۆ کراوە و پرس و پرسیاری کچمان لێ دەکەن کە لێرە بووە و ون بووە. ئەمە دوو جار ئەو زابتە پۆلیسی هێنا و باخ و دەرودەشت و بەر ماڵمان دەگەڕێن و پرسیارمان لێ دەکەن وەکو کەتنێکمان کردبێ.

***

لە ماڵی کابرای زابتیش هەر هەرا بوو، لە شەڕی دەم و قسە تێپەڕی کردبوو و گەیشتبووە لێدان و پەرداخ و قاپتێگرتن و چڕنووکگرتن لەیەک و قاپقاپ و سۆل لەیەکوەشاندن.

پیاوەکە وەکو دڕندەی هار دەهات و دەچوو، ئەم ژوور و ئەو ژووری دەکرد و دەستی دەدا بەیەکدا و دەیگوت بۆچی بڕوات؟ ئەو قبوڵ و گەڕانی بۆچی بوو، یا ویستت پیشانی بدەیت کە خانم وەسیفە و کارەکەری هەیە و دەبێ بەدوایەوە بڕوات.

ژنەکەشی دەیشیڕاند و چەپڵەی بۆ لێ دەدا و دەیگوت دەبێ بزانم بۆ وا دڵت سووتاوە، بۆ وا گڕت تێ بەربووە. ئەمە تومەز لەبەر خۆتە و من نەمزانیوە، ئەگینا ئەوەی بۆ چییە؟ ڕۆیشت چاوی دەریەت، بە دڵی نەبوو ڕۆیشتووە و پڕ دەلاڵخانەکانی بەغدا ئیشکەرە، ئیتر ئەم شەڕ و حەرب و هەرایەی بۆ چییە. سەری ڕادەوەشاند و دەیگوت زانیم زانیم. ئینجا سوور و شین هەڵگەڕابوو. دڵی پەلەپەلی دەکرد و لێوی دەلەرزی و هەر دەهات و دەچوو، دەیکێشا بە ڕوومەتیدا و دەیگوت وەڵڵا شەرەفەکەت دەرخست کە چەندە. ئینجا لە سەر کورسییەک دانیشت و دەیگوت ئاخ هەقتە، چەندیان پێ گوتم بڕوام نەکرد و گوتم بۆ خۆتان دەڵێن کە پیاو ژنی هێنا، وا ناکات. زۆر کەس کە ژنی هەبێت، هەر چاولەدەر دەبێت. دوایی وەکو شێت هەڵدەستایەوە ، ئینجا مێردە بۆی هات و دەیگوت ئەوە حەسوودیت بەو کچە هات بۆیە وات کرد، بە چ مەعلوم خۆت پێت نەگوتووە و دەرت نەکردووە، باشە سبەینێ من چی بە مێردەکەی بڵێم.
ژنەکەشی هەر دیسان بە هاتوهاوار چەپڵە و ئیشارەت دەیگوت من حەسوودم؟ یا تۆ ناپیاویت؟ ئەگینا قوڕبەسەری وا بێزمان هاتووە لە ژێر دەست و ڕەحمەتی من ئیشم بۆ دەکات، بەملادا دەیهێنم و بەولادا دەیبەم، حەسوودیی چیم پێ دێت. ئەو لێرە بێت یا لێرە نەبێت، ئەوە ئیشی منە، ئیشی تۆ نییە. تۆ وا خۆت شێت دەکەیت ئیلا دەبێت پێوەندییەکی بە تۆوە هەبێت وا داروبەردت هێنایە خوارەوە. خۆ حەپسمان نەدەکرد، بە دڵی نەبوو و ڕۆیشت، ئیتر چییە. ژنەکە لچێکی هەڵقورتاند و تۆزێ دەنگی ئارام کردەوە و بە پێکەنینێکی تەوساوییەوە گوتی مێردەکەی؟ مێردەکەی ئەگەر ناموسی هەبوایە، کچێکی وا منداڵ و جوان و غەریبی دەهێنا و دەیکردە کارەکەری ماڵان. نەدیو و نەناسیو؟ ئەگەر بە ڕاستی مێردی بوایە و خۆشی بویستایە، لە ژوورێک دای دەنا و دڵی نەدەهات بینێرێتە کۆلانان و ماڵی غەریب. خوا دەزانێت کە چین. خۆی دەچوو کرێکاریی دەکرد و

ئێـواران دەگـەڕایەوە و دوو کـولێرەی بـۆ دەبـرد، بە نـامووس و بە دڵێکـی ئـارام دەرخـواردی دەدا و سـەریان دەنـا بەیەکەوە. ژنەکە جـارێکی تـر دەیقیژاند و دەیگوت ئەوە مەعلوم مێردی نەبووە، ئەوە پیاوێکی زۆر بێئەخلاق بووە و خوا دەزانێت چییە، ئەگینا چۆن دڵی دەهات ئەو کچەی دەتگوت چڵەنێرگزە وا لێ بکات.
ئیتـر ئەوانـیش تـا درەنـگ هەر بەیەکدا دەهـاتن. ژن چـوو خـۆی کـۆ بکاتەوە کە سبەینێ بڕوات و ئیتر لەم ماڵە نەبێت. دەستی دایە هەندێ جـل و شـتی دیـکە، دوو منـاڵی هەبـوو چـوار سـاڵ و حەوت سـاڵ، ئەوانـیش هەر لە نـاو دەسـت و قاچیانـدا دەگریـان، ژنەکە لەپڕ جـل و شتی مناڵەکانی هەڵڕشتەوە و دەیگوت ئینجا من بۆ ماڵی خۆم جێ دەهـێڵم و ئیسـراحەتی خـۆم و منـاڵم تێـک دەدەم. دیسـان ڕای کـردە دەرەوە و ڕووی کـردە مێـردەکەی و مسـتەکۆڵەی دەکێشـا بە لەپـی دەسـتی خۆیـدا و دەیگـوت لە مـاڵی خـۆم دادەنیشـم، لە سـەر دڵـت دادەنیشم. من بڕۆم ماڵەکە بۆ تۆ چۆڵ بکەم تاکو بە کەیفی خۆت یـار و دۆستەکانت بێنی و منیش لە مـاڵی بـاوکم دانیشـم خەفەت بخـۆم و کە مناڵێکم گریـا لە تەریقیدا بـە نـاخی ئەرزدا بچـم؟ خەیاڵـت خـاوە، بە سەری تۆ لە سەر دڵت دادەنیشم.

***

چەند ڕۆژێک بەسەر ئەم بەزمەدا تێ پەڕی، کەس دیار نەبوو کە بێن یا پرس بکەن یا باسی شوکریە بکەن، هەر هـیچ، لەبەر ئەوە شـوکریە و ماڵی ئاغاکەشی دڵنیا بوون کە کەس هەر بیری نییە، بە تـایبەتی کە ئەو دوو سەعات پێش چۆڵبوونی (قبوڵەکە) گەڕابووەوە ماڵێ. خەریک بـوو ڕووداوەکەیـان لە بیـر دەچـووەوە و کەوتـنە سـەرقاڵیی خۆیـان و مــاڵ و منــاڵ و میوانیــان. شــوکریە هەمــوو بەیــانییەک شــەوەکی هەڵدەســتا، قــۆڵی هەڵــدەماڵی و دەکەوتە ئــیش و کــار دەرودیــوار پاککردنەوە و لووسدان، بۆ ئەوەی خانمی بە لای خۆیدا ڕابکێشیت و خۆی خۆشەویست بکات کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەستی پێوە بگرێت و

نەهێڵێت لە کیسی بچێت. ئەگەر خانمی دەستی بدایە لە شتێک، هەر گورج لێی دەسەند و دەیگوت بە سەری هەردوو ئاغا دەستی بۆ نابەیت و دەچیتە ژووریَ. هەروەها وای لە خۆی کرد کە خەسوو و خەزووری مەلیحە خان هەر چاوی لەگەڵ بگێڕن و بڵێن یارەبی کچەکە لەشت ساغ بێت، ماشەڵڵات لیَ بێت. کە بووکەکەیان دەهاتە لایان، خەسووەکەی دامەنی بادەدا و دەیگوت بە قوربانت بم قەت ئەم کچە لە کیسی خۆت نەدەیت و دڵی ڕاگری، لە کویَ شتی وا دەست کەس دەکەوێت، سەرەڕای ئەم هەموو ئیشەش چەند بەڕەحم و دڵسۆزە. هەمیشە مەتحیان دەکرد. خۆ پووریَ هەر بە جارێک چووبووە دڵییەوە و جاری وا هەبوو لە دووریشەوە دووعای بۆ دەکرد و فووی لیَ دەکرد و دەیگوت کچی وا باش و بەڕەحم و فیداکار و خواناسم کەم دیوە.

خەسوو و خەزووری مەلیحە خان و پوورە شێخزادە برانە سەر دکتۆر و دەموددانیان پیشانی دکتۆر و حەکیم و ددانساز درا. قاڵب گیرابووە دەمی پووریَ و تۆزیَ برانە گەڕان. پووریَ لە خۆیەوە و بیَ ئەوەی کەس پێی بڵێت، خۆی سەرەکەی داگرت و سەرپۆشی لە مل ئاڵاند و گوتی تۆزێک بمبەن بۆ ناو بازاڕ و بەم سەرەوە ناچم. لای دکتۆریش سەرەکەی داگرت، خۆی ئەقڵی پیَ شکا و پێکەنیی، گوتی دایکم دکتۆرەکە دەتۆقێت لێم و دەڵێت ئەمە چییە.

بەیانییەک پاش چاخواردنەوە مەلیحە خان پێش خەسوو و خەزوور و پووری مێردەکەی کەوت و بردنی بۆ ناو شار و بازاڕ و سەری دوکانی کوتاڵ و بۆ ناو (شۆڕیجە) و ئەو ناوانە. لە هەندیَ دوکان ڕادەوەستان و چاویان دەگێڕا، بە تایبەتی دوکانی قوماشی جلی کوردی. خەریک بوو (میرزا ئەحمەد) توورە دەبوو و لە دڵی خۆیدا دەیگوت دە توخوا چاوت لە دەروێش خانی خوشکمە، وەڵڵا دەروێش هەر وا دەبن، وەرە لەو هەموو کوتاڵە و پارچە ڕێکوپێکە دەست بۆ چی دەبات، وەڵڵا کچی دوانزەساڵیش ئینجا ڕوویان دێت شتی وا لە

بەر بکەن. بێجگە لە خڕنگوهووڕی ئەم هەموو بازن و متومورووە. ئەمە و داخی ئەم دەستەش کە هەر بە دەمیەوەیەتی. خەڵک بەبێ دەست تێ ناگات چی دەڵێت، ئینجا وەرە وا دەستیشی پێوە گرتووە، میرزا ئەحمەد لە تاواندا ڕووی دەکردە ژنەکەی خۆی و دەیگوت دایکی عوسمان، زۆر خۆتان مەخلافێنن و مەلیحە هیلاک مەکەن، شتێکی باشی ژنانە هەڵگرن و ئیتر چییە ئەمە دادەگرن و ئەم دادەنێن. هەرچۆنێک بوو، تۆزێ پەلەیان لە خۆیان کرد و لە قوماشکڕین بوونەوە و چوونە دوکانی پێڵاو، پووریێ یەکسەر ڕووی کردە لای پێڵاوی پاژنەبەرزی ژنانە و دەستی دایە جووتێک و دای نایەوە، دەستی بۆ دوانی تریش برد و هەڵی گێڕانەوە و سەرەوخواری کردن و دای نانەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی وەڵڵا ئەمانە زۆر باشن، بالای خەڵکیشی پێ بەرز دەبێ، ئینجا بۆچی چییە منیش جووتێکی وا لە پێ بکەم، بەڵام کێ دەوێرێت وا بڵێت، هەر دەمکەن بە کێودا. ئەو دەڵێت تۆ دەچیت بۆ لادێ ئەمەت بۆ چییە. ئەو دەڵێت ددان لە دەمتدا نەماوە، سەیر حەز لە چی دەکات، نازانن من هەر لە منالییەوە دەمووددانم هەر خراپ و هەڵوەریبوون. ئینجا کوا من پیرم، بە خوا دڵم لە کچێکی بیست ساڵ تەڕترە. پووریێ دیسانەوە دەستی دایە جووتێکی تر، بەڵام لە دەنگی براژنی هاتەوە سەر خۆ کە بانگی کرد و گوتی دەروێش شێخزادە وەرە ئەم لایە، پێڵاوی ئێمەی لێیە. ئەویش بە ناچاری پێڵاوەکەی دەستی دانایەوە و چوو بۆ لای ئەوان. پێیان گوت کە لە سەر کورسی دانیشێت، پیاوە دوکاندارەکە چووبوو پێڵاویان بۆ بێنێت. کە هاتەوە، چەند قوتوویەکی پێ بوو و کردیەوە و پێڵاوی پاژنەنزمی ڕەشی لە دوو سێ چەشن دەرهێنا و جووتێکیانی دایە دەست شێخزادە و گوتیان بزانە، لە پێی بکە و براژنەکەشی لە پێی کرد. لە پوورێیان پرسی کە چۆنە، پووریێ بە ئەسپایی هەناسەیەکی هەڵکێشا و چاویشی لە پێڵاوە پاژنەبەرزەکانی بوو و گوتی ئێ باشە، خراپ نییە، بەڵام ئاخۆ نەوعێکی تریان هەیە؟ مەلیحە

خان هەڵی دایە و گوتی پووریّ گیان، هەر ئەمانە ڕەحەت و باشن، ئەوانی تر بە کەڵکی ئێوە نایەن، خەسووی بە زەردەخەنەوە گوتی وەڵڵا دایکم ئەمانە زۆر باشن، وای چەند سووکن، دەڵێی هیچت لە پێدا نییە. ڕووی کردە پووریّ و گوتی ئەمانە بەکەڵکی ئێمە دێن، ئەوانی تر پاژنەبەرزن وەختی خۆی پێیان دەگوت (پاژنەعانە). پەنا بە خوا ئەوە چۆن لە پێی دەکەن. هەندێکیان باشە و تۆزێک بەرزن، بەڵام ژنی واش هەیە ئەوەندە بەرز لە پیّ دەکات، دەڵێی بە سەر پەیژەوە دەڕوات. پووریّ هیچی بۆ نەمایەوە لەوە زیاتر کە بتوانێت بڵێت وەڵڵا خۆ زۆر جوانن.

براکەی لەوێوە بە نیوەتووڕەبوونێکەوە گوتی ئەوانە (بۆ جەهێڵەکانن)، ئیتر خێراکەن، درەنگە.

کە گەیشتنەوە ماڵەوە، خەسووەکەی مەلیحە خان خۆی گەیاندە مێردەکەی و بە ئەسپایی گوتی ئەوە بۆچی تووڕە دیار بووی؟ دوو سیّ جار ئەو خوشکە فەقیرەت تەریق کردەوە؟ مێردەکەشی گوتی بە خوا خوشکم بیوێرایە، ئا لەو قوماشە سەوز و سوورە مناڵانەیەی هەڵدەگرت لەگەڵ ئەو پێڵاوە پاژنەعانەیەی باسی کرد. زۆر ژنێکی سەیرە، دەڵێی هەر بە ڕاستی خڵەفاوە.

ژنەکەی گوتی بەسەزمانە دە لێی گەڕێن، ئەم دوو ڕۆژە هاتووە لەگەڵمان و ئێستە دیسان دەچێتەوە بۆ لادیّ، خوا دەزانێت کەی دەیبیننەوە. حەزی لەو شتانەیە دەبا لە بەری بکات.

میرزا ئەحمەد گوتی وەڵڵا بڵێم چی، کەس لێی تیّ ناگات، جار خۆی دەکات بە شەخس و بە پیر و دایم لە سەر بەرماڵە، کەچی چەند دڵیشی تەڕە. (لوتفی خان)ی ژنی پێکەنیی و گوتی ئەیەڕۆ ئەمە بۆ ئەمڕۆ خەیاڵت داوەتە ئەم فەقیرە، دەڵێی یەکەم جارە ئەم ئەتوارانەیت دیبێت، بۆچی هەروا نەبووە؟ بە خوا وا بزانم تۆزیّ تێک چووە. بەو نەوعە کەسانە دەڵێن (شێتی دین).

مێردەکەی کڵاو و جامانەکەی داگرت، زەردەخەنە گرتی و گوتی کچێ شێتی چی، شێتی دین و هیی بێدینیش لە کوێ حەز لەم نەوعە شتانە دەکات، دایە پرمەی پێکەنین و گوتی شێتی دین داوای پێڵاوی پاژنەباریک دەکات. هەردووکیان پێکەنین کە شوکریە هاتە سەریان و گوتی فەرموون بۆ نانخواردن.

***

بۆ شەوێ دیسانەوە دوای ئەوەی هەموو ئەهلی ماڵ چوون بنوون، شوکریە لە بەزمی کچە بادینییەکە کەوتبووە مەترسی و دوودڵییەوە، لەو شەوەوە فێر ببوو پێش نوستن دەبوو تۆزێ بچێت بۆ لای پووری تاکو دووعای بەسەردا بخوێنێت و دوو سێ فاڵی تەسبیحی بۆ بگرێتەوە. هەندێ باسی خۆی بکات کە لە لادێ چۆن حورمەتی دەگرن و چۆن دیوەخانی هەیە و دایم نەخۆشی بۆ دەهێنن کە دووعایان بەسەردا بخوێنێت و ئەوەی زۆر هیلاکیش بێت، دێن جامی ئاوی بۆ دەبەن کە پووری قومێکی لێ خواردبێتەوە و دووعای بەسەردا خوێندبێ. باسی خەونەکانی بۆ دەگێڕایەوە کە زۆربەی شەو لە خەونیدا جلی زابتی لە بەر دایە و دەچێتە ئاسمان و جلی زابتی لە خەوندا یەعنی مەلائیکەت. شوکریەش چاوی زەق دەبوو و زوو زوو دەستی ماچ دەکرد و بە دڵ گوێی لێ دەگرت، هەروەها هەموو شەوێک جامێ ئاوی بۆ دەبرد کە پووری قومێکی لێ بخواتەوە و دوای ئەویش دەیبردە ژوورەکەی و دەینا بەسەریەوە. ئەگەر (گوڵەش) لە خەوەکەدا بجووڵایەوە، هەڵی دەساند و بە چاوی نوستوو بە زۆر دەرخواردی ئەویشی دەدا. وردەوردە لە سایەی دەم و چالاکیی شوکریە و گوڵەوە ناوبانگی پووری گەیشتە دەرودراوسێش. پێش هەموو کەس بەیانییەک لەناکاو ژنێک بە بیانووی بەخێرهاتنی میوانەکانی مەلیحە خان کردی بە ماڵدا. ئەویش سەری سوور ما و لچێکی هەڵقورتاند و لە دڵی خۆیدا گوتی میوانەکانم خەریکن دەگەڕێنەوە، تازە بیرت کەوتەوە، ئەمە چی بوو؟

بەڵام بەختی ست پاکیزە، پووریێ چووبووە حەمام سەری بشوات و حەمامی پوورێش ئەوە دەبوو ئەو ڕۆژە دەستی لێ بشوات. لەبەر ئەوە کچەکە بە ناچاری هەندێ دانیشت و قاوەیەکی خواردەوە. چەندین قسەی خۆش و گاڵتەیان لەگەڵ مەلیحە خان کرد و مەتحی خەسووی کرد کە چەند ڕێکوپێکە و دەمبەپێکەنین و ڕووخۆشە، بەڵام هەرچەند چاوی گێڕا، کەسی وای نەدی کە وەکو شوکریە بۆی باس کردبوو.

ست پاکیزە هەستا بڕواتەوە و خواحافیزیی لێ کردن، شوکریە تاکو بەر دەرکی حەوشە لەگەڵی چوو. لە ڕێگە بە چرپە پێی گوت کە پووریێ لە حەمامە، دەبوو پێشوەخت بەم بڵێت تاکو وای ڕێک بخستایە کە بچوایەتە خزمەت پووریێ، هەرچەندە پاکیزە ئەمەی بە نیشانەی بێبەختیی خۆی زانی، بەڵام شوکریە دڵی دایەوە و گوتی خەمت نەبێت، لەسەر من، بە خوا وا دەکەم نیوسەعات دووعات بەسەردا بخوێنێت، دەستی زۆر موبارەکە. ست پاکیزە بە تەریقییەوە گوتی وەڵڵا زۆر حەز دەکەم، چونکە بەینێکە هەست دەکەم کە دڵم تەنگ دەبێت و هەموو لەشم دێتە ژان. چەند جار چوومەتە لای دکتۆر و دەرمان و حەبیشی بۆ نووسیوم، بەڵام فایدەی نییە. زۆر بڕوا بە دووعای خەڵکی موبارەک دەکەم، بۆیە هاتبوومە لای شێخزادە کە بە خزمەتی بگەم. لێی دا و ڕۆیشت، شوکریە دەرگاکەی پێوە دا و گەڕایەوە ژووریێ، زەردەخەنە گرتی و لە دڵی خۆیدا گوتی بڕوام پێ کردی لەشت دێشێ. کچێ بە خوا بۆ ئەوەتە بەشەکەم لەبەر دووعاکانی پووریێ خوا بەختێکت بۆ گریێ بەختت بکاتەوە و سەری بادا و گوتی کچەکە هەموو کەسێک بەشی زۆی زۆرزانە.

***

بۆ لای عەسر دیسان دایان لە دەرگا. ئەم جارە ژنی دوکاندارەکەی دراوسێیان هات کە ئەوەتەی ئەمان لە بەغدان، ڕەنگە ساڵی جارێک نەهاتبێ بۆ لایان. دوای چاکوچۆنی و سەلاموعەلەیک دانیشت، بەڵام

زۆر مـات و نـاڕەحەت دیـار بـوو، دوای تۆزێـک دانیشـتن بە مەلـیحە خـانی گـوت کەوا ئیشـێکی پێیە، بێزەحمەت تـاکو ئەو ژووره لەگەڵـی بچێت دوو سێ قسەی پێ دەڵێت. مەلیحە خان بە سڵەمینەوەوە گوتی فەرمـوو، هەر زوو خەیـاڵی بـۆ شـتی سەیرسـەیر ڕۆیشـت و تـاکو گەیشتە ژوورێک لەگەڵ ژنەکە، هەر بیری لای ڕووداوەکەی شـوکریە و پـۆلیس بـوو، یـان نەوەکـا کـچەکەی شـتێکی خراپـی کردبـێ یـا کوڕەکەی و یا مێردی، ئیتر هەر بە جارێک شڵەژا.
چوونە ژووریَ و دانیشتن، مەلیحە خان بە پەرۆشـەوە گوتی فەرمـوو قسـە بـکە. ژنەکە بە مـاتییەکەوە گـوتی ببـوورە کە لە ئـیش و کـارم کردیت و دەترسـم نـاڕەحەتم کردبیت. ئەگەر عەیـب نەبـوایە، مەلـیحە خان حەزی دەکرد بەسـەریدا بقیژێنـێ و بڵێت دە زوو قسـە بکە دڵـت خستمە خـوارەوە، حەواڵە بە خـوا بـی ژنەکە، بەڵام لەجیـاتیی وا بڵێت، گوتی نە بە پێچەوانەوە، زۆر بەخێر بێیت و فەرموو بڵێ چیت دەوێت. ژنەکە تۆزێ ڕووی کرایەوە و سەیرێکی مەلـیحە خـانی کـرد و گـوتی: وەڵـڵا نـازانم چۆنت پـێ بڵـێم، وەکـو دەزانیـت مـن سـێ کچـم هەیە و کوڕم نییە و ماڵی خەزوورانـم عەشـایەرن، خەڵکی کـوت و عەمـارە و ئەو نـاوەن و زۆریـان لا مەتڵەبە کە دەبێ بووکەکەیـان کـوڕی ببێـت، نەک کـچ. تـاکو ئەم قسـانە مەلـیحە خـان هەر حەپەسـابوو و دەترسـا لەوەی ئـاخۆ ئەم ژنە باسـی چـی بکـات، ئیتـر کە ژنەکە باسـی کـوڕ و ماڵی خەزووری کرد، ئاهێکی پیادا هات و لە دڵـی خۆیدا شـایەتمانێکی هێنا و گوتی بەڵێ فەرموو، ژنەکە قسەکەی تەواو کـرد و گـوتی ئینجـا وەکـو بـۆم گێڕایتەوە، ئەوانە وا دەزانـن خەڵـک بە دەسـت خـۆیەتی کە کچی ببێت یا کوڕ. ژنەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی توخوا فەرقی کوڕ و کچ چییە، هەمووی هەر جەرگە، بەڵام تۆ برۆ لەوان بپرسە.
مەلـیحە خـان بە ڕوویەکـی خۆشـەوە گـوێی لێـی دەگـرت، چـووە نـاو قسەوە و پێکەنیی و گـوتی هەنـدێ کەس وا بیـر دەکەنەوە، بە تـایبەتی عەشـایەر وەکـو دەڵـێن. بەڵام ئەم زەمـانە کـوڕ و کـچ فەرقیـان چیـیە،

هەردووکیان پێ دەگەن و دەبنە ساحێب مەعاش و بۆ دایک و باوک فەرقی نییە، بەڵام کامیان بەڕەحمتر بوو و کامیان دڵی دایک و باوکی ڕاگرت، بە خوا ئەو خۆشەویستترە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر دیسان مەلیحە خان سەری لێ تێک چوو و کەوتە خەیاڵەوە کە ئەم باسە چ پێوەندییەکی بەسەرەوە هەیە. ئەم نە دکتۆرە، نە مێردی دکتۆرە، نە لە ژنەکەی شارەزاترە، بگرە ئەو عەرەبە و خەڵکی بەغدایە، ئەی خوایە گیان ئەمە نیازی چییە؟

ژنەکە لە باسی کوڕ و کچ بووەوە و ڕووی کردە مەلیحە خان و گوتی ئینجا زۆر زۆر مەمنونت دەبم ئەگەر بتوانم بە خزمەت ئەو پوورەتان بگەم، بەشکم دووعایەکم بەسەردا بخوێنێت، چونکە بیستوومە کە زۆر ژنێکی موبارەکە و دووعای یەکاویەکە.

مەلیحە خان بەدەم زەردەخەنە و سەرسووڕمانەوە کە ئەمە لە کوێ ئەم خەبەرەی زانی، بە ژنەکەی گوت ئینجا بە سەر چاو، حەز دەکەیت تاکو لێرەیە وەرە دووعات بەسەردا بخوێنێت، خوا گەورەیە، ئیشەڵلا هەر کوڕیشت دەبێت. ئەم پوورەمان زۆر ژنێکی بەسەزمان و ساویلکەیە و لەخواترسە. دەستی ژنەکەی گرت و بردی بۆ لای پووری و گوتی پووری گیان ئەم ژنە دراوسێمانە، هاتووە دووعای بۆ بکەیت کە کوڕی ببێت و هەر کچی هەیە و مێردی و ماڵە خەزوورانی داوای کوڕی لێ دەکەن.

پووری پیاڵە چای لە بەردەمدا بوو، دەستی دایە سەرپۆشەکەی و دیسان دەمی خۆی پێ شاردەوە و گوتی یاخوا بەخێر بێن، پێی بڵێ ئیشەڵلا ئەم جارە هەر کوڕی دەبێت، مەلیحە خانیش بۆ ژنەکەی تەرجومە کرد و ژنەکە خۆی هەڵدایە سەر دەستی پووری و ماچی کرد و گوتی توخوا تۆ بڵێیت؟ پووری لە ژێر سەرپۆشەکەیەوە پێکەنیی و گوتی دەترسم ئێرەشم لێ بکەن بە دێیەکەمان، کچی دایکم هەمووی بە دەست خوایە، پووری کێیە و باپیری پووری کێیە. مەلیحە خان گوتی دیارە بە دەست خوایە پووری گیان، بەڵام تۆش

ژنێکـی موسـوڵمان و پـاکی، بەشـکم خـوا بیکـاتە خـاتری تـۆ، ژنەکە هـاتووە بـا دڵـی نەشـکێنین. پـووریّ گـوتی باشـە، وەرە دایکـم وەرە. ژنەکە هات لە بەردەمیدا دانیشت. پووریش هەر دەستێکی بە دەمیەوە بـوو و دەستێکیشـی خسـتە سـەر سـەری ژنەکە و بە ئەسـپایی یەک لەسـەر یەک کەوتە دووعاخوێنـدن. کە دووعـایەک تەواو دەبـوو، فـوویەکی لـیّ دەکـرد. پـووریّ بـۆن و بەرامەیەکـی زۆر خۆشـی لـیّ دەهات، بۆنی سمڵ و مێخەک و ڕێحانە و دوو سیّ شتی تریش کە دایم لە گیرفان و ملیدا بوو، هەروەها دەمە بێددانەکەشی بۆنێکی پاک و خۆشی لیّ دەهات، لەبەر ئەوە ژنەکە تۆزێکی مابوو لە ژێر دەستیدا خەوی لـیّ بکەوێـت، بە تـایبەتی کە ژوورەکەشـی گەرم و خـۆش و بێدەنگ بـوو. تـا ئەوان خەریکی دووعـا بوون، مەلیحە خـان سـەرێکی خەسـووی دا و بـۆی گێـڕایەوە. گەڕایەوە بـۆ لای پـووریّ و ژنەکە. سـەیری دەکـرد کە هێشـتا هەر لەسـەر عەینـی دیـمەن دانیشـتوون. مەلیحە خان لە دڵی خۆیدا گوتی ئەوە چی بوو خۆ ئەم ژنە مرخی لـیّ خۆش کرد، پووریّی قوڕبەسەریش دەستی شل بوو و قوڕگی وشک بووبوو. ژنەکەش جووڵەی بۆ نەدەکرد. ئاخری پووریّ دوا دووعـای بە دەنگێکی تۆزیّ بەرز خوێندەوە و لیّ بووەوە و دەستی دا لە پشتی ژنەکە و گـوتی باشـە دایـکەکەم، یـاخوا مـرادت حاسـڵ بێـت و کـوڕی زۆرت ببێـت. ژنەکەش دەسـتی مـاچ کـردەوە و هەسـتایە سـەر پـیّ و تـــاکو کـــۆڵانیش هەر دووعـــای بـــۆ دەکـــردن. مەلـــیحە خـــان بە سەرسووڕمانەوە چووە سەر شوکریە و گوتی ئەریّ ئەم خەڵکە چییە وا دێن و باسی پووریّ و دووعا دەکەن ئەوە کیّ پێی گوتوون؟

شوکریە بە خۆشییەکەوە گوتی وەڵڵا خانم دوو سیّ جـار دراوسـێکان لێیـان پرسـیم و گوتیـان ئەو ژنە چیـیە لە دەروێـش دەچێـت، منـیش باسـی موبـارەکیم بـۆ کـردن. گـوڵەش لەولاوە خـۆی هاویشـتە نـاو قسەکەوە و گوتی خانم ئەو ڕۆژە کە ڕەفیقەکەی چیمەن خان هات بۆ لامـان، کە چووبـووە دەریّ، بە ڕەفیقەکـانی گوتبـوو کەوا ژنێکـی سـەر

گەورە لێرەیە، دوایی چیمەن خانیش شەڕی لەگەڵ کردن کە بۆچی وا دەڵێن و ئەمە پووری باوکمە. ئیتر بوو بە شەڕ و کچەکان بە یەکتریان دەگوت وەی دایە، ڕاکەن پیاوخۆرێک لە ماڵی چیمەنە و من و چیمەن خانیش بۆیان چووین و تێروپڕ لێمان دان.
شوکریە چەپۆکێکی بە گوڵەدا کێشا و گوتی: کچێ وس بە، وا مەڵێ، ئەوە پێم نەگوتی باسی مەکە.

***

ڕۆژی دوایی جومعە بوو، ئێوارەکەی شوکریە ئیزنی وەرگرت و گوتی خانم گیان با بچم سەرێکی ئەو کچە بدەم بزانم چیی بەسەر هاتووە، ئەو ماڵە فەقیرە چی دەکەن! گوتی باشە برۆ، بەڵام ئاگات لە خۆت بێت، ئەملاوئەولا نەکەیت و کەتنێکی تر نەکەیت. شوکریە بەدەم پێکەنینەوە گوتی: نەوەڵڵا خانم گیان، هەر یەکسەر و بەبێ وەستان و جوانیش خۆم دەپێچمەوە و زوو دەڕۆم و زوو دێمەوە. خواحافیزیی کرد و لێیدا ڕۆیشت.
مەلیحە و خەسووشی دانیشتن و کەوتنە قسە و باس، بە تایبەتی کە میرزا ئەحمەدی خەزووریشی لەگەڵ کوڕەکەی چووبووە دەرێ. قسە بە قسەدا هات و کەوتنە باسی ئیشکەر و باسی ئەو کچە و باسی شوکری.
خەسووەکەی وەک بیر بکاتەوە، ڕووی کردە بووکەکەی و گوتی کە وەختی خۆی، زوو زوو کە هێشتا تازە شووم کردبوو، منیش لەگەڵ کارەکەر ڕووداوێکم لێ قەوما. بووکەکەشی بە پەرۆشەوە گوتی توخوا؟ ئەی بۆچی قەت لێم نەبیستووی؟ توخوا دە بۆم باس بکە.
خەسووی تۆزێ خۆی گورج کرد، دەستی بۆ سەر و دەسماڵی برد و گوتی: کە شووم کرد، هەر دوای دوو سێ مانگێک سکم بە عوسمان گیان پڕ بوو، مناڵ بووم، هەر شانزە حەڤدە ساڵ دەبووم، ئەوەندە تاقەتی ماڵداریم نەبوو، بە تایبەتی کە بە مناڵی زۆر نازدار بووم لە لای دایک و باوک و نەنکم و قەت نەیاندەهێشت دەست بدەمە هیچ

شتێک. لوتفی خان پێکەنیی و گوتی بە خوا مارەش کرابووم هێشتا دایکم سەری دادەهێنام. دەستێکی دا لە سەر و ئەگریجەی و گوتی ئاخر پرچم زۆر بوو و زۆر پڕ بوو، هەر دایکم و نەنکم بۆیان دەشتم.

مەلیحە خان گوتی بێچاوێنی بێ ئێستەش پرچت هەروا جوانە، ئاخۆ ئەوسا چۆن بووبێت. خەسووی گوتی هەر لێی گەڕێ کە ئەم پرچە جاری وا هەبوو چەند تووشی ناڕەحەتیی دەکردم، بڕوات بێت ملم خوار ببوو، سەرباقی دەردانیش، باوکم و نەنکم نەیاندەهێشت بیبڕم، ئینجا بێینەوە سەر قسەکەی خۆمان. ئیتر هەرچۆنێک بوو، دایکم و نەنکم پوورێکی مامت قەت بەڕەلایان نەدەکردم و ئاگایان لە ماڵەکە بوو، سەرپەرشتیی هەموو شتێکیان دەکرد و ژنێکیشمان لابوو چێشت و نانی بۆ دەکردین و کوڕێکی شێتۆکەی زۆر دڵسۆزیشمان لابوو هەر لە منداڵییەوە پووری و باوکی عوسمان بەخێویان کردبوو، ئەویش ئیشی بازاڕ و ئەملاولای بۆ دەکردین. بە ڕاستی ماڵەکەمان زۆر قەرەباڵغ بوو و هەمیشە میوان و خزم و کەسوکار بە ڕێوە بوون. دوای دوو ساڵ عوسمان گیان خڕکەڵە ببوو و خلەخلە بە ماڵەکدا دەهات و دەچوو و دیسان سکم بووەوە.

خەسووەکەی دەمی خۆی گرت، پێکەنیی و گوتی ئەوسا وەکو ئێستە خەڵک شارەزا نەبوون، بە تایبەتی من مناڵ بووم، ئێستە وا حەب هەیە و هەزار فێڵ و بەزم هەیە.

بووکەکەی پێکەنیی و قسەکەی بۆ تەواو کرد و گوتی ئۆ بە خوا ئێستە کچی دە دوانزە ساڵ لە ژنێکی ئەو وەختە زیاتر دەزانێت پەنا بە خوا.

خەسووەکەی گوتی ئەی چۆن، ئێستە بە دەست خۆیانە، هیی وا هەیە بە بووکی نەچووە، دەڵێت بە خوا ناهێڵم لە کوڕ و کچێک زیاترم هەبێت. ئەگەر ڕاستیشت بوێت، ناهەقیان نییە، ئێستە زۆر زەحمەتە و ئیشکەر دەست ناکەوێت و دایک و خوشک و خزمیش هەریەکە

خەریکی ماڵ و حاڵی خۆیەتی، وەکو جاران نییە خەڵک بێئیش بن و لا لە یەکتر بکەنەوە، بە تایبەتی ئێستە هەموو ژن و کچ ئیش دەکەن و مەئموورن. لوتفی خان پێکەنیی و گوتی دایکم ئێستە دنیا گۆڕاوە. گەڕایەوە سەر باسەکەی و گوتی ئینجا ڕۆڵە ڕۆژێکیان، بە خوا وا بزانم زستان بوو، سەری ڕاوەشاند و گوتی بەڵێ هاتە بیرم، زستان بوو، لە هەیوانەکە وەستابووم کە لە دەرگایان دا. خولە چوو کردیەوە و کچێکی پانزە شانزە ساڵ کردی بە ماڵدا، کچێکی خرپنی سپیکەلانەی ڕەزاسووک، لەچکێکی کردبوو و قۆڵەکانی هەڵماڵیبوو، لەوە دەچوو کە تازە دەستی لە ناو ئاو و کەفاو دەرهاتبێ، سەلامی کرد و گوتی نازانم کەڵەشێرەکەمان نەهاتووەتە حەوشەکەتانەوە؟
(خولە)ش هەر زوو جوابی دایەوە و گوتی نە دایکم کەڵەشێری چی، ها ئەوەتا حەوشەکەمان سەیرکە. کچەکە زەردەخەنە گرتی و گوتی باشە لێم ببوورن، چونکە بە سەربانداا ڕای کرد. وام زانی هاتە ماڵی ئێوە، خواحافیزیی کرد و ڕۆیشت.
لوتفی خان سەری ڕاوەشاند و گوتی ئای دونیا، دەڵێی پەردەی سینەمایە، بە ڕاستی چ زوو ڕادەکەیت، ئینجا ڕۆڵە سەرت نەیەشێنم، کە کچەکە ڕۆیشت، لە دڵی خۆمدا گوتم ئەمە کچی کێیە و لە ماڵی کێیە؟ وەی خۆزگەم بە خۆیان بە ڕاستی بەختیان هەیە وەروێڵکەیەکی وا پاک و پوخت و گورجوگۆڵیان هەیە.
بانگێکی خولەم کرد و گوتم ئەرێ خولە گیان ئەمە کچی کێیە و لە ماڵی کێیە؟
خولە مژێکی لە جگەرەکەی دا و بە زمانە لاڵەپەتەکەی گوتی یاخوا بەخێر بێیتەوە، ئیشەڵڵا شارەزای گەڕەک و دەرودراوسێکان دەبیت. بانگێکی پوورە فاتمی دایکی کرد کە بەخێوی کردبوو و گوتی: دایە وەرە باجیم هەواڵی ئەم کچە دەپرسێت کە ئێستە هاتبوو، نازانێت کێیە و لە کوێوە هاتووە؟ خەسووەکەی، لوتفی خان، ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی وەی پووری گیان ڕەحمەت لە قەبرت، بە خوا ژنی چاک و

دڵسۆز بوو، وای منی چەند خۆش دەویست. ئینجا پووریّ هات و گوتی نە ڕۆڵە، بە مەلیحە مەڵیّ باجی، بڵیّ پووریّ و پێکەنیی و گوتی ئەیەڕۆ دوو عومری ئەوت هەیە ئەوە باسی چی دەکەن، خولە بۆی گێڕایەوە کە من نازانم ئەو کچە کیّ بوو و پەنجەی هەڵبڕی و گوتی شەرت بیّ هەر پێی بڵێم باجی و زۆریش قسە بکەیت پێی دەڵێم پووریّ لە ڕقی تۆ. دەستمان کرد بە پێکەنین و پووریّ گوتی باسی ئەم کچە لە لای خەجە خانی دراوسێمانە. دوو سیّ ساڵێکە لە لای ئەو دێهاتانەی سەرەوە هێناویەتی و بەخێوی کردووە و خۆشی هەر ئەو دوو تاقە کوڕەی هەیە، چەند ساڵە بێوەژنە و وا ئێستە خەریکە کوڕەکەی پیّ دەگات و تازە بە موعەلیم دەرچووە. کوڕەکەی تریشی هێشتا هەر لە مەکتەبە خوا ئەجری بداتەوە. بە ڕاستی ژنێکی باش و بەحورمەتە. خولە پێکەنیی و ددانە زەردە دووکەلاویەکەی دەرخست و گوتی ئەی هەمووی دوو خانوومان بەینە، کەچی دەڵێت ئەمە کیّ بوو. منیش گوتم ئاخر نەمدیوە لە کوێوە بزانم. پووریێش هەڵی دایە و گوتی خەجە خان ناوێرێت زۆر کچەکە بنێرێتە دەرەوە، دەڵێت نەوەکو تەماعی بخەنە بەر و لێی هەڵگێڕنەوە، بۆیە کەم دێتە کۆڵان.
مەلیحە خانیش بە دڵ خەیاڵی دابووە قسەکانی خەسووی و زۆری لا خۆش بوو و هەر پێی دەگوت بەڵیّ، بە خوا قسەکانت بەلەزەتن، ئەی توخوا دوایی چی بوو.
خەسووەکەی گوتی ئینجا بە کچی خۆم بڵێم چەند مانگێکی پیّ چوو، ڕۆژێکیان بوو بە هەڵا لە گەڕەکەکە و پووریێیان بانگ کرد، چونکە پووریّ هەر لە منداڵییەوە زۆر ڕەفیق بوون لەگەڵ خەجە خانی دراوسێمان و هەر لە منالییەوە پێکەوە بوون، بەڵام من ماڵی باوکم لە گەڕەکێکی تر بوون، بۆیە زۆر شارەزا نەبووم. پووریّ بە هەڵەداوان چوو و دوای سەعاتێک گەڕایەوە و گوتی ئای، ببوو بە چ فەرتەنەیەک، ئەوەتا خەجە خان کچەکەی لای خۆی دەرکرد. من ئەوەم بیست ڕاپەڕیم و گوتم چۆن، ئەو کچەی ئەو جارە هات بۆ

لامان؟ ئەیەڕۆ چۆن دڵی هات؟ وەی خۆزگە پووریّ گیان دەهاتە ماڵی ئێمە. بووکەکەی گوتی ئینجا خۆ ئێوە قەرەباڵغ بوون، بۆ چیتان بوو. خەسووەکەی گوتی ڕاست دەکەیت، بەڵام ئەو قەرەباڵغیە هیچی ئەو وردەئیشانەی لە کۆڵ من نەدەکردەوە، چونکە قەت ڕووم نەدەهات بانگی پووریّ بکەم و بڵێم توخوا ئەو پەڕۆیانەم بەرە دەست یا ئەو لەگەنە ئاوەی کە مناڵەکانم تیادا شتووە بڕۆ بیڕێژە یا دەستم گیراوە بە مناڵەکانمەوە ئا توخوا ئەو کتریی ئاوە گەرمەم بدەرە دەست، هەروەها نە ڕووم دەهات و نە دڵم دەهات بە نەنکیشم بڵێم کە زۆری وەخت لە ماڵی ئێمە دەبوو، وەک لە ماڵی باوک بێت. چێشتکەرەکەشمان دیسان ژنێکی گەورە بوو. لەبەر ئەوە زۆر پێویستم بە کچێکی مناڵکار بوو کە ڕووم بهاتایە ئەو وردە ئیشانەی پێ بکەم.

لوتفی خان دیسانەوە دەمی خۆی گرت و پێکەنیی، گوتی دایکم جاران گەورە و بچووک هەبوو. پەنا بە خوا لەم دەورزەمانە، ئێستە ئەوە لە کویّ ماوە، جاران گەورەی ماڵ هەزار حسابی بۆ دەکرا، بە خوا خۆم کە چەند لای دایک و باوک و نەنکم خۆشەویست بووم، ئەگەر بمگوتایە سەرم دێشێت، هەر هەموو ماڵەکە دەشێوا، دە بەو خوایە کە باوکم دەهاتە ماڵەوە، هەتا بە قایمی نەدەڕۆیشتم بە حەوشە و ماڵەکەدا، دەمگوت نەوەکو باوکم گوێی لە تەقەی قاپقاپەکەم بێت. قەت ڕووم نەدەهات لە بەر چاوی نان بخۆم. مەلیحە دەستی ڕاوەشاند و گوتی حەی حەی، ئێستە لە بەر چاوی باوکیان سووراو و سپیاو و کل و ئارایشی وا دەکەن، هەر باس ناکرێت.

خەسووی هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی خۆزگە هەر سووراو و سپیاو و کل بوایە، پەنجەی هەڵبڕی و گوتی بە سەری پێغەمبەر (د.خ) تاکو ڕۆژی بووکێنیم نەمزانیوە سووراو و شتی وا چییە، وا بزانم هەر ماوەیەکی کەم دوای شووکردنم بەکارم هێنا، ئەویش وام دەزانی بووک دەبیّ وابیّ، پێکەنیی و گوتی دوایی هەر زوو فڕێم دا و گوتم

عەمری ئەم سووراو و سپیاوە دەستکردە نەمێنی، ئەمە چ جوانییەکە بەم ڕەنگ و سوور و سپییەوە بێت. دە گرەو دەکەم ئەگەر ئەوانەی ئەم ڕەنگانە دەدەن لە خۆیان و پێیان دەڵێن جوان، ئەگەر بوێرن هەروا بەبێ ئارایش و لە حەمام بێنە دەرێ و بچنە دەرەوە، ئینجا با پێیان بڵێن جوان. کچێ بە خوا هەندێ کەس خۆیان جوانن، کەچی بەو ڕەنگانە خۆیان ناشرین دەکەن. ئۆ پەنا بە خوا لە هەموو زیاتر ڕقم لەو لچە سوورانەیانە ئەڵێی پیاویان خواردووە. بووکەکەی گوتی ئیتر بڵێین چی، هەموو ئەم شتانە دادەهێنن بۆ دەستبڕین و تەفرەدانی خەڵک. زۆر سەیرە، هەموو کەسیش دەزانێت کە چەند خراپە و پێستیان تێک دەدات و ئەو کل و قەڵەمە پیسە چاویان کوێر دەکات، بەڵام هەر دەشیکەن. خەسووەکەی گوتی ئۆ لە خوا بە زیاد بێت تۆش ئەوەندە حەزی لێ ناکەیت.

بووکەکەی پێکەنیی و گوتی خۆ قسەکەمان لە بیر چوو، دە توخوا ئامۆژن گیان تەواوی بکە. سوراو و سپیاو لە بیری بردینەوە.

خەسووەکەی گوتی بە ڕاست گەیشتینە کوێ؟

بووکەکەی گوتی باسی کچەکەت دەکرد کە پێویستت بە وەڕوێڵکەیەک بوو و ڕووت نەدەهات ئیش بەوانی تر بکەیت، لوتفی خان دەستێکی بە دەموچاویدا هێنا و دەسماڵەکەی ڕاست کردەوە، وردەکۆکەیەکی کرد و گوتی ئینجا ڕۆڵە گیان کە بە پووریم وت خۆزگە ئەم کچە دەهاتە لامان، پوورێ تۆزێ وەستا و گوتی ئاخر نەوەکو خەجە خان عاجز بێت. دوایی گورج گوتی ئینجا خۆ ئەو هەر دەری دەکات دەڵێی پێی بڵێم، وەڵڵا زۆری مەتح دەکەن، دەڵێن زۆر پاک و تەمیز و گورجوگۆڵە.

لوتفی خان پێکەنیی و گوتی منیش وەکو مناڵ وڕکم بۆ گرت و پاڕامەوە لە پوورێ و گوتم نەوەکو لە کیسمان بچێت، توخوا پوورێ گیان برۆ پێی بڵێ. دوایی گوتم باشە نالێیت ئەو کچە چیی کردووە؟ پوورێ تۆزێ منگەمنگی کرد و دوایی گوتی وەڵڵا دەڵێت تاکو ئێستە

دوو سێ جار لە جێگەی کوڕە گەورەکەیدا بە پرچ کچەکەی هێناوەتە دەرێ. خەجە خان زۆر ناڕەحەتە و زۆر گریا لای من، گوتی ئەیەڕۆ چەند ساڵە جوانی و خۆشیم لەسەر ئەم دوو کوڕە داناوە و بە بێوەژنی لەسەریان دانیشتووم، ئێستە کوڕەکەم خەیاڵ بداتە ئەم کچە، قەیناکا خۆ من لە خوا دەترسم و هەموومان هەر عەبدی خواین و لای خوا فەرقی کەس نییە، بەڵام بە خوا حەز ناکەم بۆ ئەم کوڕەی هەموو ئومێد و هیوا و خۆشییەکم پێوە بەستووە، بچێت شوێن کچێک بکەوێت کە هەموو دونیا دەزانێت ئیشکەر و کارەکەرم بووە، حەز دەکەم کە بە دڵی خۆم کچێک وەک خۆی و لە پلەی خۆیدا بۆی بێنم. لە ناو چاوی دۆست و دوژمندا بۆچی چەند کوڕم هەیە لەو دوانە زیاتر؟ منیش حەپەسام و گوتم ئەیەڕۆ ئەمە چۆن وا دەبێت، تۆ بڵێیت ئەمە ڕاست بێت؟ باشە پوورێ گیان هەرچییەک بێت تۆ مەهێڵە ئەو کچەمان لە کیس بچێت.

پووری هەستا و ڕۆیشتەوە، نیو سەعاتێکی پێ چوو و گەڕایەوە. منیش بە پەلە چووم بە پیریەوە و هەر لە ڕێگەوە گوتی خەجە خان گوتوویەتی ڕازیم، با بێت بۆ لاتان، خۆ من هەر ئیزنی دەدەم و هیچ عاجز نابم. بۆ بچێتە ماڵی یەکێکی تر. ئینجا ڕۆڵە منیش لە خۆشیاندا پەلاماری پوورێم دا و ماچم کرد و دوای دوو سەعاتێک دیسان چووەوە و کچەکەی بە بوخچە و شتەکانیەوە هێنا.

بە هەفتەیەک ماڵەکەمان بە تەواوی گۆڕا، منیش لە خۆشیاندا جێم بە خۆم نەدەگرت. ئەویش دایم دەتگوت ماخۆلانیەتی، هەر ئیشی دەکرد و دڵی خۆش بوو، دایم ئەم ماڵەی دەکرد بە گوڵ و خۆشی پاکوتەمیز و جوان بوو. دۆلاب و تاق و کەنتۆری جل هەمووی وەکو دوکان و کۆگای لێ هات، هەمووی جیا کرانەوە و ئوتوو کران. هەر شتە لە تاقی خۆیدا دانرا و جل و پەڕۆ و کەلوپەلی منال، ئیتر نازانم باسی چیت بۆ بکەم. لە دوای بەینێک وای لێ هات تاکو نەیدەهێشت کەس دەست بۆ جلوبەرگ بەرێت، بە منی دەگوت باشە دەچیت بۆ حەمام

چی لە بەر دەکەیت من بۆت دەردەهێنم، نابێ تۆ بچیت، جلەکان تێک دەدەیت.
هەتا مامیشت نەدەبوو دەست بۆ شتێکی بەرێت، دەبوو ئەو بچێت و بۆی دەربێنێت. بەیانیانیش پێش ئەوەی مامت بچێتە دەرەوە، جل و دەسرِی ئوتووکراو و جووتێ گۆرەویی بۆ دەخرایە سەر جێگەکەی. ئیتر شتی وا هەر نەببوو، وا عومرم گەیشت بەم عومرە شتی وام نەدیوە. ئینجا کەوتینە بەزمی باجی مەنیجی چێشتکەرمان، ئەو رِقی لێی بوو، وەکو شتێک حەسوودی پێ هات وا هەموو هەر مەتحمان دەکرد و خەریک دەبوو خۆی زۆر خۆشەویست دەکرد لای هەموان. لەبەر ئەوە ئیتر زوو زوو بەیەکدا دەهاتن و شەرِیان دەکرد و باجی مەنیج دایم گێچەڵی پێ دەکرد.
لوتفی خان لەبەر پێکەنین کەوت بە گازی پشتدا و گوتی ئینجا رِۆڵە ئەو وەختە گۆرانییەک باو بوو، گۆرانییەکە دەیگوت (هەی نەرمە نەرمە گشت گیانی نەرمە) باجی مەنیجیش زۆر وشک و رِەق و زەعیف بوو، کچەکەشمان کە ناوی زێرِین بوو، حەمە گیانی دەکردە باوەش و دەیبردە لای پەنجەرەی سەر تەنوورەکە (چێشتخانە) و فێری دەکرد کە بڵێت (هەی رِەقە رِەقە گشت گیانی چەقە) ئینجا باجی مەنیجیش بە کەوگیرەوە بۆی دەردەپەرِی و دەیگوت هەی چەتیوە (خویێرِییە) ئەوە تۆ فێرت کردووە. زێرِەش حەمەی دەبرد و رِای دەکردە کۆڵان، ئیتر ئەمە بەزمی تازەمان بوو.
ژوورێکمان هەبوو لە سەر دالانەکەی سەر دەرکی حەوشە بوو. هەموو شەوێک ئەم کچە متیل و بەرگەنوێن و جل و پەرِۆوپیتاڵی دونیای کۆمەڵ دەکرد و دەیگوت شەو کە ئێوە نوستن، من ئوتوو دەکەم، ئێمەش دڵمان خۆش بوو، هەر بە شان و باڵیدا هەڵمان دەدا و خەریک بوو لە خۆشیاندا شێت بین. چەند میوان و خزم و کەسمان دەهاتن، بگرە لە دڵەوە هەموو بەغیلییان پێ دەبردین کە چ کچێکمان لایە.

نەنکم زۆر ژنێکی ئاقڵ و شارەزا و دنیادیدە بوو. ئەو شەوانەی لە لاشمان دەنوست، لەگەڵ پووریّ لە ژووریکدا، بە کردەوەی ئەم کچەی کە هەموو شەویک ئەم هەموو جلە کۆ دەکاتەوە و دەچێتە ئەو ژوورە و دەڵێت کە ئێوە نوستن، من دەچم ئوتوو دەکەم، تومەز هەردووکیان کەوتبوونە بۆڵە و خەیاڵ لە دڵی خۆیاندا.
نەنکم و پووریّ ڕۆژێک پێی دەڵێن ئەریّ دایکم ئەم هەموو ئوتووە چییە، دە با چەند شەوێک جارێک بێت، تۆش هیلاکی، بۆ خۆت بنوو. ئەویش گوتبووی ئیشی خۆمە و کەس هەقی نییە. ئەوانیش کەوتبوونە مەراقەوە کە ئەم کچە دەبیّ شتێکی لەژێر سەردا بێت و خەیاڵیان بۆ کوڕەکەی خەجە خان چووبوو. چونکە دونیاش زستان بوو و بەرەو بەهار بوو، زۆر جار گرمەی هەور و ڕەشەباش بوو، ئەوانیش پیر بوون نەیاندەتوانی بە چاکی چاودێریی بکەن و بزانن ئەمە چی دەکات، بەڵام هەر زانییان کە شتێک هەیە. هەرچۆنێک بوو، بەو حاڵە و بەبیّ ئەوەی من بزانم و بە دایکیشمیان گوتبوو، بەڵام دایکم نەیدەتوانی هیچی لیّ ئاشکرا بکات، چونکە دایکم ماڵی خۆی هەبوو و سەرقاڵی ئیش و گرفتاریی خۆی و خێزانەکەی بوو.
کچەکە لەگەڵ خولە وای پیشان دابوو کە ئەم خولەی لا زۆر کوڕێکی قۆز و ڕێکوپێکە و لەوانەیە شووی پیّ بکات و بە تەمای کردبوو. خولەش وەک کەری لیّ هاتبوو و هەرچی ئەم دەیگوت، خولە دەیگوت ڕاست دەکات. زۆر جار لەبەر ئەو دەچوو بەگژ نەنە و پووریدا و لەگەڵ باجی مەنیجیش ئەوە هەر دوژمن بوو، چونکە قسەی پیّ دەگوت. خولە کەتنەکانی بۆ دەشاردەوە و دەیگوت هەقتان چییە، بەسەزمانە مرد ئەوەندە ئیش دەکات، چیتان بەسەریەوەیە، دەی هەرچۆنێک بوو، تاکو بوو بە هاوین و خەڵک چوونە سەربان و چیغیان گێڕا، هەندیّ لە حەوشە دەنوستن و ئێمەش لە حەوشە دەنوستین، حەوشەکەمان گەورە و خۆش بوو، دارودرەختی میوە و ترێی تیادا بوو، هەنجیرێکی زۆر گەورە و خۆشیشی تیادا بوو.

پووریَ و نەنەش لە لایەکی ئەو حەوشەیە و لە لایەکیش نوێنەکانیان دادەخست و دەنوستن لەگەڵ باجی مەنیج و خولەش دەچووە سەربان لەویَ دەنوست.

ئینجا کچەکەش لە ئوتووکردن بووەوە و کەوتە سەر بەزمی جلشتن و متیلشتن بە شەو. زۆر شەو لە پریشکی جلهەڵخستنی ئەو کچە خەبەرمان دەبووەوە. زۆر جار مامت بەو نیوەشەوە لێی تووڕە دەبوو و دەیگوت ڕۆڵە تۆ شەو و ڕۆژت لیَ تێک چووە، نەگبەت بۆ ناچی بۆ خۆت بنووی؟ سەعات دووی شەوە و تۆ تازە جل هەڵدەخەیت.

هەرچۆنێک بوو، هاوین پیلانی زێڕین خانی ئاشکرا کرد و پووریَ و نەنە پێیان زانی کە دوای ئەو ئیشانە، کە زۆر درەنگ لیَ دەبووەوە و هەموو دەنوستین، بە سەر پەیژەکەدا سەردەکەوت و دەچووە سەربان و لەوێش بە سەر ورگی (خولە پاڵەواندا) تیَ دەپەڕی و دەچووە لای کوڕەکەی خەجە خان. زستانیش لە ژووریَ لە بەر دەرگا ئوتووی دەکرد، ئەویش دیسان وا درەنگەشەوە. کە هەموو دەنوستن، چراکانی دەکوژاندەوە و لە دەرکی حەوشەوە دەچووە لای. بەڵام من ئەوەندەم خۆش دەویست، کەسیان نەیاندەتوانی لە بەر چاومی بخەن و هەر دەمگوت وانییە و نەدەچووە ئەقڵمەوە کە خەڵکی وا هەبن وا بێترس و بێشەرمانە بوێرن وا بکەن و وا بە پێی خۆیان بچن ئابڕووی خۆیان بەرن.

هاوینیش تەواو بوو و کەوتینە پایزەوە، بەڵام پایزێکی تازە. هێشتا هەر گەرم بوو لەپڕ ڕۆژێک زێڕین بێدەنگ هاتە بەر چاومان و گوتی وەڵڵا نەخۆشم. ئێمەش بەزەییمان پیایدا هاتەوە و هەر زوو گوتمان بڕۆ ژوورەکەت جێگەکەت داخە و بنوو. من زۆر خەمم بوو، یەک دوو جار چووم سەرم لیَ دا و زوو زوو دەچووە سەرئاو. بۆ ڕۆژی دوایی خراپتر بوو، ئێمەش زۆر بۆی بە پەرۆش بووین. خولە ئارامی نەمابوو، هەر دەیگوت دە هەستە عەرەبانەت بۆ دەهێنم با بچین بۆ

خەستەخانە. من دەمگوت هەستە بچۆ بۆ لای دکتۆر، ئەوەتا عیادەکەی نزیکمانە، ئەو هەر دەیگوت هیچ نییە، ئێستە چاک دەبمەوە. بۆ نیوەڕۆ دیسان چووم سەری بدەم.
لوتفی خان دەستی بۆ دەموچاوی خۆی برد و دوایی دەستی دایە یەخەکەی و ڕووی کردە ئاسمان و گوتی ئۆ خوایە، تۆبە خوایە، لە ڕۆڵەمان و لە ڕۆڵەی هەموو کەسێکی بە دوور بکەی و کەس وای بەسەر نەیەت. ئینجا قسەکەی تەواو کرد و گوتی ڕۆڵە کە چوومە ژوورەوە، هەر حەپەسام، ئەو هەموو ساڵە ئەو دیمەنەی لە بیر نەبردوومەتەوە. کە چوومە لای کچە. کچی چی؟ هەر دەتگوت مردووە، ڕەنگی زەرد، وەک تەختە وشک و بێجووڵە، خوێن لە ژێری ببوو بە گۆم، مێش خەریک بوون کۆمەڵ دەبوون. منیش کە چاوم بەو حاڵەی کەوت، وەک شێت ڕاپەڕیم و گریام و بانگی نەنکم و پووریێ و ئەوانی ترم کرد، ئەوانیش بە ڕاکردن هاتن و پەلاماریان دا و خێرا، بیرم نییە ئۆتۆمبیل بوو عەرەبانە بوو، بۆیان هێنا و هەرزوو تێیان خست و بردیان بۆ خەستەخانە. منیش هەر بۆی دەگریام. بەڵام پووریێ و نەنە بۆڵەیان دەکرد، ئەگەرچی وەکو ئینسانێک نارەحەت بوون بۆی، بەڵام لە بەینی خۆیاندا قسەیان پێ دەگوت و جنێویان پێ دەدا. من حەپەسابووم لە کاری خوا کە چۆن ئەم بەشەرە جوانە پاکوتەمیزە قرەقرکەر و بەهەڵپەهەڵپەی دوو سێ ڕۆژ لەمەوپێش و بە ماوەیەکی وا کەم ئاوا پەکی بکەوێت، ئاوا کەساس و بێدەسەڵات ببێت و مێش و مەگەز تێی بئاڵێن و نەتوانێت دوریان بخاتەوە لە خۆی کە هەمووی دوو سێ ڕۆژ لەوەوپێش بە پەلەپیتکە خۆی دەتەکاند و بۆنی گوڵ و گوڵزاری لێ دەباری.
لوتفی خان پیاڵە چایەکەی بەردەمی خۆی چۆڕبڕ کرد و گوتی: ئینجا ڕۆڵە گیان، دوو سەعاتێکی پێ چوو خولە گەڕایەوە ماڵێ، لچی دابوو بەیەکدا و تووڕە دیار بوو. بۆیە بە پەلە چووم بە پیریەوە و گوتم توخوا چی بوو خولە گیان.

خوله گوتی ئەوە بۆ وا خۆتت شپرزە کردووە. لوتفی خان بە گازی پشتدا کەوت و گوتی خولە خۆی لاڵەپەتە بوو، کە تووڕەش دەبوو ئیتر ئەوە هەر هیچی بەسەر هیچەوە نەدەما. ئینجا وەکو گوتم، زۆر تووڕە دیار بوو و دەمی تێکەڵوپێکەڵ ببوو و گوتی (چاوی دەردەهات) سەگی سەگبابەی بێناموسە. تومەز ئەوە منداڵ بووە لەباری چووە هەر حەیامان چوو لەو خەستەخانەیە.
باجی مەنیجیش هاتە دەرەوە و گوتی چاوت ڕوون، چاوت لێ بوو چۆنت لەسەریت دەکردەوە و چۆن فێڵی لێ دەکردی و بە سەر ورگتا تێ دەپەڕی و دەچوو، تۆش بۆت دادەپۆشی و دەتگوت تۆ شەڕی پێ دەفرۆشی و حەسوودیت پێ دێت.
خولەش وا دیار بوو دڵی پڕ بوو، لەبەر ئەوەی بۆی دەرکەوت کە زێڕین فێڵی لێ دەکرد تاکو ئیشەکانی خۆی پێ جێبەجێ بکات، ئەوەتا دەرکەوت کە ئەو لەگەڵ خەڵکی تر ڕێک بووە. لەبەر ئەوە هەر باجی مەنیج وای گوت، خولە بۆی ڕاپەڕی و بۆی چووە پێشەوە و گوتی: ئینجا تۆ چیتە. من کەی لەسەریم کردووەتەوە؟ من دەمگوت گوناحە و زەعیفەیە، ئیشمان بۆ دەکات، چیتە ئەوەندە (گلت) خستووەتە ژێری.
باجی مەنیج پێکەنیی و گوتی دە باشە گڕم خستبووە ژێری، دە بڕۆ ساقەسەری تۆزێ نوقوڵمان بۆ بکڕە، بەس نەبوو شکور نەمرد. خولە بوو بە فیشەکەشێتە و گوتی من بۆ نوقڵت بۆ (بکلم) و دوو سێ بۆڵەی لێوە هات و لەژێر لێوەوە جنێوی بە باجی مەنیج دا و ڕۆیشت بۆ ژوورەکەی خۆی.
دوای دوو سێ ڕۆژ زێڕینیان لە خەستەخانە هێنایە دەرەوە، دیسان ژنێکی خێرخوازی باشمان هەبوو دایەنمان بوو، لە کۆنەوە هەر لە ماڵی باوکم بوو و مناڵەکانی بۆ دایکم بەخێو کردبوو. ئیتر ئەو بردی و لە ماڵی خوشکێکی دای نا و گوتیان لەبەر خوا و گوناح بوو. بەڵام مامت کە زانیی، کردی بە هەرا و شەڕی کرد و گوتی چۆن ئەمەتان

دەزانی و قسەتان نەکردووە، زۆر ناڕەحەت بوو، ئیتر منیش نەمویرا بڵێم با بێتەوە لای خۆمان. هەرچەندە هەر چاوم لە دوای بوو، ئیتر بەینێک وا مایەوە، دوایی دایان بە شوو بە کوڕێکی عەسکەری فەقیری بێکەس کە دەیانناسی و پێیان گوتبوو کەوا وەختی خۆی لە لادێ بووە باوەژنەکەی داویەتی بە شوو بە پیاوێکی پیر، ئەمیش مانگێک لە لای بووە و پیرەمێردەکە مردووە.

باش بوو خێریان بنووسێت دایان مەزراند و ئابڕوویان کڕییەوە. لوتفی خان سەری ڕاوەشاند و گوتی هەرچۆنێک بێت، کەر و بێئەقڵ بوو. ئەمەش حەکایەتی من، دەستی ڕاوەشاند و گوتی ئەی ڕۆڵە، هەزارەها حەکایەتی وەکو ئەوەی من گێڕامەوە و هیی کچە بادینییە نەگبەتەکە هەیە، ئەم شتانە هەر لە زووەوە هەن و لە هەموو زەمان و دەورێکا بێویژدان و بەدخوو و چاک و خراپ هەبووە.

بووکەکەی هەستایە سەر پێ و گوتی وەڵڵا سەیرە، چۆن ڕووداوی وات زانیوە و قەت بۆت نەگێڕاوینەتەوە! بە ڕاستی دەڵێی فیلمی سینەمایە.

خەسووەکەشی هەستایە سەر پێ و بەدەم کەوا هەڵکردنەوە پێکەنیی و گوتی لە سینەماش سەیرترە. پێڵاوەکانی لە پێ کرد و گوتی بچم بزانم دەروێشی شێخزادە چیی بەسەر هات. ڕووی کردە بووکەکەی و بە ئەسپایی گوتی توخوا بەسەزمانە جاری وا هەیە لەسەر بەرماڵ خەوی لێ دەکەوێت، ئیتر هەر کەسە خوا بە قوربانی بم گرفتار و سەرقاڵی شتێکی کردووە، وا ئەمیش خوا ئەم بەهرەیەی داوەتێ. ئەی چی، بە خوا ئەمە بەهرەیە، وەکو دەڵێن هەر بە پێڵاوەوە دەچێتە بەهەشت. نە باسی کەس دەکات نە دڵی کەس عاجز دەکات، فەقیرە دەڵێی پەپوولەیە، نانی بدەیتێ دەیخوات، نەیدەیتێ هەر باسی ناکات، بێدەنگ و بەسەزمان.

بووکەکەی پێکەنیی و سەری خستە پەنا گوێی خەسووی، چرپاندی و گوتی هەر ئەوەیە دڵی تەڕە و حەزی لە سەوز و سوور و

(گێلگێلەیە). هەردووکیان بە پێکەنینی لەسەرخۆ لە ژوورەکە چوونە دەرێ.
دوای دوو سێ سەعاتێک شوکریە گەڕایەوە کە چووبوو سەری ماڵی پوورە فەهیمە بدات و هەواڵێکی فەیروزیش بپرسێت، چونکە لەو شەوەوە ئیتر نەچووبوو بە لایانەوە، زۆریشی لە ترسی ئەوەی نەوەکو بە هاتوچۆ جێی کچەکە ئاشکرا بێت. بۆیە شوکریە بە دڵنیایی و ڕوویەکی خۆشەوە کردی بە ماڵدا، بە تایبەتی کە پوورە فەهیمە فەیروزی تێ گەیاندبوو کە کەس لێی نەپرسیون و نەهاتوون بە لایانەوە.
شوکریە بەپەلە عەباکەی لە خۆی کردەوە و چوو بۆ لای مەلیحە خان و بە پەرۆشەوە هەواڵی پرسی و گوتی: خانم گیان، خۆ هیچ مەحتەل نەبوون کە لێرە نەبووم؟ بە خوا دڵم هەر لاتان بوو، لەبەر میوان و (قبوڵەکە)، مەلیحە خان کە کوڕەکەی بە باوەشەوە بوو، بە خاولییەکی بچووک خەریکی دەمولێوسڕین بوو، بەدەم ئەو کارەیەوە دایە پڕمەی پێکەنین و گوتی: ئەیەڕۆ میوان و قبوڵی سێ ڕۆژی دیکەیە، هێشتا لە کوێتە. دوایی قسەکەی تەواو کرد و گوتی ئێ دە پێم بڵێ جەماعەت چۆن بوون چییان بەسەر هاتووە؟
شوکریە بەدەم بەقوربان و بەحەیران و خۆشەویستی دەربڕینەوە گوتی: وەڵڵا خانم گیان لە سایەی خوا و سەری تۆ و ئاغاوە زۆر باش بوون، فەیروزە تۆزێ هاتبووە سەر خۆی.
پوورە فەهیمە ئیمانی سەلامەت بێت بە زۆر سەری شتبوو، دەستێ جلی بۆ پەیدا کردبوو و کردبوویە بەری. شوکریە زەردەخەنە گرتی و بەتەوسەوە گوتی:
ئەیەڕۆ حەواڵە بە خوابم نەمکرد دەستێ جلی خۆمی بۆ بەرم. پوورە فەهیمەی فەقیر لە کوێ جلی بۆ ئەو دەبێت. پوورە فەهیمە کورت و داماو و بچکۆلە و زەعیف و ئەم کەڵەگەت و بالابەرز و چوارشانە.
مەلیحە خانیش بۆی سەندەوە و گوتی:

ڕاست دەکەیت، وەڵڵا دەبوو جلی بۆ بنێرین، بەڵام ئێمە ئەوەندە شڵەژابووین، ئەم چەند ڕۆژە هەرچەند زەنگی دەرگا لێی دەدا، وامان دەزانی کابرای زابت پۆلیسی هێناوەتە سەرمان. بۆچی جلمان لە بیر مابوو؟

شوکریە ڕووی کردە مەلیحە خان و بە ئەسپایی گوتی:

خانم، دەزانی ئەو نەگبەتە ئەوەندە تۆقیوە، هەر کەس ناوێرێت ناوی ماڵی باوکیشی بهێنێت؟

مام دەروێش، مێردی پوورە فەهیمە، پێی گوتبوو کە ناونیشانی ماڵی باوکی بداتێ لە دهۆک تاوەکو بچێت پێیان بڵێت کە کەسێکیان بێن بە هانایەوە، کەچی دەترسێت و دەگری و دەڵێت دەترسم ئەو پیاوە پۆلیس بێنێتە سەرمان، باوکیشم زۆر ترسنۆکە، دوایی بمداتەوە دەستی. مەلیحە خان هەڵچوو و بە توندی گوتی:

ئۆو ئاگر لە باوکی بەربێت، ئەگەر باوکی پیاو بوایە، بەبێ پرس و پرسیار ئەم کچە منداڵەی دەڵێی چڵی نێرگزە نەدەدایە دەست ئەو سەگبابە، تاکو لەوێ مارەشی نەکردووە، گوتوویەتی دەچم لە موسڵ مارەی دەکەم لە ناو کەسوکارم، توخوا باوک هەیە یا دایک هەیە ئەمە قبوڵ بکات؟ پێی نەڵێن ڕازی نابین تاکو لێرە مارەی نەکەیت، بۆچی لای ئێمە مەحکەمە و قازی نییە هەر لە موسڵ هەیە، یاخود یەک دوو کەس بڕۆشتنایە لەگەڵی تاکو لەوێ مارە دەکرا؟ کچێ مارەی چی، کچەکە نەیگوت کە گەیشتین دوای نیو سەعات چوو دوو کابرای دەستبڕ و ساختەچی وەکو خۆیی هێنا و بە درۆ مارەیان کرد. خۆ مارەکە نەبراوەتە لای مەحکەمە و قازی، یارەبی دایک و باوکی دوایان بڕێت.

ئەی نەبوو کچەکە گوتی: کە پرسیم ئەی کوا دایک و کەست، گوتی دوایی دێن، کەچی هەر دیار نەبوون، ئەم ئیشە هەمووی فرتوفێڵ بووە، ئەو نامەردە کچەی بەو جۆرە لێ سەندوون تا دوایی بیفرۆشێت بەم و بەو و تیجارەتی پێوە بکات.

شوکریه هەروا سەیری دەمی خانمی دەکرد و لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئەم ژنە دەڵێی دوو کەسی جیاوازە، سەیریکە ئێستە چی دەڵێت و چۆن غیرەت گرتوویەتی و لەسەر ئەو کچە بەسەزمانە دەکاتەوە، کەچی بەرامبەر بەم گوڵە منداڵە قوڕبەسەرە چەند دڵڕەقە و چۆن نایەڵێ تاوەکو درەنگەشەو بچێت بنوێت، لە کاتێکدا کە هەرزوو منداڵەکانی خۆی بە زۆر دەنێرێت بچن بنوون. بە ڕاستی خوایە گیان، ئەم بەشەرانە چەند سەیرن، ئەوەی بەدەسەڵاتە، بۆ هەر حەز دەکات هەموو شتێک بۆ ئەو بێت و بۆ منداڵەکانی بێت و جێی ئەو خۆش بێت و پارووی خۆش بۆ دەمی خۆی و منداڵی بێت، بیرێک لە خەڵکی داماوی وەکو ئێمە ناکەنەوە کە نەسیب و قسمەت و ڕێکەوت و ڕووداو و بەدبەختی وای لێ کردووین کە ئەوەندە بێچارە بین بکەوینە ژێر ڕەحمەت و دەسەڵاتی ئەوان و وا سەیرمان دەکەن دەڵێی ئێمەش وەکو ئەوان نین و ئێمەش هەستمان نییە، هیلاک نابین و بەردین، ئۆف خوایە بەقوربانی بەشت بم.
لەوکاتەدا گوڵە بە گوڕ خۆی گەیاندێ و باوەشی پیادا کرد و لە خەیاڵیدا بە خۆشییەکەوە ڕووی تێ کرد و گوتی: ئۆخەی ئەوە هاتیتەوە، تۆ نازانی من زۆر بێتاقەت دەبم کە دەڕۆیتە شوێنێک، بۆچی منیشت نەبرد لەگەڵ خۆت؟ ئەی ئەو ڕۆژە نەتگوت لەمەولا کە چووم بۆ شوێنێک تۆش دەبەم؟
شوکریە ماچێکی کرد، دڵی گوشرا بۆی و پێی گوت: قەیناکا، ئەم جارە چونکە میوانمان هەیە، جارێکی تر. لە دڵی خۆشیدا گوتی: ئەی بە خوا ئەگەر دەڵێم با گوڵەش لەگەڵ خۆم بەرم بۆ شوێنێک بزانە هەر سەری من و هیی تۆش ناتاشن، بۆچی ئەوان هەر دانیشتنیشمان پێ ڕەوا دەبینن تاکو بچین بۆ گەڕان و سەیران. ئەمانە بەخێرێ کە هەرە باشە دڵبەڕەحم و بەویژدانەکانن. شوکریە بە بەزەییەکەوە سەیرێکی گوڵەی کرد و دەستی بە سەردا هێنا و گوتی بڕۆ گیانە، بڕۆ نەوەکا خانم بانگت بکات، لەبەر خۆشیەوە گوتی ئای نەگبەت، چەند ساویلکە و فەقیری.

شوکریە بە پشتی دەستی فرمێسکەکانی سڕییەوە و پەلەی کرد لە چوون بە لای ئیشەکانیەوە.
هەموو ئەهلی ماڵەکە ئەو ڕۆژە سەریان قاڵ بوو کە هەر بەیەکدا دەهاتن، شوکریە سەری بەستبوو و خۆی هەڵکردبوو و چەند پەڕۆ و خاولییشی بە پشتێنەکەی ناوقەدیەوە کردبوو، سەر کورسی و مێز کەوتبوو و خەریکی سڕین و پاککردنەوەی دیوار و دەر و پەنجەرە و بنمیچ بوو لەبەر میوانەکانی سبەینێ کە دەبوو هەر ماڵەی ئەو ڕۆژە وەکو میوانداری و (قبوڵ)ی تیا بگێڕرایە، وایان لە خۆیان دەکرد ئەویش لەبەر خۆهەڵکێشان و سنگدەرپەڕاندن کە هەرکەسە دەیویست بەوەی پێیان بڵێن ماڵەکەی چەند ڕێکوپێک و پاکوتەمیزە و خواردنەکانیان چەند خۆش و بەلەزەت بوون و چەند تێروتەسەل و حاڵ باش بوون، بۆیە مەلیحە خان دەیویست ئەو ڕۆژە زۆر خۆی و خەڵکی ماڵەکەی هیلاک بکات تاوەکو ئەوە بۆ میوانەکانی بسەلمێنێت.
خەسووی خەریکی کولیچەدروستکردن بوو و خۆی خەریکی جۆرێکی تری شیرینی و بۆرەک بوو. مێردی لە بازاڕ هاتبووەوە و پشتی ئۆتۆمبیلی بۆ پڕ کردبوو لە کیسەی میوە و خواردەمەنیی جۆراوجۆر، بە تایبەتی کە (ئوم باسل)ی ژنی وەزیریش سبەینێ دەهات و هاتنەکەیان زۆر لا گرنگ بوو. گوڵە ئەم بانگی دەکرد ئەو کیسەی پێ هەڵدەگرت، ئەوی دیکە پاڵی پێوە دەنا و دەینارده لای بێشکە و جۆلانەی منداڵەکە. ئیتر هەرایەک بوو نەبێتەوە.
پوورە شێخزادەی تەسبیحلەملیش سەری سووڕ مابوو و نەیدەزانی ئەمانە بۆ وا دەکەن، چونکە کەس ئەوەندە نەدەچوو بە لایدا و ئەو هەر زۆرتر خەریکی نوێژ و دووعاکانی بوو، لەگەڵ ئەوەشا حەزی دەکرد بزانێت کە ئەمە چییە و ئەم خەڵکە بۆ وا سەریان قاڵە.
بە ڕێکەوت گوڵە کە هەر بەملاولادا هەڵدەبەزی و ڕای دەکرد و نەیدەزانی بە قسەی کامیان بکات، کاتێ سێ چوار کەس بە جارێک بانگیان دەکرد، بە تایبەتی چرا خانی کچیان کە تاقەتی هیچی نەبوو و

باوک و دایکی ئەگەر ئیشێکیان پێ بسپاردایە، ئەویش هەر یەکسەر گوڵەی بانگ دەکرد، بە دووعا و جنێویێکەوە کە وەرە ئەو کارە بکە، دەی زوو. پـووره شـێخزاده کە بە رێـکەوت گـوڵە بە بەردەمـی ژوورەکەیدا تێ پەڕی، ئەویش بە پەرۆشـەوە ئیشارەتی بۆ کرد و گوتی ئا وەرە.

ئەویـش خـۆی کـرد بە ژوورەکەدا و دوای ئەوەی چڵمـی خـۆی هەڵلوشی و لوتی بە قۆڵی کراسەکەی سڕییەوە، وا دیار بوو هەندێ سەرمای ببوو، گوتی بەڵێ فەرموو چیت دەوێت؟ ئەوە شوکریە فێری کردبوو کە وا بڵێت. شێخزاده دەستی خستە سەر دەمی خۆی کە تازە تاقمی ددانەکەی بۆ تەواو بووبوو، بۆیە نەیدەتوانی بە باشی قسە بکات و بە هەندێ پتەپتەوە ڕووی کردە گوڵە و گوتی: گوڵە گیان ئەوە بۆ وا هەموو سەریان شپرزە بووە؟ کێ دێت؟

گوڵە هەڵبەزی و بە ڕوویەکی خۆشەوە جوابی دایەوە و گوتی: چۆن نـازانی؟ ئەی پێیـان نەگوتـووی کە سـبەینێ خـانم میـوانی دێـت و (قبوڵخـانەیە)؟ پـووره شـێخزاده لای وابـوو ئـاخۆ قبوڵخـانە چییـە و ڕەنگە میواندەرێک بێت پێوەندیی بە کاروباری برازایەکەوە هەبێت، بۆیە هەر زوو گوتی: ئۆخەی ڕەبی، خوا ڕزقتان بدات، دایکەکەم دە برۆ بە لای ئیشەکەتەوە و دوو سێ دووعای کرد و فووی بە دەوری خۆیدا کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی باش بوو پێش ڕۆیشتنمان ئەم قبوڵخانەیە کرا، با ئێمەش ببینین ئینجا بڕۆینەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی خەڵکی ماڵەکە هەر لە خانم و ئاغاوە تاکو میرزا و میرزاژنـی دایک و باوکیان تاوەکو منـاڵ و ئیشـکەرەکان هەموویـان دەتگـوت لە ئوتـوو دراون، وەکـو عەسـکەر وەسـتابوون و چـاوەڕێی تەشریفهێنانی میوانەکان بوون. جاری وا هەبوو گوڵەی نەگبەت لەتاو ئامۆژگـاری و هەڕەشـەکانی خـانمی نەیدەوێرا هەناسـەش بە بەرزی بدات و بکۆکێت و بپژمێت، بەڵام شوکریە چونکە دەمهەراش و گەورە بوو و لەگەڵ ئەم جۆرە خەڵک و خانمە خۆپەرستانە پڕ تەجرووبە و

تاقیکردنەوە بوو، بۆیە ئامۆژگاری و هەڕەشەکانی ئەوان لەم گوێیەوە دەهاتنە ژووریێ و لەوی تـرەوە دەچوونە دەریێ، هەرچەنـدە زۆر کچێکی دڵسۆز و ئیشکەرێکی لێهاتوو بوو، بەڵام ئەوەندە گوێڕایەڵی ئەو جۆرە ئامۆژگارییانە نەبوو.
لای پاشنیوەڕۆ بەرەبەرە ئۆتۆمبیل ڕیز بوون و میوان بە ڕازاوەیی و تریقوهوڕەوە کردیان بە ماڵدا. ئەوی چاویان لێ بوایە، دەیگوت ئۆهـ ئەم ژنانە چەند خۆشبەخت و دڵخۆشن، دەڵێی دونیا هەر بۆ ئەوان دروست کراوە، کەچی نەیاندەزانی کە بەشی هەرە زۆریان وانین، یەکی چەندەها تەگەرەی جۆراوجۆریان هەیە، هەر لەوەی وەکو ژنە زابتە گەورەکەی کە مێردەکەی بەو هەموو نەجمە و نیشانانەوە و بەو ژنە باشە و کۆشیێ مناڵەوە ئەوەندە نزم و سووک و نامەرد بوو کە شەوان بەبیێ شەرم دەچوو پەلاماری ئەو فەیروزە بەسەزمانەی دەدا کە بە ناوی ئیشکەر هاتبوو و نامەردێکی تر وەکو فرۆشتن پێی فرۆشتبوون.
یاخود یەکێکی وەکو ژنی ئەو دکتۆرە کەوا خۆی لە بەر چاوی خەڵک و ئەم ژنانە وا بەختیار و دڵخۆش پیشان دەدات کە زۆریان بەخیلیی پیێ دەبەن بێجگە لەوەی مێردەکەی دکتۆرێکی بەناوبانگە، حاڵیشی زۆر باشە و هەموو ساڵێک دەیبات بۆ سەفەری ئەورووپا، کەچی لە ڕاستییشدا هەر وەکو دایەنی مناڵەکانی و کەیبانووی دەستپوختی ماڵەکەی دەزانێت و ژنەکە خۆشی زۆر باش ئەوە دەزانێت. زۆر جار خوشکێکی یان برایەکی پێی دەڵێن تۆ بۆچی ئەو هەموو بێگوێدانانە قبوڵ دەکەیت؟ تاوەکو وای لیێ هاتووە کە لەگەڵی سواری ئۆتۆمبیل دەبێت کە بچن بۆ شوێنێک، تۆ پێی دەڵێی توخوا لە کاتی لێخوڕیندا ئەوەنـدە سـەیری ئەمـبەر و ئەوبەر مەکە، بە خـوا ئەگەر لە سـەر شەقامەکە یەکێکی بەنەوعێکم دیبێت، دەڵێم کە سەیری بکەیێ. هەر بەوەدا دەگەیت کە بانگی بکەیت دکتۆر، باوکی شەپۆل باوکی شەپۆل، سەیری لای دەستەڕاستت کە، وا کچێکی زۆر جوانی پانتۆڵەپیێ

بەرەو پیرمانەوە هات. خوشکەکەی لێی تووڕە دەبوو و پێی دەگوت: بە زیاد نەبێت، بۆچی تۆ دایک و خوشکی یان ژنی؟ ژن چۆن وا دەکات و ئەمە قبوڵ دەکات.

ئەویش وەڵامی خوشکی دەدایەوە و دەیگوت وەڵڵا کەیفی خۆیەتی، خۆم و ماڵ و مناڵەکەم لە ئیسراحەتداین و لە هیچمان کەم نییە و بە دڵی خۆمان دەکەین و دەخۆین، دەبا ئەویش هەر چاوی زاخاو بدات، بزانم چیی دەست دەکەوێت لە شەرمەزاری زیاتر. گوایە ئەم ژنە دکتۆرە گوێ ناداتێ و بە ناچاری خۆی وا ڕاهێناوە بەس نییە تێروتەسەلە و لە هیچی کەم نییە، نەوەکو ژنی ئەو کابرا دەوڵەمەندەی خاوەن ئەو شەریکە گەورەیە کە لەچاو هەموو ئەو ژنانەی تر ژنە ملیۆنێرە، کەچی ملیۆنێر بەگ تا کراسێکی بۆ دەکات، حەوت شەڕی لە دوا دەبێت، ڕۆحی ماڵ و منداڵی دەردەهێنێ تاوەکو دینارێکیان دەداتێ، ئەوەندە پیسکە و ڕەزیلە فلسێ دایکیەتی و فلسێ باوکی. ئەم ژنەش بۆ ئەم هەموو گەڕانانە دەچێت تەنها دوو کراسی هەیە کە هەندێ ژنی قۆشمە و گاڵتەچی لە ناو خۆیاندا ناوی کراسەکانیان ناوە سەدریەی مەکتەب یاخود ڕەسمی. ئیتر ئەمە هەر لەو کۆمەڵە ژنە سی چل کەسییە ئەوەندە لەم جۆرە ژنانە بەو هەموو تەگەرانەوە، ئاخۆ لە ناو کۆمەڵانی گەورەتر چەند ڕووداو و تەگەرەی سەیرتر هەبێت کە نەک تەنها پیاو غەدر لە ژن دەکات کە زۆرتری وایە، بەڵام لە ناو ژنانیشدا ژنی وا هەیە کە ڕاستەوخۆ دەبێ پێی بگوترێ ژان، چونکە هەندێکیان ئەوەندە بەدڕەفتار و بەدخوو و بێئابڕوون کە کۆشێ کوڕی زەبەلاح و کچیشیان هەیە، کەچی ناو و ناوبانگی ئەو مێردە قوڕبەسەرەیان و کەسوکار و منداڵیان دەخەنە ژێر پێیان و باکیشیان نییە. ئاخری ئەو میوانداریییەی ئەو ئێوارەیەش دوایی هات و هەموو بڵاوەیان لێ کرد.

پاکیزەی دراوسێشیان کە هەر لە زووەوە هاتبوو بۆ یارمەتیدانیان، بگرە ڕۆژێ لەوەوپێشیش هاتبوو و خەریکی دروستکردنی شیرینی

بــوو، دوای ڕۆیشــتنی میوانەکــان بە فرســەتی ژانــی ئیشــارەتێکی شـوکریەی کـرد کە بیبـات بـۆ لای پـوورە شـێخزادە تـاوەکو هەنـدێ دووعـای بەسـەردا بخوێنێت. پـاکیزە لە بەردەمـی پوورێدا دانیشـت و پەلاماری دەستی دا و ماچی کرد. چاوی پڕ بوو لە فرمێسک و گوتی: پوورە گیان، بە خوا خەریکن دووعاکانت دێنە دی، پوورێش دەسـتی کـردە ملـی و ددانە تـاقمەکەی هەنـدێ گـاز لـێ گـرت و هێنـا و بـرد، چـونکە هێشـتا بـاش ڕانەهـاتبوو لەگەڵیـان و گـوتی: دایـکەکەم یـاخوا مرادت حاسڵ بێت، بە دووعای من نەبێ بە هیی چاکان بێ، من حەدم چییە، ئەوە خوای گەورە ڕەزای لەسەرە، ئیشەڵڵا ئاواتت دێتە دی.

ست پاکیزە دڵی بە کوڕێکی دراوسێیانەوە بوو و زۆر حەزیان لەیەک کردبـوو، بەڵام دایکـی کـوڕەکە بووبـوو بە تەگەرە و بە کـوڕەکەی دەگـوت چـۆن ئەو پیـرەکچە دەهێنـی، پـاکیزە هەمـووی سـێ سـاڵ لە کوڕەکە گەورەتر بوو.

شەو دوای هەموو کارێک هەموو ئەهلی ماڵ لە هۆڵەکە بە دیار میرزا و میــرزاژنەوە دانیشــتن، بە تــایبەتیش کە ســبەینێ دەگەڕانەوە بــۆ سلێمانی. باسیش هەر باسی ئەم میوانداریيە بوو، خەسووی مەلیحە بە پڕمەی پێکەنینەوە ڕووی کردە بووکەکەی و گوتی ئەگەرچـی زۆر بـاش عەرەبـی تـێ نـاگەم، بەڵام ئەوە چـی بـوو هەمـوو میوانەکـان دەکەوتن بەملاولادا لەبەر پێکەنین و زوو زوو نـاوی (مـدير المـال)یـان بەسـەر دەمەوە بـوو؟ بووکەکەی بەدەم پێکەنینەوە کێشـای بە سـنگی خۆیدا، سەیری دەوروپشتی خۆی کرد کە مێردەکەی و خەزووریشـی لەوێ بوون و گوتی: ئەوە هەر لێ گەڕێ کە چی قەوماوە. مەلیحە بە شـەوق و گەرمییەوە کەوتە گێڕانەوەی باسـەکە: ئەوە ئەو ژنە باسـی دەکرد کە چووە سەری ماڵی باوکی بدات لە شـاری بـاقوبە، گوتی کە لەوێ بـووم، لە نـاو مـاڵە مەئموورەکـان دەنـگ بـڵاو بـووەوە کە مـاڵی (مدير المال)ێکی شێتۆکە هاتوون بۆ ئێرە. لەو شـارە بچووکـانەش کە مەئمورێک دەگۆڕێت و هیی تازە دێت، هەمـوو مـاڵە مەئمـووری ئەوێ

دەچن بۆ بەخێرهاتنی، خەڵکی وا هەیە دەعوەتیشیان بۆ دەکەن گوایە تاوەکو ماڵەکەیان دادەمەزرێنن.

مەلیحە لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی ئینجا ئەوانیش چەند ماڵێک کۆ بوونەتەوە و چوون بۆ بەخێرهاتنی ماڵی (مدیر المال)، یاخود سێ بەشیشی کەوا بە پەلە چوون، چونکە بیستبوویان کە هەندێ تەواو نین و بۆ ئەوەی بۆ خۆیان پێیان ڕابوێرن.

مەلیحە ڕووی کردە خەسووی و گوتی ئەو ژنە خۆشی چووبوو لەگەڵیان، دەیگوت تێ کەوتم باسەکەش و ماڵەکەشی ئەوەندە سەیر و عاجباتین کە خەڵک خۆی پێ ناگیرێ کە پێنەکەنێت پێیان و باسیان نەکات. ژنەکە گوتی کە چووین و لە دەرگامان دا، کچێکی بیست ساڵە هات و دەرگای کردەوە. هەر کە جەماعەت چاویان بە کچە کەوت، زانییان کە ڕەنگە ئەم ماڵە شتێکیان هەبێت. کچەکە لەوە دەچوو تازە لە حەمام هاتبێتە دەرێ، سەری بەستبوو، نەک بە لەچێک، بگرە بە متیلێک کە ئەوەندە لەچکەکەی ئەستوور و گەورە بوو، کراسێکی درێژی فشی وەکو هیی نوستنی بازە ئەستوورەکان لە بەردا بوو لەگەڵ چاکەتێکی چەسپی کورت کە زۆر بچووک بوو بۆی، لە سەرماندا هەڵدەلەرزی کە ئەو شەوە ئەوەندە سەرما نەبوو ئەگەرچی بارانیش دەباری. هەرچۆنێک بێت، کچە ئێمەی بردە ژوورێک، ئیشارەتی ژووری میوانی کرد و گوتی بڕۆن لێرە دانیشن تاوەکو دایکم دێت وا دەچم بانگی دەکەم.

گوتی چووین دانیشین، زۆربەی قەنەفەکان قاچێکی یا دوو قاچیان شکابوو، خشتێکی خرابووە ژێر و زۆپای قوپاوی بێسەر و مەکتەبەیەک لە ژوورەکەدا بوو هەندێ کتێبی تیادا بوو، بەڵام جامخانەکەی شکابوو، هەروا بێشووشە بوو، بۆفیەکیان دیسان قاچێکی شکابوو و خشتێکی لە ژێردا بوو و چەند بەلەم و کاشیی لەتکراوی تیادا ڕیز کرابوو. هەر دەتگوت لە کاتی ماڵگواستنەوەدا لۆرییەکیان لە سەر شاخێکەوە خراوەتە بنی شاخ، هەرچی شتی ئەم ژوورە بوو ئاوەها بوو.

ئەوەندی پێ نەچوو دایک هات ئەویش هەر وەک کچەکەی خۆی پێچابوو، بەڵام ئەوە لەوە دەچوو کە دەمێک بووبێ لە حەمام هاتبێتە دەرێ. ژنەکە سەکوتی خراپ نەبوو، ژنێکی بەمەعریفەت بوو، زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی هەموومانی کرد و هەر گورجیش داوای لێبوردنی لێ کردین کەوا هەموو شتەکانیان وا وردوخاش بوون لە کاتی ئەوەی کە گوێزراونەتەوە بۆ ئێرە. ژنێک لێی پرسی لە کوێوە گوێزراوەتەوە بۆ ئێرە، ئەویش گوتی لە شامیەوە، خوار خوارووی بەغدایە. ژنەکە کەوتە باسی شتەکانیان و هەر خۆی دەچەماندەوە و لە ژێر کورسی و قەنەفەکاندا شتی شکاوی دەردەهێنا.
ئەوەندەی پێ نەچوو کە کچێکی دیکەیان هات، ئەویش عەینی خوشکی بە لەچک و دیشداشەوە و بە سینییە چاوە، بەڵام چای چی، تاوەکو هێنابووی، پیاڵەکان نیوە بووبوون و ڕژابوونە ناو ژێرپیاڵەکانەوە. سینییەکەشی ئاوێکی زۆری پێوە بوو. کچە گوتی لێم ببوورن، حەوشەکەمان زۆر گەورەیە، تاوەکو لەوبەر هاتمە ئەمبەر، هەموو چایەکانم ڕژاند و پڕ بوون لە باران، چونکە حەوشەکەمان قەدیمییە و سەرداخراو نییە، ئێمە حەز لە خانووی قەدیمی دەکەین، حەزمان لەم خانووە سەرگیراوە قەبزانە نییە. میوانەکانیش هەموویان خەریکن بمرن لەبەر پێکەنین و هەر خۆیان ڕادەگرن. لە سەرێکیشەوە بەزەییان پیادا دەهاتن کە دەچوون هەر هیچیان نەماوە بەڵام ئینسان بە دەستی خۆی نەبوو هەر پێکەنینی دەهات.
کچێکی تریان هات کولیچەی پێ بوو، کولیچەکەی ئەو خراپ نەبوو، چونکە ئەو دیارە لەوانیتر ئاقڵتر بوو و غەزەتەیەکی پیادا دابوو تاوەکو هێنابوویە ژوورێ. دایکی کە دیی میوانەکان سەیری یەکتری دەکەن و بە چاو قسە لەگەڵ یەک دەکەن قسە و چاوتێبڕینەکانیانی پێ بڕین و گوتی: شکور من کچم زۆرە، شەش کچم هەیە، بەڵام یەک کوڕم هەیە، خزمەتکارتانە و ناوی محەمەدە. هەموو دووعایان بۆ کرد و ئاواتی خۆشبەختییان بۆ خواست.

کچێکی دیکە هات پیاڵەکانی کۆ کردەوە و بردیە دەرێ کە ئەوەندەی پـێ نەچـوو لە دالانەکە کە میوانەکـان بەوێـدا هـاتنە ژووری، بـوو بە مشـــتومڕێکی قـــایم و بـــوو بە شـــالاوبردن و تەپەتەپ، بە جۆرێـــک، میوانەکـان ترسـان و هەنـدێکیان هەسـتانە سـەر پـێ. کە سـەیر دەکەن ئەوا دیشداشـەلەبەرێک کە لەچکێکـی زۆر گەورەتـری بە سـەرەوەیە و زەمیلەیەکـی بە قـۆڵەوەیە و هەرچـی ئەو شـەش کـچە هەیە ناویـانەتە ژێـر خۆیـان و تێـی بەربـوون. میوانەکـان ڕاپەڕیـن و گوتیـان وەی بیسمیللا ئەمە چی قەوما، دایکی کچەکان کە زۆر تەبیعی و لەسـەرخۆ دانیشتبوو، ڕووی کردە میوانەکان و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: هـیچ نییە، ئەوە محەمەد گیانە، دەیەوێت بچێت بۆ ئەو دوکانە میوە بکڕێت، ئەوە خوشکەکانی ڕای دەسپێرن کە چی بێنێت، چونکە لەم نزیکانە تـا درەنگیش دوکانی میوە و ئەو جۆرە شتانە هەر هەیە.

میرزای خەزووری مەلیحە خـان هـاتە قسـە و دەسـتی دا بە دەسـتدا و بە گوێدانەوە و زەردەخەنەوە گوتی: وەڵڵا بابە ئەمە ئەم قسـانە ئەگەر ڕاسـت بـن، هەر سـینەمایەکە بـۆ خـۆی نەک گـاڵتە. بـووکەکەی دایە پڕمەی پێکەنین و بە ئەسپایی گوتی بە خـوا مـامە گیـان، ژنە قورئـانی خوارد و گوتی چۆنتـان بـۆ دەگێڕمەوە وایە و یەک حەرفـی درۆ نییە. ئەم جـارە مێـردەکەی بە دڵ پێکەنیـی و گـوتی: ئـێ توخـوا بە ڕاسـتی دەردی بـاوکم دەفەرمـوێ، ئەمـانە هەر سـینەمایەکن بـۆ خۆیـان، هەقە بیکەن بە فیلم. ژنەکەی گورج گوتی. بە خوا ڕەنگە کەس باوەڕ نەکات و بڵـێن دە بـڕۆن بـابە، چـۆن ئێسـتە لەم عەسـر و زەمـانە خەڵکـی وا ماون و هەن کە بە خێرێ مەئمووریش بن.

لوتفی خـانی خەسـووی ڕووی کـردە جەمـاعەت و گـوتی ئێـوە جـارێ بێدەنگ بن با هەموویتان بۆ بگێڕێتەوە.

مەلـیحە بە خۆشـییەوە درێـژەی دا بە قسـەکانی، ئینجـا ژنەکە گـوتی: زۆری پـێ نەچـوو تەقەی دەرگـا و تەپەتەپ و بە پەلە ڕاکـردن پەیـدا بـووەوە، بـۆیە زانیمـان ئەوە مـحەمەدە و لە بـازاڕ هـاتووەتەوە، دوای

بەینێک قسە و باسی ماڵگواستنەوە و شارەوشار کرا و یەک دوو ژنیش باسی خۆیان کرد کە سینییە میوە هاتە ژووریٚ ئەویش خورا، بەڵام دەیگوت خۆزگە لەویٚ بوونایە و بە چاوی خۆتان بتاندیایە چۆن ئەو هەموو کچە زەبەلاحە دیشداشەلەبەرە بەو هەموو سەر و لەچکەوە چۆن بوون و چییان دەکرد و چۆن ئەو میوەیان دابەش دەکرد. هەرچۆنێک بوو، هەموو شتێک تەواو، ئیتر میوانەکان هەستان بڕۆن. هەر کە هەستان، یەکیٚ لە ژنەکان کە زۆر گاڵتەچی بوو و پیرەکچیش بوو و هێشتا شووی نەکردبوو. ژنەکە گوتی: لە ناو هەموویاندا ئەو هەڵی دایە و گوتی بە خوا زۆر حەز دەکەین سەیری خانووەکەتان بکەین کەوا دەڵێن زۆر گەورە و خۆش و قەدیمییە. ژنە خاوەن ماڵەکە گوتی وەی بە سەر چاو، فەرموون با بچین. مەلیحە دیسان دەستی کێشا بە سنگی خۆیدا و گوتی ئەمەیان لە هەمووی خۆشترە. ژنەکە گوتی کە چووینە حەوشە، باران دەباری، بۆیە هەر زوو بڕیمان و چووینە ئەوبەر، لە خواری حەوشەکەشی چێشتخانە و حەمام بوو، حەمامەکە هێشتا چراکەی دەسووتا و خەڵکی تر خۆیان دەشت. جەماعەت گەیشتنە ژوورەکان و دایکی کچەکان گوتی یەکەم ئەوە ژووری من و باوکی محەمەدە، بەڵام هێشتا بە باشی ڕێک نەخراوە، دەی فەرموون. هەر کە کردمان بە ژووردا، چاوتان بەد نەبینێت یەکسەر مریشک هەڵبەزین و بوو بە قڕەقڕ و فڕین، هەموو ژنەکان دەستیان بە سەری خۆیانەوە گرت ئەیەڕۆ ئەیەڕۆ ئەمە چییە بەقوربانە. سەیر دەکەن هەموو مریشکەکان لەسەر ئاسنی قەراغ جێگە دووکەسییەکەیان هەڵنیشتوون، کە ئەمان چوونە ژووریٚ، ترسان و هەموو بەملاوئەولادا فڕین، خاوەن ماڵەکە گوتی باوکی محەمەد مریشکەکانی زۆر خۆش دەویٚ. ئەمشەو بارانە و جێگە و کولانەیان هێشتا بۆ دروست نەکراوە، بۆیە هێناونی بۆ ژوورەکەمان. هەموو گوتیان ئاخر چۆن دەبێت، ئەی ڕیقنە ناکەن؟ پیسایییەکەیان چۆن و چی لیٚ دەکەن، گوتی بلێین چی، بە خوا باوکی محەمەد

مریشکەکانی لە منداڵەکانی خۆشتر دەوێت. ئەمانە لەوێوە لەگەڵمان هاتوون، هەموویان جوچک بوون و خۆی بەخێوی کردوون. ئیتر ژنەکان هیچیان بۆ نەمابووەوە کە بیڵێن لەوە زیاتر کە تا زووە ڕاکەنە دەرێ و لە کۆڵان بەو شەوە تێر پێبکەنن، ڕاکەنە ماڵەکانیان و بڵێن یاڕەبی تۆبە خوایە، ئەوە بەشەری واش هەن و ماون؟

***

ئێوارە درەنگ بوو و دونیاش سارد بوو، کزەبایەکی هەندێ توند هەڵی کردبوو لەگەڵ بارانێکی بەخوڕ. منداڵ و باوکیان گەڕابوونەوە ماڵێ و هەریەکەیان خەریکی جێبەجێکردنی پێویستییەکانی خۆیان بوون. شەڕەشەقی منداڵ و هەڕەشەی دایک و باوکیان کە بێدەنگ بن و خەریکی دەرس و دەورتان بن، هەمووی تێکەڵی یەک بووبوون. کچ و کوڕە گەورەکانیش خەریکی بەزمی هەمیشەیی خۆیان بوون، ئەویش تەلەفونکردن لەگەڵ هاوڕێکانیان. وەکو هەموو جارێکیش چرا خان تەلەفونەکەی بەرنەدەدا و براکەی زووزوو دەچووە سەری و دەیگوت زووکە منیش ئیشم هەیە، دیسان دەبووە شەڕیان و شالاوبردن بۆ یەک.

گوڵە وەکو تۆپی فتبۆڵ بوو بە دەست هەموویانەوە. ئەم بانگی دەکرد، ئەو دەیدایە بەر چەپۆک، ئەم دەیشیڕاند بەسەریدا. ئەویش هەر چاوی لە کاغەزە یارییەکانی بوو کە کەی بەرۆکی بەردەدەن تاوەکو بچێت لەگەڵ کچە هاوعومرەکەیدا یاری بکەن. شوکریە دیسان لە ماڵ نەبوو و چووبووە لای پوورە فەهیمە و فەیروزە، چونکە ناردبوویان بەدوایدا. خانم و ئاغاش کەوتبوونە مەراقەوە و حەزیان دەکرد زوو بگەڕێتەوە تاوەکو بزانن چی قەوماوە. ماڵەکەی مەلیحە خان بەو هەموو شەڕەشەقی منداڵەوردکە و بەو هەموو شریخە و شاتەی کچ و کوڕە گەورەکەوە دەتگوت لایەکی ماڵەکە باری کردووە و چۆڵ بووە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو بەیانییە میرزا و میرزاژن و شێخزادەی تەسبیحەمل گەڕابوونەوە سلێمانی.

مەلیحە دەیگوت: وای چەند جێیان خاڵییە، عوسمانی مێردی دەستی دەدا بە دەستدا و دەیگوت: هەر لێ گەڕێ، بە خوا ماڵەکە بووە بە ئاشی ئاوکەوتوو و دەڵێی ئاشی بەتاڵە. بە ڕاستی جێگەیان زۆر دیارە. ئێستە ماڵی خۆیان خۆشیی تێ کەوتووە، چونکە گەڕاونەتەوە و ئێمەش وا نارەحەتین بۆیان. بە ڕاستی ژیان زۆر سەیرە. هەر کە یەکێکی خۆشەویست دێت بۆ سەردانی ئێمە، هەر کە گەیشت، من گورج بیر لە گەڕانەوەکەی دەکەمەوە و دڵم دەگوشرێ، من چاوەڕوانیم لا خۆشترە، چونکە دەڵێم ئێستە دێن و دڵم خۆش دەبێت.
مەلیحە خان لەپڕ قسەکەی گۆڕی و بە هەندێ تووڕەییەوە ڕووی کردە مێردەکەی و گوتی: ئەوە بە ڕاست، بێستوونی مامت تاوەکو کەی لێرە دەمێنێتەوە. مێردەکەی سەری سووڕ ما و گوتی: بۆچی؟ ئەمە چ پرسیارێک بوو، بێستوون کەیفی خۆیەتی و ماڵی خۆیەتی و چ ڕێگەیەکی لێ نەگرتووین. هەندێک جار دێت و دەڕواتەوە دەرێ، هەر کەسیش پێی نازانێت ئەو هاتووە لەبەر ئیش و کاری خۆی و دوکانەکەی، نەهاتووە لە لامان بمێنێتەوە یا لەسەر ئێمە پەکی کەوتبێ؟
مەلیحە خان لەم وەڵامە دوورودرێژەی مێردەکەی ئەوەندەی تر لە دڵەوە تووڕە بوو. بۆیە تۆزێ دەنگی بەرز کردەوە و گوێی نەدایە ئەوەی کوڕە بچکۆلەکەی خەبەری دەبێتەوە و گوتی: تۆ ئاگات لە چییە؟ تۆ کەی لە ماڵی ئاغا؟ لەگەڵ شوکریە شێت هەر بە ئاشکرا خەریکن چاوبڕکێ لەگەڵ یەک دەکەن. ئەو شێتە ئاگرتێبەربووە کە کوڕێک و پیاوێک دێنە ئەم ماڵە، خەریک دەبێت بیانکاتە کۆڵ ئەوەندە بە دەوریاندا دێت و دەڕوات و خزمەتیان دەکات، هەر بە زۆری زۆرداری شت دەخاتە بەردەمیان و دەرخواردیان دەدات. هەرچەند ئەو کەسە پێی بڵێت زۆر سوپاست دەکەم پێم ناخورێت، تێر تێرم، بەڵام فایدەی نییە و واز ناهێنێت، وەکو بنێشت پێیانەوە دەنووسێت و هەر دەورخولیان دەدات، بە تایبەتی بۆ بێستوون هەر بە جارێک هۆشی نەماوە. ئەو ئێوارەیە کاتێ بێستوون کردی بەماڵدا، سینییە

چـایەکەی کە دەیبـرد بـۆ مـام و ئـامۆژنم، بە پیـاڵەی پـڕ لە چـاوە لە دەست بەربووە خوارێ.
عوسـمانی مێـردی ئەوەنـدەی تـر سـەری لەم حەکـایەت و باسـانەی ژنەکەی سووڕ ما و بە تووڕەبوونەوە گوتی: کچێ بۆ خـاتری خـوا، بێسـتوون کەی لەو کەسـانەیە، بـۆ خـاتری خـوا قسـەی وا لە دەمـت نەیەتە دەرەوە نەوەکا بەر گوێی بکەوێت، دوایـی حەیامـان دەچێت و تاوەکو ماوین جارێکی تر سەر ناکات بە ماڵەکەماندا، ئەوە مـن زۆرم لـێ کـرد ئەگینـا نەیدەویسـت بێـت بـۆ مـاڵی ئـێمە. دەیگـوت ئوتێـل و ناوشـار باشـترە بـۆ مـن و نزیکـی ئیشـەکەمانە، ماڵەکەتـان دوورە، بەیانیان لەبەر قەرەباڵغیی ئۆتۆمبیل و ڕێگە زۆر جار لە چاوپێکەوتن و مەوعیدەکانم دوا دەکەوم. دوای ئەوە، شـوکریەی قوڕبەسـەر خـۆی وا دەمبەپێکەنـین و بەخـزمەتە و هەمـوو کەسـێکی وا خـۆش دەوێـت، زۆر دڵسۆز و دڵپاکە، بزانە چیی بۆ ئـەو کـچە بـادینییە کـرد و چـۆن ئامـادە بـوو بـۆی بچێـتە حەپسـخانەوە هەر ئەو لە دەسـت مـاڵی ئەو زابتە نامەردە ڕزگار بکات. ئەوە تـۆ بـۆ وا بیـر دەکەیتەوە؟ تـۆ لە کـن خۆت ژنێکی بەدین و بەویژدانی.
مەلیحە خان ئەوەندەی تر لەم قسانە تووڕە بوو و دەستی دا بەیەکدا و گـوتی: کەواتە مـن بێـویژدان و بێـدین و بوختانکەریشـم. مەلـیحە دەستی ڕاوەشاند و گوتی: کوڕە بە خوا من درۆ ناکەم، خۆزگە ئێستە ئامۆژنم لێرە بوایە تاوەکو لێت بپرسیایە کە بـۆچی سـینی و پیاڵەکـانی لە دەست بەربووە خوارێ.
عوسـمان کە هەر لەسـەر سەرسـووڕمانەکەی خـۆی مـابووەوە، بەدەم هەڵچوونەوە گوتی: بێسـتوون هەرزەکـارە؟ بێـژن و بێمـاڵە؟ بـاوکی سـێ منداڵ نییە؟ کوڕە باوکم بە خوا قسەی وا هەر کفرە خەڵک بیکـات. مەلیحـە بە تەوسەوە پێکەنیی و وەڵامی مێردەکەی دایەوە و گـوتی: ئۆهـ لە بەری مرم. تۆ لە هەموو کەس زیاتر بێستوون دەناسیتەوە. کێ بـوو کە باسـی ڕۆژی چوونە فرۆکەخانەکەی دەکرد کە لەوێ چۆن خەریـک بـوو لەگەڵ

دوو پیاوی عەرەب ببێتە شەڕ و لەیەکهەڵدان لەبەر ئەوەی بێستوون بەگ کەوتبووە چاوبڕکێ و شوێنکەوتنی خوشکی یەکێ لەو دوو کەسە. خەریک بوو پۆلیستان بۆ بانگ بکەن و حەیای تۆش بەرێت. دە پێم بڵێ دەی ئەوە کێ بوو کە ئەم قسانەی گێڕایەوە؟ تۆ نەبووی؟

عوسمان بە توندی وەڵامی دایەوە و گوتی:

کچێ ئەوە کەی وابوو و کەی من وام گوتووە. من گوتم کاتێ کە لەگەڵ ئەو خەڵکە زۆرە ڕاوەستابووین، ئەشهەدوبیللا کچەکە شەڕی پێ دەفرۆشتین. ئێمەش چاوەڕێی بەختیاری برایمان دەکرد کە بێتە دەرەوە، ئیتر ئەو کچە هەر شەڕی پێ دەفرۆشتین، خۆ کچی ئێستە ئەوان شەڕ بە کوڕ دەفرۆشن، کوڕەکان بەشەرمترن لە کچەکانی ئەم زەمانە. ئیتر ئەم قسەیەت بۆ وا گەورە کرد و کردت بە نامە حەکایەت. مەلیحە خان بەدەم هەستانەسەرپێوە گوتی:

دەی دەی، بۆی پینە بکە، خۆشت شەریکی بوویت و هەردووکتان پێکەوە بوون.

مەلیحە وای گوت و لێی دا و لە ژوورەکە چووە دەرێ، چاوەڕێی وەڵامی مێردەکەی نەکرد کە بێگومان زۆر توندوتیژ دەبوو، چونکە ئەوە بوختان بوو بۆی کرد کە لە ڕاستیدا عوسمان وانەبوو، بە حورمەت و بە ئەخلاق ناوی دەرکردبوو، بەڵام بێستوون هەندێ چاوبڕکێکەر بوو ئەگەر بۆی بلوایە.

لە کاتی ئەو مشتومڕەدا شوکریە لە ماڵی باجی فەهیمە و فەیروزەوە گەڕابووەوە. کە گوێی لە دەنگی بەرزی قڕەی ئاغا و ئاغاژنی بوو، بە حەپەساوی لە دالآنەکەدا ڕاوەستا و گوڵەش بە هەڵەداوان ڕای کرد بۆ لای و باوەشی پیادا کرد.

شوکریە بە شپرزەیی و چرپەوە پرسیی کە ئەمە چییە؟ خانم و ئاغا بۆ تووڕەن و شەڕیانە؟

گوڵەش لوتی خۆی هەڵلوشی، سەری نایە پەنا گوێی شوکریە و گوتی باسی تۆ و باسی کاکە بێستوون دەکەن. باسی سینییەکە دەکەن کە

ئەو ڕۆژە لە دەستت کەوتە خواریٚ و پیاڵەکان شکان و من هاتم لەگەڵتا کۆم کردنەوە. گوڵە هێشتا ویستی لەسەری بڕوات کە شوکریە بە تووڕەبوونەوە چەپۆکێکی ئەسپایی پیادا کێشا و گوتی: بەسە کچەتیو، بەسە چیت کرد، دەڵێی بەڕووت لە دەمدا هەڵتۆقیوە. شوکریە وای گوت و مەلیحە خان لەسەر سەری حازر بوو. شوکریە ویستی خۆی گێل بکات کە ئاگای لە هیچ نەبووە و تازە کردوویەتی بە ماڵدا، بۆیە عەباکەی لە خۆی کردەوە و خستیە سەر قۆڵی و بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: خانم وەڵڵا شکور هیچ شتێکی خراپ نەقەومابوو، بۆیە ناردبوویان بەدوامدا چونکە شکور دایک و کەسی فەیروزە هاتبوون. مەلیحە خان نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات و بە یەک شریخە قیژاندی بەسەریدا و گوتی: نامەوێت هیچ بزانم، ملی تۆش و ئەوانیش دەشکا. وای گوت و لێی دا چووە حەوشە بەرەو حەمام.
شوکریەش بە شپرزەییەکەوە لەگەڵ گوڵە شوێن یەک کەوتن و چوونە ژوورە بچکۆلەکەی خۆیان.
ئەو ڕۆژە ماڵەکە تا چەند سەعاتێک بێدەنگ بوو، تاوەکو مناڵەکانیش نەیانئەوێرا ورتەیان لە دەمەوە بێتە دەریٚ، هەرچەندە جاربەجار گوڵە سەرەتاتکێی لەگەڵ دەکردن، ئەوانیش بە ئیشارەت بانگیان دەکرد. دوای بەینێک بێدەنگی چرا خانم بانگی گوڵەی کرد و هەندیٚ لەسەرخۆ، بەڵام بە دەموچاوێکی گرژەوە ڕووی کردە گوڵە و گوتی: ئەوە چییە؟ دایک و باوکم بۆچی شەڕیان دەکرد؟ بەدەم قسەکەیەوە دەستی هەڵبڕی و تا خوا هێزی دایە، یەک چەپۆکی کێشا بە سەری گوڵەدا و گوتی: ئەوە دیسان چیت کردووە و چیت شکاندووە؟ گوێم لە باسی شکاندن بوو.
گوڵەش لچی شۆڕ کرد و فرمێسک لە چاوی دەرپەڕین، خەریک بوو قسە بکات و شتێک بڵێت کە پاڵێکی پێوە نا و گوتی بڕۆ بڕۆ عەمرت نەمێنیٚ. گوڵە لە ترساندا و بەدەم گریانەوە ڕای کردە ژووری خۆیان بۆ لای شوکریە و دایە هاڕەی گریان. شوکریە پەلاماری دا و گوتی:

بۆ بۆ چی بووە؟ کچێ وس بە دەنگ بەرز مەکەرەوە. گوڵە دەستی نایە سەر سەری و گوتی چرا خان لێی دام و بۆ شوکریەی گێڕایەوە کە چی بووە. شوکریە بە دڵپێوانێکەوە سەری گوڵەی نا بە سنگی خۆیەوە لە ژێر لێوەوە گوتی: ئۆهـ دەستی بشکێت، ئەوەیە کە دەڵێن بە کەر ناوێری بە کورتان شێری.

ئەو ئێوارەیەش ماڵەکە هەروا ئاسایی و تەواو نەبوو، ئەگەرچی منالان کەوتبوونە ڕاکەڕاکە و یاری و بەزمی خۆیان. شوکریەش بە بێدەنگی دەچوو ئیشەکانی خۆی هەموو جێبەجێ دەکرد و پێویستییەکانی ماڵەکەی ئامادە دەکرد. دوایش چووە ژوورەکەی خۆی، شەو داهات و هەرکەسە چووە سەر جێگەی خۆی. گوڵە هەر زوو نوست، شوکریەش هەر ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد و بیری لەم شەڕەی ئەمڕۆ دەکردەوە. لە دڵی خۆیدا ئەم خەیاڵانەی دەکردەوە و قسەکەی مەلیحە خانیش زوو زوو وەکو کوتەکێک بە سەریدا دەماڵڕا. نامەوێت هیچ بزانم، ملی تۆش و ئەوانیش بشکێت. باشە ئەم ژنە بۆ وا دەکات؟ منی چی و بێستوونی چی؟ کەی لەبەر ئەو پیاڵە و سینی لە دەستم کەوتووەتە خوارێ. دە وەرە چاکە بکە، کە کوڕەکەی بە بەردەممدا ڕای کرد، لە ترسی ئەوەی خۆی لە سینییەکە نەدات و چایەکان بەسەریدا نەڕژێت، ئیتر خۆم لادا و شڵەژام و سینییەکەم لە دەست بەربووە خوارێ. خوایە گیان ئەم خەڵکە بۆ ئەوەندە بێدین و بێویژدانن، منی چی و بێستوونی چی، منی نەگبەت دایم قۆڵم هەڵماڵراوە و بۆنی چێشت و ڕۆن و پیاز و کزە و کەبابیانم لێ دەفڕێ، ماوەم نییە سەریشم بە جوانی بشۆم ئەوەندەم بانگ دەکەن و ئیشم بەسەردا دەدەن. ئێستە من دەچم چاوبڕکێ لەگەڵ ئەو کوڕە دەکەم؟

خۆ ئەگەر وابێ، بۆچی بۆ ئێمەمانان خۆشەویستی و دڵپیاچوون حەرامە، ئێمەش بەشەر نین؟ وەکو ئەوان دڵمان نییە؟ هەستمان نییە و ئارەزوو و ئاواتمان نییە؟ لە دار و بەرد دروست کراوین، مێشکمان داخراوە یا چی؟ یا هەر دەبێ فەقیر و بێچارە لە ژێر پێ بن و

دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار و دەستڕۆیشتوو لە سەرەوە بن و هەموو شتێک حەڵاڵی ئەوان بێت.
شوکریە زۆر دڵی تەنگ بوو و لە ناو جێگەکەیدا تێر گریا و شەرت و قەولێکی لەگەڵ خۆی بەست و گوتی: ئێ خوا یار بێت با بەیانی بێت. ئیتر شوکریە بەدەم فرمێسکەوە خەوی لێ کەوت، بەیانی زوو هەستا و گوڵەشی خەبەر کردەوە. هەستا ئیشەکانی هەموو کرد و نان و بەرچایی ئامادە کرد. دواییش چوو کەلوپەلەکانی خۆی و گوڵەی ئامادە کرد و گرتی بە دەستیەوە. گوڵەش پریاسکە و کیسەکەی هەڵگرت و بە جووتە چوونە بەردەمی خانم و ئاغا کە خەریکی بەرچاییکردن بوون و لەگەڵ یەک قاقای پێکەنینیان بوو، هەر وەک نە بایان دیبێ و نە باران، شەڕی چی و حاڵی چی، بۆیە شوکریە ڕووی تێ کردن و گوتی خانم و ئاغا گیان،ماڵتان ئاوا بێت ئێمە ئیتر دەبێ بڕۆین. خانم پیاڵە چایەکەی دەستی دانا و چاوی زەق بوو، هەستایە سەر پێ و گوتی: ئەوە تۆ چی دەڵێیت و بۆ کوێ دەچیت؟ گوڵە بۆ کوێ دەبەیت؟ خۆت دەڕۆیت کەیفی خۆتە، گوڵە چۆن دەبەیت؟ تۆ هەقت نییە بەسەر ئەوەوە، تۆ بۆچی دەڕۆیت؟ چی بووە و بۆچی بەجێمان دەهێڵی؟ دەبێ ڕاوەستی تاوەکو خەڵکی تر پەیدا دەکەین، ئیتر خانم وەک شێتی لێ هات.
جار ڕووی کردە شوکریە و جار پەلاماری مێردەکەی دەدا کە بۆچی قسەیەک ناکات و چۆن ئەمان بڕۆن، ئەی ئەو چی بکات و کێ ئیشی بۆ ڕاپەڕێنێت؟ کێ نان و خواردنی بخاتە بەردەم؟ کێ ماڵی بۆ بلێسێتەوە، کێ جلی بۆ بشوات و بە قەدکراوی و ئوتووکراوی بیباتە لای. ئیتر چۆن لە لای هاوڕێ و دەستەخوشکەکانی خۆی هەڵکێشێت و فەرمان بەسەر کارەکەرەکانیدا بکات. ئیتر خانم هەر ئەوەی نەمابوو کە لە داخاندا ببووریێتەوە. شوکریە و گوڵەش هەر وا سەیری دەمیان دەکرد و ماوە نەبوو کە شوکریە قسەیەک بکات.
شوکریە گوڕی دایە خۆی و گوتی: وەڵڵا خانم گیان، سوپاستان دەکەم و ماڵتان ئاوا بێت، ئەگەر مانگانەکەم دەدەنێ باشە ناشمدەنێ

هەر دیسان ماڵتان ئاوا بێت. من دەبێ بڕۆم، چونکە شوو دەکەم، ئەمڕۆ لە مەحکەمە مارەم دەکەن. خانم قیژاندی و گوتی ئەی گوڵە بۆ کوێ دەبەی؟ تۆ هەقی ئەوت چییە؟ شوکریە لەسەرخۆ گوتی: ئاخر خانم گیان شوو بە باوکی گوڵە دەکەم و هەرسێکمان دەڕۆینەوە بۆ خانەقین. باوکی گوڵە لەوێ ئیشێکی باشی پەیدا کردووە.
خانم دیسان چوو بە ئاسماندا، ڕووی کردە مێردەکەی و گوتی: پێم نەگوتی هەرچەندە باوکی گوڵە دێت بۆ سەردانی کچەکەی، دەبێتە چرپەچرپیان لەگەڵ یەک، خانم هەر خەریکی سفرە و سینی دەبێت کە بیخاتە بەردەمی. لەم ماوەیەدا باوکی گوڵە زووزوو دەهات و دوێنێش هات. ئەوسا دوو مانگ جارێک دەهات، ئێستە هەفتەی جارێک.
شوکریە لەسەرخۆ گوتی: وەڵڵا خانم گیان دەمێکە ئەو تەگبیرەمان کردووە. پیاوەکە زۆر کوڕێکی باش و بەحورمەت و پاکوتەمیزە، گەنجە و عومری هەر وەکو منە، ڕەنگە پێنج ساڵێک لە من گەورەتر بێت و زۆریش بە دڵمە، بە تایبەتی کە کچەکەیشیم زۆر خۆش دەوێت و وەکو کچی خۆم وایە. گوڵەش باوەشی پیادا کرد و بە خۆشییەوە گوتی: بە خوا منیش تۆم خۆش دەوێت. خانم هیچی بۆ نەمایەوە و وەک شێت ڕای کرد بەرەو تەلەفون و گوتی: دەچم پۆلیست بۆ بانگ دەکەم.
شوکریە پێکەنیی و گوتی: بۆ خانم گیان چیم کردووە، خوانەخواستە چیم لێ دزیوی؟ شوکریە و گوڵە لێیان دا و ڕۆیشتن. خانم و مێردەکەشی پەلاماری یەکیان دا لەبەر ئەوەی گوتی دەچم پۆلیست بۆ بانگ دەکەم.
شوکریە و گوڵە بە هەڵەداوان لە ماڵەکە چوونە دەرێ لە دوای ئەوەی هەموو جانتا و پریاسکەکانیشیان لە بەر چاوی خانم و ئاغا هەڵتەکاند. شوکریە دەستی گوڵەی گرت و لە جادەکە پەڕینەوە، ئیتر وردەوردە لە بەر چاو گوم بوون و ڕۆیشتن.

**گەلاوێژ**

**لەندەن**

**١٩٨٧/٧/٤**